# تێکشکانی چەپ
## لە کوردستان

ئەزموونی کۆمۆنیستی کرێکاریی

# تێکشکانی چەپ
## لە کوردستان
### ئەزموونی کۆمۆنیستی کرێکاریی

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٨

ناوی کتێب: تێکشکانی چەپ لە کوردستان
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
تایپ: نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٤٠٩) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

# پێشەکی

بەو پێیەی زێتر لە هەشت ساڵ کادر و ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بووم، ئاگاداری کۆی وردەکاریی و بنەما سیاسیی و فیکرییەکانی ئەو تەوژمەم. بە پێویستم زانی چەند سەرە قەڵەمێك دەربارەی ئەو رەوتە بخەمەڕوو، بە تایبەت زۆر کەس لە ئەندامان و هەوادارانی حزبی کۆمۆنیست تەفسیرێکی جیاتریان هەبوو بۆ هۆکاری وازهێنانم لەو حزبە، هەندێك دەیانوویست بڵێن کێشەی شەخسیی هەبووە و هەندێکی تر هەر لە بنەماوە منیان بە کەسێکی وردە بۆرژوازیی لە قەڵەم دەدا کە هەرگیز نابمە میتاڵێکی لەبار بۆ کۆمۆنیزم و چینی کرێکار!!. لەوانەشە زیادەڕۆییش کرا بێت، چوونکێ کۆمۆنیستە کرێکارییەکان فێرن هەر کەسێك وازیان لێ بهێنێت و ریزەکانیان جێبهێڵێت، یان رەخنەی لێیان هەبێت بە دۆڕاو و جاش قەڵەم و کۆنەپەرست و عەمیلی ئەملا و ئەولا لە قەڵەمی بدەن.

ئەم نووسینە لە چەند زنجیرەیەك پێکهاتووە و بڵاو دەکرێتەوە «رەنگە لە داهاتوودا ببێتە پرۆژەی کتێبێك» کۆی روانگەی منە لە هەمبەررەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و هیچ باکیشم نییە چۆن و بە چ شێوەیەك بەرسڤم دەدەنەوە و دڵی هیچ کەسیش راناگرم، چوونکە ئەمەیان ئەوپەڕی ناڕەوایەتییە، هەروەك (مەحموود ئەمین ئەلعالەم) لە کتێبی (هۆشیاریی و هۆشیاریی ساختە لە بیری هاوچەرخی عەرەبیدا) دەڵێت (دڵڕاگرتنی مرۆڤێك، هەر مرۆڤێك بێت رەوا نییە ئەگەرلەسەر حیسابی راستی بێت، تەنانەت ئەگەر لە ناوچوارچێوەی کەڕیشدا

بێت).. گرنگ ئەوەیە ئەم نووسینە هەڵوێستی منی تێدا چڕکراوەتەوە دەربارەی ئەوتەوژمە، هەرلە ناوئەم چەند سەد دێڕەدا حەقیقەتی ئەوجووڵانەوە سیاسییە وهۆکارەکانی وازهێنانم بە ڕەوانی بە دیاردەکەون.

هەروەها ناتوانم ئیدعای ئەوە بکەم ئەووشانەی لێرەدا دەیانووسم تەنیا قەناعەتی من بووە و هەربە تەنیاش من پەیم پێ بردوون، بەڵکو ئەمە قەناعەتی زۆرهاوڕێی تریش بوو، بگرە هەندێکیان هاوکاریان کردم بەشێوەیەکی مەعنەویی تا بتوانم کامڵ بم و ڕەخنە و ناڕەزاییەکانم لە چەند شتێکی تاکتیکی حزبیی و کارگێڕییەوە بگۆڕم بۆ ڕەخنەیەکی قووڵی ستراتیژیی و فیکریی، تەنانەت ئەوەبوو هۆی ئەوەی نەك هەربە تەنیا حزبێك تەڵاق بدەم، بەڵکووای لێکردم خۆم لە هەرتەڵەیەکی ئایدۆلۆژیی قووتاربکەم بە تایبەتی مارکسییەتی مۆدیل بەڵشەفیکیی، هەروەك (کارل پۆپەر) دەڵێت وەك تەڵەی مشك وایە هەردەبێت لە ١٨ساڵیدا بتگرێت!!. ئیتر بەوجۆرە کەوتمە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی قووڵ، ئاکامیش گەیشتمە ئەوبڕوایەی مرۆڤ زۆرلەوە سەرکەشتروبە تواناترە ئایدیا و دیسپلین و چوارچێوەیەکی فیکریی یان حزبیی سنوور بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی دابنێن وروانین و سەرچڵییەکانی دیل بکەن.

وەلێ ناونیشانی بابەتەکەم لەسەروەزنی هەمان تێزەکانی مارکسە (چەند تێزێك دەربارەی فیۆرباخ)، بەڵام من هەرگیزلافی فەیلەسووفبوون و بیرمەندبوون و تەنانەت ڕۆشنبیربوونیش لێ نادەم، بەڵکو کرۆکی مەبەستم لەوەدا کۆ دەبێتەوە تێبینی و سەرنج و ئەزموونم لە بارەی ڕەوتێکی سیاسییەوە بخەمەڕوو کە پێم خۆش بێت یان نا ئەوە قۆناغ و بەشێکە لە ژیانی سیاسیم و چەند ساڵیش بیرکردنەوەمی داگیرکردبوو. هەوڵ دەدەم خۆشم بە دووربگرم لە بوختان و مهاتەرات و ناوزڕاندنی هەرکەسێکی دیاریکراو، بۆیە هەرگیزجگە لە ناوی ژوبین رازانی (مەنسور حیکمەت) ئەویش وەك تیۆرسیۆنی تەوژمەکە هیچ ناوێکی ترناخەمە سەرزاران نە بە خراپ نە بە چاك (مەگەرلە حاڵەتی زۆر

پێویستدا).

هەرلێرەدا دەمەوێت سەرنج و تێبینییەکی تایبەت بۆ ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بخەمەڕوو: من هیچ کەس و دەزگا ولایەنێك راینەسپاردووم تا رەخنەیان لێبگرم چوونکە دەورو نەخشی ئەوان زۆر لەوە کەمترە کە هیچ لایەنێکی سیاسیی کورد بە دیاریکراویی باڵادەستەکان بواری ئەوەیان هەبێت بپەرژێنە سەرئەوەی کاتی خۆیان بۆ دژایەتیکردنییان تەرخان بکەن، لە کاتێکدا ئێستا بارودۆخی کوردستان لەسەر سەفینەیەکە و چارەنووسی لە نێوان دەرباز بوون و تیاچووندا دیار نییە. خولاسە ئەم رەخنانە هەموو ئەو شتانەیە عەقڵم پێی شکاوە و من پەیم پێ بردووە، وەلێ من دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەدوێم، بەڵام هەرگیز نامەوێت زۆر بچمەوە سەر فەلسەفەکە (مارکسیزم)، چوونکە دەمەوێت بە دەستنیشانکراویی لە کۆمۆنیستی کرێکاریی بدوێم.

ستیڤان شەمزینی

٢٣-٣-٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تێزەکان دەربارەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی
# 1

### کۆمۆنیستی کرێکاریی چییە؟

سەرەتا کۆمۆنیستی کرێکاریی فراکسیۆنێکی بچووک بوو لە هەناوی (حزبی کۆمۆنیستی ئێران)دا کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ (مەنسور حیکمەت) سەرکردایەتی دەکرد. کۆمۆنیستی کرێکاریی وەك باڵی چەپ ورادیکاڵی ناوحزبەکە خۆی نیشان دەدا، بە تایبەتی ئیدعای ئەوەی دەکرد خوازیارە حزب لە حزبێکی پۆپۆلیستیی و حاشیەییەوە بکات بە حزبێکی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی و بە فۆرمێکی بنەڕەتی بگەڕێتەوە بۆ بونیادە سەرەکییەکانی بیری کۆمۆنیزم، چوونکە بە باوەڕی تیۆریسیۆنەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەو حزبە لە پرنسیپ و ئایدیا سەرەکییەکانی کۆمۆنیزم لای دابوو. ئەوان داوای کۆمۆنیستێکی ئەرسەدۆکسی مارکسیی- لینینیی رووتیان دەکرد و هەرجۆرە کۆمۆنیزمێکی چەشنی ماویەکان و تەوژمە ئۆرۆکۆمۆنیستەکانیان رەت دەکردەوە.

(مەنسور حیکمەت) لە وتاری (جیاوازییەکانمان)دا کە دواتر بەشێوەی کتێب بە زمانی کوردیی و فارسی بڵاوکرایەوە بە روونی دەڵێت (کۆمۆنیستی

كرێكاریی جیاكردنەوەی كۆمۆنیستی ماركسە لە كۆمۆنیزمەكانی تر). حیكمەت لەم وتەیەوە هەتا دوا ساتی ژیانی بەرگریی لە هەڵوێستی خۆی كرد و باوەڕی بە كۆمۆنیزمێكی ئسوڵیی هەبوو كە تەنیا و تەنیا باوەڕی بە مانیفێست و ماركس و لینین هەبێت. ئەو هات بەبێ بیركردنەوەیەكی قووڵ و حیسابكردنی هەلومەرجی دنیای نوێ كە هاوكات بوو لەگەڵ هەرەسی بلۆكی ڕۆژهەلات. خەتی ڕاست و چەپی هێنا بەسەر هەموو خوێندنەوەكانی تردا و هەموویانی بە وردە بۆرژوازیی و حاشیەیی و كۆمۆنیستی پەڕاوێزیی و سكۆلاستیكیی هەژمار كرد و گەواری تاكە دانەیەكیشانی نەكرد.

لەلایەكی ترەوە (مەنسور حیكمەت) وا لە كۆمۆنیزمی ماركس تێگەیشتبوو تەنیا بریتییە لە شۆڕش و كودەتا و دەسەڵات گرتنە دەستی سیاسیی. ئەو زیاتر لە ژێر هەژموونی بەڵشەفیزمدا بوو نەك هەڵهێنجانەكانی ماركس!!. ئەوەتا حیكمەت لە وتاری كردنەوەی كۆنگرەی سێیەمی (حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران)دا دەڵێت (كۆمۆنیزم نە ماتریالیزمە نە فەلسەفە نە دیالێكتیك، بەڵكو شۆڕشە)!. لە كاتێكدا ئەوی شەش دێڕی لە بارەی ماركسەوە خوێندبێتەوە دەزانێت فەلسەفەكەی ماركس لەسەر سێ كۆڵەكەی سەرەكیی بنیاتنراوە كە بریتین لە:-١ ماتریالیزمی دیالێكتیك -٢ ماتریالیزمی مێژوویی -٣ ئابووری سیاسیی.

هەرچەند ماركس زۆربە پەڕاوێزیی باسی شۆڕش دەكات وەك دوا وێستگەی خەبات چاوی لێ دەكات بەڵكو لە كۆتاییدا گەیشتە ئەوەی بڵێت قەڵەمەكەم چەكی منە، وەلێ شۆڕشەكەی ماركس جودایە لە كودەتاكەی حیكمەت، كەچی حیكمەت فەلسەفەكەی ماركس تەجرید دەكات لە هەموو شتێك و ماركس لە فەیلەسووفێكەوە دەهێنێتە خوارێ بۆ ئاستی كودەتاچی یان پارتیزانێك. لێرەوە گرفتی حیكمەت سەرهەڵدەدا دەربارەی ماركس چوونكە ئەو ڕەوتەكەی خۆی مەحكوم كرد تەنیا بە ماركس، هەرواش ماركس و فەلسەفەكەی كورت كردەوە لە كودەتادا بۆ دەسەڵات گرتنە دەستی سیاسیی.

تەوەرێکی سەرەکی تری بیرکردنەوەی حیکمەت جەخت کردنەوە بوو لەسەر دروستکردنی حزبێکی جەماوەریی بەرفراوان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، حیکمەت لە باسەکانی (حزب و کۆمەڵگا)دا بە روونی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خۆی دەربارەی حزبەکەی دەخاتەڕوو، گلەیی لە حزبەکەشی دەکات نەیتوانیووە لە حزبێکی ریفۆرمخواز و گروپی فشار بەولاوە هیچی تر بێت. حیکمەت پێیوابوو دەورانی گروپی فشارهی سەردەمی ٢٥ ساڵ بەرلە ئەمڕۆ بوو، تەنانەت ئەوکات کە باسی (چریکی فیدایی و سەهەند و سەرەتای حزبی کۆمۆنیستی ئێران) دەکات بە گاڵتەئامێز و زمانێکی پڕلە گلەییەوە دەڵێت ئەوسا ویستمان گروپی فشاربین و لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا شانسی دەسەڵات گرتنە دەستمان لە دەستدا و ئاخوندەکان سەرکەوتن. بەبێ ئەوەی حیکمەت هیچ ژیربێژییەکی بەکارهێنا بێت و جەماوەری چەپ و کۆمۆنیستی بە جەماوەرو نفوزی ئاخوند و ئایەتوڵلاکان بەراورد کردبێت، بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو هاوکێشە سیاسییانە بکات دنیای دوو جەمسەری ئەو کات دەیسەپاند. ئەو پێیوابوو بە سەد هەزار کەسەوە دەیانتوانی دەسەڵات بگرنە دەست هەروەك چۆن چەند مانگێك بەر لە مردنی هەمان بۆچوونی دووبارە کردەوە و بە هاورێکانی دەگوت بە خۆتان بکەون بە ١٠٠ هەزارکەسیشەوە بێت دەتوانین شۆڕش بکەین و دەسەڵات بگرینە دەست!، ئەمە تێڕوانینی مەنسور بوو بۆ شۆڕش لە کۆمەڵگەیەکی ٦٠-٧٠ ملیۆن کەسیدا.

بە هەمەحاڵ ئێمە دەتوانین کۆمۆنیستی کرێکاریی بەوبزووتنەوە کۆمۆنیستییە وەسف بکەین بە بێ هیچ خوێندنەوەیەکی واقیعی و بابەتی و بە گەڕانەوەیەکی کوێرانە و سەرلێشێواوانەوە بۆ ئەرسەدۆکسیزمی کۆمۆنیزم دەیویست دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستەوە بگرێت سەرەتا لە ئێراندا ئینجا وەك ئامانجی دووەم لە عێراقدا. هەرچەندە حیکمەت خۆی بە تاکە تیۆرسیۆنی واقیعی کۆمۆنیستی دوای لینین لە قەڵەم دەدا و دەیویست حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە

سنوورو مەودایەکی بەرینتردا دروست بکات، بەڵام هەتا مردنی جگە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و عێراق، هەموو هەوڵەکانی لەم راستایەدا بێ ئەنجام بوون. بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای مەرگی خۆی قڵشت و ناکۆکیی کەوتە نێوان ریزەکانی حزبەکەیەوە و لە ئەنجامدا حزب دوو کەرت بوو بۆ دوو حزبی سیاسیی کە هەتا ئێستاش هەردووکیان پابەندیی خۆیان بە بۆچوون و تێزەکانی حیکمەتەوە نەپساندووە. بە کورتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئامانجی خۆی گرد کردبووەوە لە بەدیهێنانی سۆسیالیزمدا، بەڵام تەنانەت رابەرانی رەوتەکەش هیچ تێگەیشتنێکی قووڵیان دەربارەی سۆسیالیزم نەبوو، ئەوان سۆسیالیزمیان بە بەرهەمی مارکسییەت دادەنا، وەلێ لە پێش مارکسیشدا چەندان رەوت و قوتابخانەی سۆسیالیستی تر دەرکەوتبوون لە نموونەی (سان سیمۆن و فۆرییە) هتد.. کە رێبەرایەتی سۆسیالیزمی خەیاڵئامێز (یۆتۆپی)یان دەکرد.

(محەمەد کامیل خەتیب) دەربارەی ئەم بابەتە، وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت (ئێستا بۆمان دەرکەوت تاقیکردنەوەی سۆسیالیستی روسی یان سۆڤێتی هەرەسی هێنا، بەڵام کێ دەڵێت بیرۆکەی سۆسیالیزم بەرهەمی شۆڕشی بەلشەفی روسییە؟ بگرە مارکسیزمیشە؟ پێش ئەوەی شۆڕشی روسی بووبێت و پێش مارکسیزمیش سۆسیالیزم هەر هەبوو، مارکسیزم و بەلشەفییەت تەنیا چەند رووبەکی بیری سۆسیالیستن، هەر چۆنێك بێت ئەگەر شۆڕشی روسی و بەلشەفیك دوو رووداوی کۆمەلایەتی روسی بن، ئەوا مارکسیزم رووداوێکی فیکریی مرۆڤایەتییە). حزبی کۆمۆنیست بەو تێگەیشتنە هەڵەیەوە کە پێیانوابوو سۆسیالیزم بەرهەمی مارکسیزمە و مارکسیزمیش زانستی رزگاربوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتییە، پێیان نایە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە. هەموو هەوڵەکانیش بە ئاقاری بەهێزکردنی حزب بوو لەناو بۆشایدا، حزب نەیتوانی هیچ بێت، نەیتوانی نوێنەرایەتی هیچ بکات! هەروەك چۆن (ترۆتسکی) بە بەلشەفیکەکان دەڵێت (پرۆسێسی مێژوویی کە بریتییە لە خەباتی هێزە دژ

بەیەکەکان پشتگوێ خراوە و لە جێگەی ئەوە گەشەکردنی بەڵشەفیزم لە ناو بۆشاییدا لێکدراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵشەفیزم تەنیا هێز و لایەنێکی سیاسی پێکدەهێنێت، بێگومان ئەویش بە تەواوەتی بەستراوەتەوە بە چینی کرێکارەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بریتی نییە لە چینی کرێکار, بێجگە لە چینی کرێکار لە یەکێتی سۆڤێتدا زیاتر لە سەد ملیۆن جوتیار هەن، چەندین نەتەوەی جیاواز و پاشماوەیەکی گەورە و فراوانی چەوسانەوە و هەژاریی و نەخوێندەواریی و پاشکەوتوویی لە ئارادایە). ئەم وتەزایەی (ترۆتسکی) دەقاودەق بۆ کۆمۆنیستی کرێکاریی گونجاوە، هەروەك چۆن دەوترێت کالاّ بە قەد بالاّ، بەڵام بە کەمێك جیاوازییەوە کە کۆمۆنیستی کرێکاریی پرۆلیتاریاشی لەگەڵدا نییە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەندێشەی پتەوکردنی حزب بەهێزی چینی کرێکار لە کوردستاندا جگە لە وەهم هیچی تر نییە، چوونکە کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵگەیەکی چینایەتی نییە لە نێوان پرۆلیتاریا و کاپیتاڵدا و سەرمایەداریی هێشتا هیچ گەشەیەکی وەهای نەکردووە و بگرە کۆمەڵگەی کوردیی بە فەرهەنگی فیوداڵیزمەوە هەنگاوی ناوە بۆ ناو جیهانی مودێرن و جیهانگیریی!، ئەوەشی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوی لێناوە سەرمایەدار هیچی تر نییە جگە لە کۆلاك Kulak (واتە خاوەن سەرمایە. بەو جوتیارانە دەوترێت زەوی و زاریان هەیە). لە ئاکامیشدا دوای ئەوەی حیکمەت لە تەمەنێکی کەمدا تووشی مەرگ هات ئیتر چرای هیواکان کوژانەوە و تەنانەت باسەکانی حزب و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیی و مەلەفە هاوشێوەکانیان درانەوە بە ئەرشیفخانەی ماڵی حیکمەت و تێکڕا دەستیان کرد بەشەڕکردن لەسەر پۆست و میراتە سیاسییەکەی تا دواجار لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵ بگۆڕن کۆمەڵگە ئەوانی گۆڕی و بوون بە هەڵم لە ئاسماندا.

ئەمە لە باری تیۆرییەوە، لە باری پراکتیکییەوە کۆمۆنیزمی کرێکاریی خاوەنی دوو حزب بوو لە ئێران و لە عێراقدا، ئێمە زیاتر دەمانەوێت ڤۆکۆس بخەینە

سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە لە ڕۆژی ٢١-٧-١٩٩٣دا ڕاگەیەندرا، ئەمەش پاش یەککگرتنی گروپە کۆمۆنیستی و چەپەکانی ئەو زەمەنە کە ڕەگوریشەیان بۆ ناوەڕاستی هەشتاکان و بەرەو سەرتر دەگەڕایەوە، ناسراوترین ئەو ڕێکخراوانەش «ڕەوتی کۆمۆنیست» و «یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی» بوون، بۆیە ئێمە لێرەدا باسمان لە قۆناغی پێکهاتنی حزبە لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە، نەك قسەکردن لەسەر کۆی بزووتنەوەی چەپ و ڕەوتە کۆمۆنیستییەکان لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا دەگاتە بزووتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١. هەڵبەتە لە ڕووی تەشکیلاتییەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق «حککع» بەسەر سێ ئۆرگانی سەرەکیدا دابەشکرابوو، یەکەمیان ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیست. دووەمیان ڕێکخراوی ناوەڕاست و باشووری عێراق، دواهەمینیان ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات.

## 2
# هەلومەرجی کۆمەڵگە و تێگەیشتنی کۆمۆنیستی کرێکاریی

**بۆ ئەوەی شەڕی سیستمێك بکەیت پێویستە لە سەرەتادا ئەو سیستمەت شیکردبێتەوە**

میشێل فوکۆ

بێگومان سیاسەت لەسەرزەمینی واقیعدا پیادە دەکرێت نەك لە چوارچێوەی ئەندێشە و خەیاڵدا, هەرهێزێکی سیاسیی ئەکتیڤ بیەوێت کاریگەریی هەبێت و جێ پەنجەی خۆی بدات لە کۆمەڵگەیەك, پێش هەر شتێك پێویستە ئەو هێزە میکانیزمەکانی ئەنجامدانی ئەو کارەی ناسیبێت, دیارە ئەمەش لە ڕێگەی تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و واقیعیانەی

زەمینە و ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە دەبێت. کۆمۆنیستی کرێکاریی نەك دەیەویست کاراکتەرێکی چالاکی جووڵانەوەی سیاسیی بێت لە کوردستاندا، بەڵکو دەیخواست بەرەکە لە ژێرپێی پارتەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەربکات وبتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست, لێ شێوازی هەڵبژێردراو و جێگە باوەڕی رەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆ دەسەڵات گرتنە دەست رێگایەکی دیموکراسی و مەدەنیانە نەبوو, زیاتر وەك هەر هێزێکی تری رادیکاڵیست، کودەتا و هەڵچوونی جەماوەرییانەی بە تاکە رێگای دەسەڵات گرتنە دەست دادەنا. بەڵام ئایا کۆمۆنیستی کرێکاریی بە وردی وواقیعی قورسایی خۆی و پارسەنگی هێزو زەمینە و کەشوهەوای رامیاریی و گەمە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی لەم وڵاتەدا لێکدابووەوە؟ لە وەلامدا بێ شك نەخێر.

کۆمۆنیستی کرێکاریی زۆر بە نەزانیی و بێئاگایانە لە ستڕۆکتۆر و زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی، هەوڵیدەدا ببێتە خاوەنی هێزێکی جەماوەریی بەرفراوان و خاوەن کاریگەریی. مارکس دەڵێت (نەزانیی دێوێکە, لەوە دەترسین ئەم دێوە دیسان تراژیدیای زیاتر بەرهەم بهێنێت). هەرکتومتی ئەم وتەزایەی مارکس, کۆمۆنیستی کرێکاریی چوونکە رەوتێکی سەرلێشێواو و دۆگما بوو لە سنووری دنیابینی و بیرکردنەوەی (مەنسور حیکمەت) دا, تراژیدیایەکی گەورەی بەرهەمهێنا, تراژیدیایەك دەتوانین بەو شکان و ژێرکەوتنە گەورەیەی مارکسیزم وەسفی بکەین لەسەر دەستی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە کوردستاندا روویدا. گەورەترین کێشە و گرفت لای سەرکردەکانی ئەم رەوتە ئەوە بوو قسەیەکی (مارکس) پێش سەدە و نیوێك بەرلە ئێستا قسەیەك بوو تەنانەت بۆ ئێستاش, مەنسور حیکمەتیش خۆی تەواو پابەند بوو بە مارکس دواتر بە (لینین)ەوە, مارکس کاتی خۆی و دوای شرۆڤەکاریی و توێژینەوەیەکی زانستیانە بۆ مێژوو گووتی (مێژوو چیتر نییە جگە لە ململانێی نێوان چینەکان). حیکمەتییەکان هاتن و وتیان مادام کێبڕکێ

و ململانێی جاویدانی مێژوو لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندایە, ئێمە دێین شەڕی چینەکەمان رادەگەیەنین و حوکمی مێژووش سەرکەوتنی لە تەوێڵی ئێمە نوسیوە.

ئەوان نەیانتوانی کەمێك خۆماندوو بکەن و واقیعی رەسەنی کۆمەڵی کوردەواریی بخوێننەوە تا بزانن کێشە چینایەتییەکان چۆنن و لە کوێدان؟ ئایا جیاوازیی چینەکانی کوردستان جیاوازیی فیوداڵ و جوتیارە یان پرۆلیتار و کاپیتال؟ ئایا خەبات و ململانێ لەم وڵاتەدا خەبات و ململانێی چینەکانە یان شتێکی تر؟ نەیانتوانی تۆزقاڵێك بە تێڕامانەوە سەیری ئاستی گەشەکردن و ژێرخان و سەرخانی ئەم وڵاتە بکەن تا بتوانن بە ویژدان و بە زانستیی بڕیار لەسەر کارەکە بدەن و لە ئەجیندای خۆیان دابینێن, ئەویش خەباتی کرێکارانە دژی سیستمی سەرمایەداریی. بەڵام با جارێ ئەو گومانە بکەین, ئایا کاپیتالیزم سیستمێکی پێگەیشتووە لە کوردستان؟ ئەگەر وایە کوا فابریکەکان؟ کوا پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیا؟ کوا کۆمپانیاو کارگەکان؟ کوا زێدەبایی و بەرهەمهێنان؟ کوا بانکەکان؟ کوا چینەکان؟ چینی ناوەڕاست و خوارەوە و سەرەوە کامانەن؟. ئەگەر وڵاتێك هیچ شتێك لەمانەی نەبێت, ئەی دەبێت بە پێی چ ئارگۆمێنت و حوکمێك ئەم وڵاتە کۆمەڵێکی سەرمایەدارییە و جیاوازیی چینایەتی تێدایە؟. تا ئەم ساتەش کولتووری باووزاڵ لە کوردستاندا فیوداڵیزمە نەك سەرمایەداریی, هەتا ئەم چرکەیەش کۆمەڵی کوردەواریی کۆمەڵێکی بەکاربەرە (مستهلك) نەك وەبەرهێن, ئەمەش وا دەکات گەشەی سەرمایەداریی نەك هەر لە ئێستادا بەڵکو بۆ زەمەنێکی درێژتر دوا بکەوێ و تووڵ بکێشێت.

ماکس ڤیبەری سۆسیۆلۆگ دەربارەی سەرمایەداریی دەڵێت (سەرمایەداریی بریتییە لە رۆحی قازانجخوازیی و سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی قازانجەکان لە رێگای میتۆدێکی عەقلانییەوە). ئەگەر لەسەر ئەم پێناسەیە راوەستین و بڵێین: سەرمایەداریی وەگەڕخستنی قازانجە لە رێگەی میتۆدێکی ئەقلانییەوە, ئیتر

مافی ئەوەمان دەبێ لە برادەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی بپرسین کامەیە میتۆدە ئەقڵانییەکەی سەرمایەداری کورد؟ بۆ هیچ شتێك هەیە لەم وڵاتەدا بە فۆرمێکی ئەقڵانی بڕوات بەڕێوە؟ خۆئەگەریەکێك لە مەرجەکانی سەرمایەداریی ئەقڵانییەت بێ ئەوە کۆمەڵی کوردەواریی ئەم مەرجەی کەمە, چوونکە ئەوەی لێرە تەحەکوم دەکات عەقڵ نییە بەڵکو غەیبە, باوەڕە نەقڵکراوەکانە, سۆزە, ئەمانەیش پشت ئەستوورن بە دیدگاکانی فیودالیزم. تا ئێرە روون و ئاشکرایە کۆمۆنیستی کرێکاریی چەند بەسەهوو چووە و بێ هیچ سێ و دوویەك بڕیاریداوە کۆمەڵی پاشکەوتووی کوردستان بە هەمان شێوەی کۆمەڵە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکانی خۆرئاوا تەماشا بکات و هەرلەو سۆنگەیەشەوە دەرەئەنجامی توێژینەوەی فەیلەسووفێکی وەك (مارکس) لەمەڕ سەمایەداریی لەوێ (خۆرئاوا) بۆ ئێرە بخوازێت.

کۆمەڵە رۆژهەڵاتییەکان لە ناونیشیاندا کوردستان هێشتا لەسەرەتای هەنگاوی یەکەمدان رووەو سەرمایەداریی و بێ هیچ گومانێکیش هەزاران میل رێگای کەندەڵان و پڕ هەوراز و نشێویان ماوە بۆئەوەی بگەنە ئەو ئاستە پێشکەوتووەی سەرمایەداریی وڵاتانی خۆرئاوا. سەیرم لەوە دێ لە کوردستان کۆمۆنیستێك بێ و بڵێت بڕوخێ سەرمایەداریی, بژی سۆسیالیزم!! ئاخر سەرمایەدارییەك خۆی هێشتا بوونی نییە و دروست نەبووە, چی بڕوخێ؟ یەکێك لە هەڵە گەورەکانی رێبەرانی کۆمۆنیزم لە روسیا لەوەدا بوو ویستیان بە قەڵەمباز بازبدەن بەسەر قۆناغێکی گرنگی گەشەکردنی کولتووریی و ئابووری و فەرهەنگی لە روسیادا. لینین و هەڤاڵەکانی ویستیان تەکان بە وڵاتەکەیان بدەن لە وڵاتێکی کشتوکاڵیی دواکەوتووی پریمیتیڤەوە بیگوازنەوە بۆ قۆناغی سۆسیالیزم بەبێ ئەوەی لەو نێوانەدا بە قۆناغی سەرمایەداریدا تێپەڕبێ, رێبەرانی بیری سۆسیالیزم لە روسیا دوایی هەستیان بەم هەڵە زەق و گەورەیەی خۆیان کرد, هەرئەم قەڵەمبازە یەکێك لە فاکتۆرە بەهێزەکانی هەرەسی خەونی

سۆسیالیستی بوو لە روسیا. دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵەیە لەلایەن کۆمۆنیستی کرێکارییەوە تەواو بێ مانابوو, ئاخر روسیایەك توانی بە تەنیا کێبەرکێ لەگەڵ هەموو خۆرئاوای سەرمایەداریدا بکات باجی ئەم قەڵەمبازەی دا, کەچی ئەمان لێرە دەیانەوێ هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەوتوانا وقودرەتەی (لە هەموو روویەکەوە) لای لینین و هەڤاڵەکانی هەبوو, بێ ئەقڵییە ئەگەر بتەوێ بە توانای مەنسور و هاوکارەکانی ئەوی بەراوورد بکەیت. بە هەرحاڵ, مارکس وا تێبینی کردبوو تابۆی کۆمۆنیزم ئاسمانی ئەوروپا دادەپۆشێت وئەوەشی دانابوو ناکۆکی چینایەتی لە ئینگلتەرەی لانکەی سەرمایەداریی دەتەقێتەوە, کەچی لە روسیا تەقییەوە, بەڵام روسیا زەوییەکی لەبارنەبوو, داری سۆسیالیزم زڕ بوو تێیدا دواتریش وشکی کرد و هەڵوەری. رادیۆی دەنگی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق رۆژانە داوای دەکرد هێزی ملیۆنی کرێکاران برژێنە سەرشەقامەکان, لێ ئەم رستەیە زیادەرۆیی زۆری تێدا بوو، چوونکە ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاران لە کوردستان دا نییە خۆ ئەگەر هەبێت ٪١ لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستدا نەبوون. ئەم بانگەوازانە ئەوساش بە لای منی کادری گەنجی حزبەوە شتێکی پروپووچ وبێ مانابوو, من واقیعبینانە لە کۆمەڵگەم دەڕوانی چوونکە دەمزانی لە سەرتاسەری کوردستانیشدا ژمارەی گوێگرانی رادیۆکەمان ناگاتە دە هەزارکەس, ئیتر چۆن تەوجیە بۆ ملیۆنان کەس بنێرین؟ لە کاتێکدا ئەوکات لەو باوەڕەدا بووم سەرجەم دانیشتوانی باشووری کوردستان ٣ ملیۆن کەسە ئەمە بەهەموو چین و توێژ و رەگەز و تەمەنێکەوە. ئیدی بانگەوازکردن بۆ ملیۆنان کرێکار لە کۆمەڵگەی سێ ملیۆنیدا لە گەمژەیی زیاتر چی پێناسێکی تری هەیە؟.

رۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٨٩٠ فریدریك ئەنگلس نامەیەکی درێژی ئاراستەی هاوڕێی کۆمۆنیستی خۆی (یوسف بلۆخ) دەکات و دیدگای ماتریالیزمی بۆ مێژوو بۆ روون دەکاتەوە و دەنووسێت (باری ئابووری بێگومان بناغەیە, بەڵام

تۆخمە هەمەجۆرەکانی سەرخان کارکردیان هەیە لەسەر ڕێچکەی خەباتی مێژوویی و زۆرجار تا ڕاددەیەك شێوەیەکەشی دیاری دەکەن). لێرەدا ئەنگلس بە شەفافی گرنگی تۆخمە جۆر بە جۆرەکانی سەرخان روون دەکاتەوە و پێیوایە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر خەبات و تەنانەت شێوەکەشی دەگۆڕن و ناچاری دەکەن گۆڕانی بەسەردا بێت. کۆمۆنیستی کرێکاریی بەبێ حسابکردن بۆ رەگەزە کولتووریی و سەرخانییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی لە وەهمی دەسەڵات گرتنە دەستدا بوو, هەربۆیە ڕۆژانە خەریکی چڕینی سروودی شۆڕش بوو, خۆ ئەگەر نامۆیەك گوێی لە وتارە حەماسییەکانی رادیۆ بوایە پێیوابوو سبەینێ شەقامەکان لەبەر کرێکاران و زەحمەتکێشان کەسی تر ناگرێ و هەربەیانی لەگەڵ گزنگدا ئۆکتۆبەر دووبارە دەبێتەوە.

هۆکاری نەخوێندنەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆدوورخستنەوە لە دیراسەکردن و بەدواداچوونی واقیعی کۆمەڵگە بە پاساوی دروستنەکردنی کادرو تاکی سیکۆلاستیکی شتێك بوو گەورەترین قەیرانی بە دوای خۆیدا هێنا, هەربۆیە دەمانبینی ریتمی کۆمەڵی کوردستان بەرەو ئاقارێك ملی دەنا زۆر جیاوازتر بوو لەو ئاقارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی سروودی ئینتەرناسیۆناڵی بە باڵایدا دەووت. دروشمە قەبە وزل زلەکان شتێکی هەمەڕۆژە و هەزاربارەکراوەی گوتاری سیاسیی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوون, بەردەوام راگەیاندنی (حککع) باسی دەسەڵاتی سیاسیی دەکرد و دەیەویست هەرئەمرۆ نەك سبەینێ لە دەستی خۆیدا بێت, تەنانەت ئەوەندە بەپەلە بوون بۆ دەسەڵات گرتنە دەست هیچ ماوەیەکیشیان قبوڵ نەبوو بۆ دەور و تەسلیمی دەسەڵات. بەڵام لەسەر زەمینی واقیعدا کۆمۆنیستی کرێکاریی چیتر نەبوو جگە لە حەلقەیەکی دابڕاو لە جەستەی کۆمەڵی کوردەواریی! لێدان وراونانیان (من بۆخۆم دژی ئەوەم) هیچی لە بارودۆخ و پێویستی خەڵك نەگۆڕی, ئەگەرنا خەڵك قبوڵی ئەوەی نەدەکرد دەسکەوتێکی وەك کۆمۆنیستی کرێکاریی لێبسەننەوە.

خۆ ئەگەر بمەوێ بە دەستنیشانکراویی و چڕوپڕیی لە هەریەکێك لەو بوارانە بکۆڵمەوە نووسینەکە لە وتار دەردەچێ و دەبێ بە کتێب, رەنگە خوێنەریش ئەو میزاجەی لەگەڵی نەبێت. بەڵام بۆ نموونە, من دەپرسم لەو ساتەوەختانەی کۆمۆنیستی کرێکاریی داوای دەسەڵات گرتنە دەستی دەکرد هیچ زانیارییەکی لە بارەی گەمە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە هەبوو لە کوردستان؟ ئایا دەیزانی ئەمەریکا و دۆستەکانی چ بەرنامە و نەخشەیەکیان هەیە تا لە کوردستانەوە پیادەی بکەن؟ ئایا ئەوان دەیانزانی کوردستان لە سایەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش سەقامگیر کرابوو, ئەمەش بڕیاری زلهێزەکان بوو؟ ئایا دەیانزانی هەر ئەو وڵاتانەی داکۆکیان لەو سەقامگیرییە دەکرد هاوکات دۆست و هاوکاری دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان بوون؟ ئایا حسابیان بۆ ئەوە کردبوو تەنانەت ئەگەر زۆرینەی جەماوەریشیان لەگەڵدا بێ ناتوانن بێ هیچ هاوپەیمانی و دۆستایەتییەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بگەنە دەسەڵات؟ خۆ ئەگەر گەیشتن بە دەسەڵات بێ ئەو جۆرە دۆستایەتییە هیچ ئیمکانێك نەبوو بۆئەوەی لە ساڵێك زیاتر درێژە بە تەمەنی دەسەڵاتەکەیان بدەن.

تێنەگەیشتن لەو بارودۆخەی کوردستان و حیساب نەکردن بۆ هاوکێشە سیاسیی و ئابوورییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزەکان لەم دەڤەرەدا و خۆلادان لە واقیع و زەمینە کولتووریی و ئابوورییەکەی کوردستان, سەرئەنجام سەر ئێشەیەکی زۆری لێکەوتەوە بۆیان و بە داخیشەوە چەند گەنجێك لە کاتی روو بە رووبوونەوەیاندا لەگەڵ هێزەکانی (ی ن ك) دا کوژران (لێ پاساو بۆ یەکێتی ناهێنمەوە، بەڵام هەڵەکانی خۆیان هۆکارگەلێکی گرنگ بوون لە دروستبوونی ئەو رووداوەدا). ڤۆڵتێر کاتی خۆی وتی (بەردەوام لە کۆتاییدا ئەقڵ سەردەکەوێ). قسەکەی ڤۆڵتێر راستییەکی زۆری تێدایە, خۆ ئەگەریش وتەکەی ڤۆڵتێر لە ژێر سێبەری پەندە عەرەبییەکەدا بپێوین (پێچەوانەش هەر راستە) ئەوە نائەقڵانییەت مەحکومە بە ژێرکەوتن!! بەم پێودانگەش, هەرزەکاریی و

كەفوكوڵی سەرشێتانە و ناواقیعبینانەی ڕەوتێكی وەك كۆمۆنیستی كرێكاریی هیچی لێ نەكەوتەوە جگە لە دۆڕان و تیاچوون و تەریكبوون و بچووكبوونەوەی خۆیان.

## 3
## كولتووری ڕەخنە و دۆگماتیزمی كۆمۆنیستی كرێكاریی

### دەست بەوە مەكە ببیت بە ڕەخنەگر تەنیا ئەوكاتە نەبێت ڕەخنە لە خۆت بگریت

ئەدۆنیس

سەرەتا لە وتەیەكی (حەمیدی تەقوایی)یەوە دەست پێدەكەم, ئەو ئەو وتەیەیەش دەڵێت (یان دەبێت ڕەخنەگری ڕیشەیی و بنەمایی سیستمی سەرمایەداریی بیت یان دەبێت سەرمایەداریی بە هەموو وەحشییەت و ستەمێكییەوە قبوڵ بكەیت). ئەمەی سەرەوە قسەی یەكێك لە گرنگترین كەسایەتییەكانی بزاڤی كۆمۆنیستی كرێكارییە لە دوای (مەنسور حیكمەت)ەوە, بە یەكێكیش لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی ئەو تەیارە هەژمار دەكرێت.

لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە, لەم وتەیەدا ئەوە نیشان دەدرێت كۆمۆنیزم هێزێكی ڕەخنەگرانەی شۆڕشگێڕ و رادیكاڵە و دەیەوێ كۆتایی بە نابەرابەریی و ستەمكێشی چینە باڵادەستەكان بهێنێ. دروست وایە, كۆمۆنیزم ئەركی ڕەخنەگرتن و نیشاندانی دیوی راستەقینەی سیستمی سەرمایەدارییە, تەنانەت لای فەیلەسووفی كۆچكردووی فەرەنسی (جاك درێدا) ڕۆڵی ماركسیزم هەمان ڕۆڵی پادشای كوژراوە لە شانۆگەریی (هاملێت)ی شكسپیردا. هەروەك چۆن پادشای كوژراو لە شێوەی شەبەحێكدا دەردەكەوێت و ئیدانەی گەندەڵیی ناو كۆشكی پادشایەتی و كۆمەڵی ئینگلیستان دەكات ئاوهاش ماركسیزم ئەو تارماییە بەردەوامەیە, هەردەم ئامادەیە و حزوری هەیە بۆ مەحكومكردن و

ڕەخنەگرتن لە دنیای نابەرابەری هاوچەرخ. داك دریدا بە درێژایی کتێبە بە نابانگەکەی (أطیاف مارکس– تارماییەکانی مارکس) باس لەم ئامادەگییەی بیری ڕەخنەیی مارکس دەکات کە خوێنەرخۆی دەتوانێت بچێتەوە سەری.

مادام یەکێك لە بنچینە هەرە گرنگەکانی کۆمۆنیزم ڕەخنەگرتنە و کۆمۆنیستی کرێکاریش وەك هێزێکی ناڕازی و ڕەخنەگر خۆی نیشان دەدات, وا پێویستە لە پێش هەرشتێکدا کولتووری ڕەخنەگرتن لە ماڵی کۆمۆنیزم خۆیەوە دەست پێبکات!، بەڵام ڕەخنەگرتن لە ناو کۆمۆنیستی کرێکاریدا بە یەکێك لە تابۆ هەرە گەورەکان دادەنرا و دادەنرێت و بایی ئەوە بوو لێپرسینەوەی جیددی لە بەرامبەردا بکرێت, سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاری پێیانوابوو ئەوان خۆیان بە تایبەتی (مەنسور حیکمەت) تەواوی چەمك و بنەماکانی مارکسیزمی هاوچەرخیان شی کردۆتەوە و هاوکات بە وردیی لە واقیعی کۆمەڵ تێگەیشتوون, بۆیە هەمیشە هەرجۆرە ڕەخنەیەکیان بە دیاردەیەکی سلبی و تەنانەت تێکدەرانە و چەواشەکارانە دەبینی. (مەنسور حیکمەت) کرابوو بە زەبەلاحێکی سەیروسەمەرە, لەبەرچاوی ئەندامانی حزبدا کرابوو بە خواوەند, پیرۆزکرابوو, ڕەخنەگرتنیش لە پیرۆز بێگومان کارێکی مەحاڵ و ئەستەمە و کوفرێکی گەورە وویژدانییە.

(سەدام حسێن)ی دیکتاتۆر جاران دەیوت (هەرشتێك سەدام وتی, هەموو عێراق وتوویەتی). سەدام لە بری هەموو عێراقییەکان بیری دەکردەوە و بڕیاری دەدا, بە هەمان شێوەی سەدام، (مەنسور حیکمەت) لە بری هەمووان تێدەفکرا و تێڕامانی دەکرد و هەر لە بری هەمووان دەینووسی و دەدوا و بڕیاری دەدا, ئیتر هیچ پێویست نەبوو منی ئەندام بیر بکەمەوە و مافی بەشداریم هەبێ لە گەڵاڵەکردن و فۆرمۆڵەکردنی هەر باس و بنەمایەکی سیاسیی و پارتێتیدا. مادام (مەنسور حیکمەت) ئەو عیملاقە سەرسوڕهێنەر و گەورەیە بوو, توانای تێڕامان و بیرکردنەوەی لە هەموومان زیاتر بوو, هەرئەویش بە دار و بەردیدا

دەدایـن، ئیتر هـەر رەخـنـەیـەك لـە كۆمۆنیستی كرێكاریی كە بەرهەمی كارگەی حیكمەت بـوو، تـابـۆیـەكی گـەورە بـوو. لـە هـەمـان كاتـدا بـەبێ رێزییەكی گـەورە بەرامبەر بەو كاریزمایە دادەنرا، هەرچی وەك ئاغای حكیمەت بیری بكردایەتەوە پیاوی گەورە و رابەری مەزنی چینایەتی بوو، ئەگەرنا هەموو پێچەوانەكان گرگن و پیاوی بچووك بوون.

وای لێهاتبوو لە پارتی كۆمۆنیستی كرێكاریدا ستالینییەتێكی ترسناك سەری دەرهێنابوو، هەرچی پیاوی گرگن بوو بە ناوی رابەرەوە تەسریحات و بڕیاری رەتنەكراوەی دەدا، هەموو ئەمانەش ئیلهامیان لە «كانیاوی رۆشنی بیری حیكمەتیزم» و خودی حیكمەتەوە وەرگرتبوو!!. خۆ ئەگەر كەسێك، كادرێك بیوتبایە با سەیرێكی نووسراوەكانی بیرمەندانی تری هاوچەرخی ماركسی وەك (لۆی ئاڵتۆسێر، فریدریك جیمسن، ژیژەك، ئالان بادیۆ، سەمیر ئەمین – هتد..) بكەین بێ هیچ سڵەمینەوە و رامانێك بە وردە بۆرژوازیی و مەكتەبی لە قەڵەم دەدرا، چوونكە وا بیر لە كۆمۆنیستی كرێكاریی دەكرایەوە كۆمۆنیزمی خەباتگێڕ و پراكتیكییە. ئەگەریش ئەندامێك ئارەزووی بكردایە ژیریی بەكاربهێنێ و هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەزموونی چەند ساڵەی كۆشانی حزب بكات و رەخنەی لە كارەكان و كەموكوڕیی و هەڵوێستە لاوازەكان هەبوایە، تەنانەت دەبووە هۆی دەركردنی لە ریزەكانی حزبدا!، دەبوو ئەندامانی حزب پەڕۆیەكی رەش لەسەر چاویان دابنێن و بكەونە چەپڵەڕێزان و شایی و لۆغان بۆ مێژووی هیچ تیانەبووی حزب.

رەخنەگرتن ترسناكترین و زەحمەتترین كارێك بوو لە حزبی كۆمۆنیستدا، ئێستا بە بیرم دێتەوە یەكێك لە چەكدارەكانی حزب كتێبی (ئەم بڵقە كەی دەتەقێ)؟ی (عەبدوڵڵای موهتەدی) دەخوێندەوە و دوای دوو سێ رۆژان كەوتە پرتە و بۆڵە و رەخنەگرتن لە بنەما سەرەكییەكانی فیكری حزب، پاش ئەوە بە چەند رۆژێكی كەم كەسێكی تر هەمان كتێبی دەخوێندەوە. یەكێك لە ئەندامانی

مەكتەبی سیاسیی (حككع) بە دەستی خۆی كتێبەكەی لە دەست سەند و پاشتر سووتاندی!!. ئیترترسان لە رەخنە ولە دروستبوونی ئەندامی هۆشیارورەخنەگر بە جۆرێك بوو، ئەندامێكی بیرۆی سیاسیی دەست بۆ سووتاندنی كتێب ببات!!، ئەزلەگەڵ بینینی ئەو دیمەنەدا، وتەیەكی (هاینریش هاینە)ی شاعیری ئەڵمانیم بە بیر هاتەوە (ئەوەی كتێب بسووتێنێ، مرۆڤیش دەسووتێنێ)، هەرئەوكات دەمزانی ئەم هاوڕێ رابەرەی ئەمرۆ كتێبەكەی موهتەدی دەسوتێنێ، سبەی ئەگەر دەسەڵاتی بە دەستەوە بێ مرۆڤیش لە كورەدا دەسووتێنێ، لە جێگەی یەك (پاسترناك) هەزاران پاسترناك ئاوارەی مەنفا دەكات.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆم دەركەوت بنەما و پایەی سیاسیی و فیكریی كۆمۆنیستی كرێكاریی چەندە مۆلەق و ناجێگیرە، ئاخر حزبێك بەو هەموو قسە زل و رەخنە گەورانەوە لە كتێبێك بترسێت تەنیا ئەوە دەسەلمێنێت بنەمای ئەو حزبە كەڵكەكەترپیە و رۆژێك دادێ بەسەریدا بڕوخێت (هەروەك رووخاش). ئاخر ئۆگەست كۆنت وتەنی (بیرو باوەڕەكان بە هێرشكردنە سەریان نامرن، بەڵكو ئەو كاتە دەمرن، بسەلمێنرێت بێ كەڵك و پێویست نین). كۆمۆنیستی كرێكاریی دەیزانی نەك بە یەك كتێب بە هەزاران كتێبی هێرش ئامێز هیچ بیروباوەڕێك نامرێ، خۆیشی ئەزموونی لەو بارەوە هەبوو، رۆژو شەو رەخنە تەنانەت جنێوی ئاڕاستەی پارتەكانی كوردایەتی دەكرد كەچی رۆژبە رۆژ بەهێزتر دەبوون، بەڵام كۆمۆنیستی كرێكاریی بە باشی دەیزانی هەر رەخنە و نووسین و پێشنیارێكی بە سوود هیچ دەرناخات جگە لە ناپێویستیی و بێ كەڵكی رەوتەكە. كۆمۆنیستی كرێكاریی دەیزانی ئەگەر رەخنە لە خۆگرتن لە ریزەكانیدا ببێتە كولتوور ئیدی هیچی نامێنێتەوە جگە لە مشتێ خۆڵەمێشی ساردەوە بوو.

ئەدۆنیس، دەڵێت (رەخنە هەمیشە سەرەتاكانی ئاخاوتنێكی دیكە دادەمەزرێنێت)، بۆیە هەمیشە كۆمۆنیستی كرێكاریی رێی لە رەخنەگرتن و دەنگ هەڵبڕین دەگرت، چوونكە لای ئاشكرا بوو رەخنە هەرلەوچوارچێوە بەرتەسكەدا

نامێنێتەوە و سەر دەردەهێنێت بۆ ئاخاوتنی زیاتر و فراوانتر, بەم كارەش وجودی ڕەوتێكی لەو جۆرە دەگاتە كەناری فەوتان و ونبوون. دیسان (ئەدۆنیس) دەڵێت (ڕەخنە وەك فیكر وایە, تەنیا بە پرسیاركردنی بەردەوامەوە موتوربە دەبێت و گەشە دەكات, لەبەرئەوە نەك تەنیا شتەكان و دەقەكان دەخاتە ژێر پرسیارەوە, بەڵكو خۆیشی دەخاتە ژێر پرسیاری بەردەوام و پێداچوونەوەی بەردەوامەوە. ڕەخنە دژ و پێچەوانەوەی میتۆدی داخراوە, لەبەرئەوە دەستپێكردنێكە هەر بەو جۆرە دەمێنێتەوە). لەو دوو دێڕەدا ئەدۆنیس ڕۆشنانە وەزیفەی ڕەخنەی ئاشكرا كردووە لە دەرەوەی ڕوانگە نەریتیەكەی ڕۆشنبیریی عەرەبیی و ڕۆژهەڵاتی، چوونكە ڕەخنە كاتێك دروست دەردەچێت یان دەتوانێت ئامانج بپێكێت, ئەگەر ئەو ڕەخنەیە لە پێشدا تەنانەت خودی خۆیشی بخاتە ژێر پرسیار و گومان و بەخۆداچوونەوەی بەردەوامەوە.

كەچی بە پێچەوانەوە كۆمۆنیستی كرێكاریی دەرزییەكی لە چاوی خەڵكدا دەبینی، بەڵام سوژنێكی لە چاوی خۆیدا هەست پێ نەدەكرد, هەمیشە ڕەخنەی زۆر كوشندە و وێرانكەری لە پارتە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان دەگرت, بەڵام لەناو خۆیشیدا ئەزموونی گەندەڵی و دزیی و ئافرەتبازیی و بەرژەوەندیی شەخسیی هەموو ئەو هێزانەی دووبارە دەكردەوە ببوونە نیشانەی تیری ڕەخنەكانی كۆمۆنیزمی كارگەریی. كارەساتەكەش ئەوە بوو ڕەخنەگرتن لە بنچینەی فیكریی حزب تاكو دەگات بە گەندەڵی و هەندێ شتی لەو جۆرە لە حزبدا بە پێی فەرمانی سەرەوە (مەنسور حیكمەت) یاساغ و قەدەغە بوو!!, لە كۆمۆنیستی كرێكارییدا هیچ شتێك قەدەغە نەبوو، تەنیا ڕەخنە نەبێت یان با بڵێین هیچ شتێك هێندەی ڕەخنە لە خۆگرتن سنووردار و قەدەغە نەبوو. كاتی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین كارێكی كوێرانە نەبوو، سەركردایەتی حزب ڕێگایان بەسەر دەرهێنانی ڕەخنە نەدەدا و سەركوت و لەناویان دەبرد. چوونكە ئەوان دركیان بەوە كردبوو هەر ئەندامێكی هۆشیار و ڕەخنەگر مەترسییەكە لە جێگەی خۆیەوە.

(ژان پۆڵ سارتەر) لە دەقی شانۆیی مێشەکاندا لەسەرزمانی (ژۆبیتەر)ی گەورە خواوەندەوە دەڵێت (من دەسەڵاتم بەسەر ئەو تاکەدا نامێنێت دەرك بە ئازادیی خۆی دەکات) بە هەمان شێوەش سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو بەسەر هەر ئەندامێکی رەخنەگر و هۆشیاردا, بۆیە ناچار بە خێرایی لە ریزی حزب و دەوری خۆیان دووریان دەخستەوە و بگرە برێك تۆمەتیشیان دەخستە پاڵی!!. لە رەهەندێکی ترەوە, سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێیانوابوو ئەندامانی خوارەوە و تا راددەیەکیش کادرە پێشکەوتووەکان هێندە دانا و ژیر نین بتوانن ئاراستەی فیکری سیاسیی و رێکخستنی حزب بکەن. بۆیە هەمیشە خۆیان پێ لایەقترین و گونجاوترین کەس بوو بۆ ئەو کارە, هەر کاتێکیش رەخنەیان لێبگیرایە چاویان دەچۆیە پشتە سەریان و پێیانوابوو گەورەترین هەڵەیە ئەندامانی خوارەوە رێنیشاندەری ئەوان بن!. کۆمۆنیستی کرێکاریی خوازیار بوو حزبێك بەرهەم بهێنێت خاوەنی ناوەندێتییەکی بەهێز بێت و سەرجەم ئەندامان و کادران وەك یەك بیر بکەنەوە و لەنێو چوارچێوە و فۆرمۆڵەبەندیی و تیۆرەکانی ئاغای حیکمەتدا بەردەوامی بە کارەکانی خۆیان بدەن, ئەوان دەیانەویست کۆنگرەی حزب و پلینۆم و کۆبوونەوەکان هەریەك جۆر قسەی تیا بکرێت و سەرجەم ئەندامانی حزب تووتی ئاسا رستە و گوزارە سواو و ناتەواوەکانی جەنابی ئاغای حیکمەت بجوونەوە و وەك ئاو و دۆڵە بەریان بێت!!.

ئەمە لە کاتێکدا (لینین) باسی یەکێك لە کۆنگرەکانی خۆیان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات دەنگیان بەسەریەکدا بەرز کردووەتەوە و قسە و نوکتەیان لەسەر یەکتر کردووە!!, ئەمە لەبەرئەوە نا رقیان لە یەکتر بووە بەڵکو لە بەرئەوەی جیاوازبوون و رەخنە و قسەی جیاوازی خۆیانیان هەبووە. ئەوەی (لینین) باسی دەکات کارێکی زۆر تەندروستە، چوونکە جیاوازیی بنەمایەکی بەهێز و گرنگی فیکر و سیاسەتە, ئێمە هەریەك بەوەوە جوانین وەك یەکدی بیر لە دنیا

و شتەکان ناکەینەوە, خۆ ئەگەر هەموومان وەك یەك بیر بکەینەوە بێگومان کەسمان بیرمان نەکردۆتەوە. (مۆسۆلینی) رابەری فاشییەکانی ئیتالیا کاتی خۆی وتی (دەوڵەت لە ئاست خەڵکدا رەهایە, کۆمەڵیش لە ئاست دەوڵەتدا شتێکی وانییە حسابی بۆ بکرێت). لای کۆمۆنیستی کرێکارییش (مەنسور حیکمەت) و سەرەوەی حزب شتێکی رەها بوون, ئیتر ئەوانەی خوارەوە شایەنی حیساب بۆ کردن و گوێ بۆ راگرتن نەبوون. ئەگەروانییە کوا وەڵامی ئەو هەموو نامە و رەخنانەی کادرانی حزب دوای وەرسبوونیان لە بێ وەڵامی سەرکردایەتی حزب لە عێراق راستەوخۆ ناردیانە سەر مێزی ماڵەوەی جەنابی حیکمەت؟ کوا هەنگاونان بۆ چاکسازیی و هەنگاونان بۆ بەخۆداچوونەوە؟ کوا حیساب بۆ هەموو ئەو بۆچوونە ناتەبا و جیاوازانەی لە پێناوی پتەوکردنی حزبدا تەرح دەکران و تا ئێستاش تەرح دەکرێن؟.

بیرمەندی ناوداری مارکسی (جۆرج لۆکاچ) لە وتاری (مارکسیزمی میتۆدیی چییە)؟ دەنووسێت (مارکسیزم لە یەکەم نیگادا و لە هەمووی باڵاتر شێوازە.. مارکسیزم بە مانای باوەڕکردن بە ناوەڕۆك و گەوهەری تیۆری مارکسیی یان هەڵهێنجانەکانی ئەو نییە, مارکسیزم شێوازێکە هەم بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە, هەم بە مەبەستی پیادەکردنی گۆڕان, مارکسیزم رەوشێکی دیالێکتیکییە). لۆکاچ لەم پەرەگرافەدا بە رەوانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مارکسیزم لە خۆیدا شێوازێکە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و رەخنە, دیارە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیی, خودی چەمکی زانستیش هەروەك (کارل پۆپەر) دەڵێت (بریتییە لە رەخنە و هەڵسەنگاندن). ئا لەم چرکەساتەدا تێدەگەین چۆن بە پێچەوانەی دەربڕینەکەی (لۆکاچ)ەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی باوەڕێکی کۆنکرێتی و کوێرانەیە بە مارکسیزم, ئەگەرنا نە رۆحێکی رەخنەییان هەیە, نە شێوازێکی شیتەڵکردن و توێژینەوە. ئەمەش ئەو گەوهەرە دووپات دەکاتەوە تا لەوە نەگەین مارکسیزم شێوازێکی توێژینەوەیە ناتوانین قبوڵی رەخنە

بکەین (وەك کۆمۆنیستی کرێکاریی). ئاخر بینینمان لە بری رەخنەگرتن لە خۆ و پێداچوونەوە بە ئەزموونی سیاسیی رابردوودا، رەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ملی بە ئاقارێکی ترسناکی تاکڕەهەندیی و تاك حزبی و تاك سەرکردەییدا دەنا.

گۆرتەر دەڵێت (بەڵشەفیکەکان, بانەکو, سپارتاکۆسە ئەڵمانەکان لە جیاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا, دیکتاتۆریی پارتییان سەپاند, ستالین جێگەی دیکتاتۆریی پارتی بە دیکتاتۆریی بیرۆکراسی گرتەوە و بەڵشەفیکەکان هەموو پارتییەکانی تریان لەناوبرد, ستالینیش پارتی بەڵشەفی خنکاند لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی تاقمی پۆناپارتیستییدا). بە هەمان جۆر کۆمۆنیستی کرێکاریی هەموو بۆچوون و دیدگاکانی تری کۆکردبۆوە لە هەڕەمێکدا و لە لوتکەی هەڕەمیشدا مەنسور حیکمەت هەبوو, هەموو فراکسیۆن و دیدە جیاوازەکان لە بۆتەی حیکمەتیزمدا توێنرانەوە و لەناوبران و خرانە دەرەوە. حیکمەتیزمیش بۆیە ئاینێکی پیرۆز و مەنسور حیکمەت لە چاکترین حاڵەتدا بووە پێغەمبەرێکی بێ تاوان و فریشتەئاسا. ئیدی بەم جۆرە و هێدی هێدی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەرەو بزووتنەوەیەکی ئاندیڤدئالیزمی رێچکەی بەست، کە گرنگیدان بە تاکەکەس (مەنسور حیکمەت) لە سەرو هەموو شتێکەوە بووە. دواجار بە پێچەوانەی وتەکەی (کانت)ەوە (پێویستە هەموو شتێك بە رەخنە بسپێرینەوە) کۆمۆنیستی کرێکاریی بە ئاقارێکی سکتاریستی و تاکەکەسیی سەرلێشێواوانە ملی نا، رەخنە و پێشنیارە بە کەڵکەکان درانەوە بە چرو چاوی خاوەنەکانیاندا و ئەسپە شێی دیکتاتۆرییەتی تاکەکەسیی و سەرکردە بێئاگاکان بەرەو ترسناکترین و کوشندەترین مەرز و سنوور ملی رێگەی گرتەبەر.

# 4
# خەونە پەمەییەکانی شۆڕش

## گۆڕینی هەرفۆرماسیۆنێکی کۆمەڵایەتی بۆفۆرماسیۆنێکی تری کۆمەڵایەتی تەنیا لە رێگەی شۆڕشەوە دەبێت

کارل مارکس

مارکس لە ئەنجامی توێژینەوە و قاڵبوونەوە لە بواری ماددییەتی مێژوودا گەیشتە ئەو بڕوایەی، خەڵکان بەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دابەشکراون، مارکس پێیوایە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی لێ بترازێ بریتییە لە ناکۆکی چینایەتی. مارکس دواجاربەودەرەنجامە گەیشت، کۆتاییهێنان بەجیاوازیی نێوان چینەکان تەنیا لەرێی یەك میکانیزمەوە دەبێت، بێگومان ئەو میکانیزمەش شۆڕشە. (شۆڕش- Revolution)یش بریتییە لە گۆڕانێکی قووڵی بنەڕەتیی و بنیاتنەرانە. لای مارکس شۆڕش گۆڕانە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی میسالیی (نموونەیی)یە و تیایدا مرۆڤەکان بەشێوەیەکی یەکسان لە ژیان و مافەکان بەهرەمەند دەبن. مارکس شاری نموونەیی خۆی ناونابوو (کۆمۆنیزم)، هەروەك چۆن ئەم شارە لای (کامپیلا) ناوی شاری (خۆر)ە، لای (بیکۆن)یش دورگەی (ئەتڵەند) ولەلای (فارابی) شاری چاکەکاریی (مدینە الفاضلە) ولای پێغەمبەر محەمەد (بەهەشت). «هەرچەند من نامەوێ ئەوە بڵێم سۆسیالیزم رەوشێکی ئایدیالیستییە».

دوای مارکس، کۆمۆنیستەکانی دوایی هاتن، بەتایبەتی (ڤیلادیمێرلینین) زۆر بە قووڵی کەوتە ژێرکاریگەریی چەمکی شۆڕش و بەرپاکردنی راچەنینی چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە دژی نابەرابەریی سەرمایەداریی. بۆ یەکەمین جاریش لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لەسەردەستی (لینین) و هەڤاڵەکانی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی لە وڵاتی روسیا بەرپاکرا «هەرچەند لە شوبات شۆڕش روویدا، لینین تەنیا کودەتای کرد بەسەرشۆڕشەکەدا»، ئەمەش یەکەمین جاربوو

کۆمۆنیستەکان لەدوای شکستی کۆمۆنەی پاریسەوە دەست بۆ شۆڕشێکی وا سەرکەوتوو بەرن «هەرچەند لینین زیاتر دەستکەوتەکانی شۆڕشی چنییەوە، نەك شۆڕش بەرپا بکات»!!. ئیدی هەرلە ساتەوەختی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دروستبوونی دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستی لە روسیادا (لە راستیدا سەرمایەداریی دەوڵەتی بوو) پەتای شۆڕش سەرجەم پارت و گروپە چەپەکانی دنیای گرتەوە. بەڵام لە راستیدا ئەو شۆڕشەی (مارکس) باسی دەکرد جیاواز بوو لەو هەرایەی لە روسیادا لەسەر دەستی لینین روویدا، بەو پێیەی دەتوانین بڵێین ئەوەی لە روسیا قەوما زیاتر کودەتا بوو وەك لە شۆڕش. چوونکە مارکس پێیوایە کاتێك زەمینەی شۆڕش فەراهەم دەبێ, ناکۆکی چینایەتی گەیشتبێتە لوتکە و بە جۆرێك ناکۆکییەکان قووڵ بن, بگەنە مەرزی تەقینەوە.

مارکس لای وابوو هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵدا ساتێك دەگەنە قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەکردنیاندا لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا کە پەیوەندیی چینایەتی دەکەونە (تناقض)ێکی توندوتیژەوە, ئیتر ئەمە ساتەوەختی سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە. مارکس لە دەقێکی بەناوبانگی پێشەکی کتێبی (بەشدارییەك لە رەخنەگرتن لە ئابووری سیاسیی) مەرجە مێژووییەکانی بەدیهێنانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکردووە, واتە مەرجەکانی گواستنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی لە سیستمێکی بەرهەمهێنانەوە بۆ سیستمێکی تری بەرهەمهێنان, ئەم شۆڕشە ملکەچی خواستی (زاتی) نییە, بەڵکو وەك پێویستییەکی مێژوویی ئەنجامی گەشەی هاودژە بنچینەییەکەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکە (تناقض)ی ئابوورییە لە چوارچێوەی پەیوەندیی پێکەوە بەسترانی ئاڵۆزیدا بە هاودژە بونیادییەکانی ترەوە و هەمووشیان لە چوارچێوەی گەشەی سەرانسەریی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەدا, لە ئەنجامی ئەم گەشەیەوە شۆڕش وەك زەرورەتێکی مێژوویی دێت, هێزەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵدا کاتێك دەگەنە قۆناغێکی دیاریکراولە گەشەیاندا لەگەڵ

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا کە پەیوەندیی چینایەتین دەکەونە (تناقض) ێکی توندوتیژەوە، جا بەهۆی ئەم هاودژییەوە ئەو پێوەندانەی بەرهەمهێنان دەبنە رێگر لەبەردەم هێزەکانی بەرهەمهێناندا، پاش ئەوەی لەپێشتردا قەوارەی گەشەیان بوون، ئالەم کاتەدا قۆناغی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات. (بڕوانە گۆڤاری بیری نویێ/ ژمارە ١٧-١٩٩٢).

دوای وردبوونەوە لەم پەرەگرافە کە تێگەیشتنی (مارکس)ی دەربارەی چەمکی شۆڕش تێدا روون کراوەتەوە، باوەڕبەوە دەهێنین هەنگاونان بۆدەسەڵات گرتنە دەست لە روسیا و بەرپاکردنی کودەتایەك بەناوی شۆڕشەوە چەند کارێکی ناواقیعی و نەگونجاو بوو، ژ بەرئەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و گەشەی بەرهەمهێنان و ناکۆکی چینایەتی، لە روسیای دواکەوتووی تزاریدا نەگەیشتبۆیە ئەو راددەیەی (مارکس) باسی دەکات کە بریتییە لە راددەی پێکهەڵپڕژان و تەقینەوە. بیرمەندی ناسراو (رۆژیە گارۆدیێ) ئەوە روون دەکاتەوە، کاتێك مارکس هەستا بە دیاریکردنی سۆسیالیست، شیکردنەوەکانی لەسەر شێوازی سەرمایەداریی دانابوو، یاخۆ بە واتایەکی تر رژێمی سەرمایەداریی ئینگلیزیی کە لەو سەدەیەدا گەلێك پێشکەوتوو بوو، ئەوکات سۆسیالیست بە نیسبەت ئەوەوە تێپەڕاندنی ئەو سەرمایەدارییە بوو، کە ناکۆکی گەیشتبۆیە ئەوپەڕی قۆناغی تەقینەوە، بەڵام لینین بەرەنگاری شۆڕش بۆوە و ناچاربوو بۆچوونەکانی مارکس وەربگێڕێ و وتی (لەپێشدا دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا دەگرین ئینجا بارودۆخی سۆسیالیستی یاخۆ مەرجەکانی پێکدێنین). گارۆدیێ، زۆر بە وردی پەنجە دەخاتە سەر ئیشکالییەتی خودی (لینین) لەمەڕ چەمکی شۆڕش و ئەوەش ئاشکرا دەکات، لینین دەیزانی پێش مەرجەکانی سۆسیالیزم لە روسیادا بوونی نییە، بەڵام پێیوابوو دەتوانن لە رێگەی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە دروستی بکەن، وا یدەزانی بە میکامیزمی دەوڵەت دەتوانن فیودالیزم و بارودۆخی دواکەوتووی روسیا لە رووی گەشەی سەرمایەدارییەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغی

سۆسیالیزم. بۆیە لینین زۆرتر تەرکیزی لای شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوو، شۆڕشێك بتوانێ سەرجەم سیما و ئەدگارەکانی «سیستمی چەوسێنەری کۆن» بگۆڕێت.

(گارۆدێ) ئەم جارە بەوردی دەچێتە سەرواقیعی ئەو کاتی وڵاتی روسیا و دەنووسێ (کاتێ لینین دەستی بەسەردەسەڵاتدا گرت، بارودۆخ بەم شێوەیە بوو: چینی کرێکارلە روسیا لەساڵی ١٩١٧ تەنیا ٪٣ دانیشتوان بوو، لە جەنگی ناوخۆدا وشیارو چاك و چالاك و گورجترین ئەندامانی ئەم چینە لە ریزەکانی پێشەوەی بەرەی جەنگدا گیانیان لە دەستدا، دواى کۆتایی جەنگ رێژەیان گەیشتە ٪١ دانیشتوان، ئەمەش مانای ئەوەیە حزب بە ناوی چینێکەوە دەدوا هێشتا بوونی دروست نەببوو، یاخۆ هەرلەدایك نەببوو، ئەمە یەکێکە لە هۆکارە بابەتییەکانی ستالینییەت، حزبێك بە ناوی چینێکەوە دەدوێ، بوونی نییە یان وەك کەمایەتییەك بوونی هەیە و ناتوانرێ بۆی بگەڕێتەوە). ئەگەرلەژێر رووناکی ئەم وتەیەی (گارۆدێ)دا تاکە شتێك فێربین، بریتییە لەوەی شۆڕشی کۆمۆنیستی (یان بڵێین کودەتاکەی بەڵشەفیك) لە روسیا لە زەمینەیەکی نالەباردا تەقییەوە، هەر ئەم هۆکارەش بەهێزترین و کاریگەرترین فاکتۆر بوو لە راستای هەنگاو نەنانی کۆمەڵی روسی رووەو سۆسیالیزم و دواتر کۆمۆنیزم. هەربۆیە لە سەرەتای بەرپاکردنی شۆڕشەکە و جێکەوتەی دەسەڵاتی بەڵشەفیزمدا دەزانرا ئەم شۆڕشە شکست دەخوات یان هەنگاو دەنێ بەرەو بۆرژوازییەت و سەرمایەداریی دەوڵەتی.

ئەوەتا ترۆتسکی دەڵێت (رژێمی سۆڤێتی ئەگەرتەنیا لە روسیا مایەوە ئەوە یان دەڕوخێت یا وردە وردە بۆگەن دەکات، راستییەکەشی ئەوەیە لە سەرەتادا بۆگەن دەکات و پاشانیش دەڕوخێت) یان نموونەیەکی تر، لە کۆنگرەی (١١) ی پارتی بەڵشەفیك لە مارسی (١٩٢٢) لینین باسی لەو پشتیوانییە کرد لەکاتی (Nep)دا برێك لە سیاسەتمەدارانی بۆرژوازیی، بە تایبەتی پرۆفیسۆری لیبرال (ئۆستریالۆڤ) لایەنگریی و پشتیوانی خۆیان بۆ روسیا دەربڕیبوو.

(ئۆستریالۆڤ) ئەگەرچی کەسێکی کادیت و بۆرژوازیی بوو، بەڵام دەیوت (من پشتیوانی دەسەڵاتی سۆڤێتی لە روسیا دەکەم, چوونکە ئەورۆ رێگەیەکی وەهای گرتۆتەبەر, لە ئایندەدا دەبێتە دەسەڵاتێکی بۆرژوازیی ئاسایی). لینین و هەڤاڵەکانی لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەڵشەفیك, ئەم ئەگەرەیان بە دوور نەدەزانی, لەم بارەیەوە لینین تەئکید لەسەر وتەکەی (ئۆستریالۆڤ) دەکاتەوە و دەڵێت (ئەوشتانەی ئۆستریالۆڤ, باسیان دەکات رێی تێدەچێت بێنە دی, پێویستە بە راشکاویی دانیپێدابنێین, مێژوو گۆڕانکاریی هەمەجۆر بەخۆوە دەبینێت, تەنیا پابەندبوون و سووربوون لەسەر بیروباوەڕی بەتین و دڵسۆزیی و وەفاداریی بەس نییە, ئەمە لە سیاسەتدا شتێکی ناڕاست و بێ بناغەیە).

ئیتر لێرەوە تێدەگەین بازدان بەسەر قۆناغەکاندا و حساب نەکردن بۆ زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری وڵات چیتر بەرهەم ناهێنێ جگە لە شکست, لینین لێرەدا رووی دەمی کردۆتە ئەندامانی بەڵشەفیك و هۆشدارییان دەداتێ, تەنیا پابەند بوون و دڵسۆزیی بۆ فیکر مەرج نییە, بەڵکو ئەوەی گرنگە کارکردنە لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکاندا و خوێندنەوەی واقیعییانەی کۆمەڵگە مەرجێکی هەرە گرنگی سەرکەوتن و جێکەوتە بوونە. بە هەرحاڵ کۆمۆنیستەکان توانیان لە وڵاتێکی دواکەوتووی کشتوکاڵیدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و یەکەمین ئەزموونی دەسەڵاتی خۆیان تاقی بکەنەوە, بەڵام دروست بەپێچەوانەی ئەوەی مارکس و ئەنگلس لە ساڵی ١٨٨١ بۆ پێشەکی چاپی روسی (مانیفێستی کۆمۆنیست) نووسیبوویان کە پێیانوابوو دەکرێ شۆڕشی چینایەتی لە روسیای فیوداڵیدا بتەقێتەوە و دواتر سەرجەم ئەوروپا بگرێتەوە, روسیا خۆیشی نەیتوانی بەرگە بگرێت و ئەزموونەکە لەوێش تووشی شکست هات و دواجار لە گەندەڵی و دیکتاتۆریەتدا نغرۆبوو و داتەپی.

دوای حەفتا ساڵ لە دەسەڵاتی سۆڤێت و کۆمۆنیستەکان لە ناوچەیەکی بەرینی جیهان نەك ئەوەی مارکس پێشبینی کردبوو نەهاتەدی, بەڵکو

بەپێچەوانەوە تووشی شکست و شۆك هات و سەرمایەدارییش چووە قۆناغی گلۆبالەوە. مارکس وەهای تێبینی کردبوو تابۆیەك ئاسمانی ئەوروپای گرتووە و ئەو تابۆیەش کۆمۆنیزمە، (لینین)یش مژدەی ئەوەی پێدەداین ئیمپریالیزم دوا قۆناغی سەرمایەدارییە، کەچی بە پێچەوانەی بینین و بۆچوونەکانی مارکس و لینین و بیرمەندانی دی مارکسیزمەوە نە تابۆی کۆمۆنیزم ئاسمانی ئەوروپای گرت و نە ئیمپریالیزم دوا قۆناغی کاپیتالیزم بوو، نە ناکۆکییە چینایەتییەکان بوونە هۆی تێکشکاندنی سەرمایەداری، ئەو شۆڕشەشی باسیان دەکرد بۆیە سەرابێکی دوورو خنکێنەرو یۆتۆبیایەکی بی مانا. (ریمۆن ئارۆن) دەنووسێ (لەگەڵ شۆڕشی تەکنۆلۆژیدا سەرمایەداریی وردە وردە بەرەو ئەوە دەچێت تا ببێتە سیستمێکی هاوسەنگی هێزەکان و ئەو لاسەنگیانە راست بکاتەوە لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازییەوە خەسڵەتی دیارو ئاشکرای کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکانە). ئا بەم جۆرە نەك گەشەی سەرمایەداریی نەبۆیە هۆی فەوتانی سەرمایەداریی و مارکس وتەنی خۆی بخوا بەڵکو توانایەکی زیاتری دایە بۆ نوێبوونەوە وراگرتنی هاوسەنگی و بگرە توانی هەنگاو بنێ بەرەو بە جیهانیبوون.

دوای ئەم پێشەکییە دوورو درێژە و تیشك خستنەسەر تێگەیشتنی بیرمەندانی کۆمۆنیزم دەربارەی شۆڕش و هاوکات ئەزموونە تاقیکراوەکەی لە سۆڤێتی پێشوو، دێینە سەر باسی تێگەیشتن و روانینی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەمەڕ چەمکی شۆڕش. بیرمەندی ناسراو، خۆزێ ئۆرتیگای گاسێت دەڵێت (لە مێژووەوە فێری ئەوە نابین چ شتێك بکەین، بەڵکو فێری ئەوە دەبین لە چ شتگەلێك خۆمان بە دوور بگرین). دەبوا کۆمۆنیستی کرێکاریی رەچاوی ئەم وتەزایەی (گاسێت)ی کردبایە و لە هەڵەی کۆمۆنیستانی پێشین و ئەزموونی دوورو درێژی کاروانی هەڵسوڕانی کۆمۆنیستەکانەوە فێربوونایە و لەو هەڵە و کەموکوڕتیانە خۆپارێزن ئەوان پیایدا تێپەڕین و تیایاندا تووشی شکست بوون، خۆ ئەگەر فێری نەکردنایە چی بکەن، دەبوا ئەوەی فێری کردنایە: حیساب

نەکردن بۆ واقیع و نەخوێندنەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی چ چەرمەسەرییەکی بە دواوەیە؟!. کۆمۆنیستی کرێکاریی دوای حەفتا ساڵ لە بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هاوکات لەگەڵ داڕوخانیدا بە هەمان دروشم و هوتافە سواو و کۆنەکانی بەڵشەفیکەوە بانگەوازیان کرد, گوایە ئەوان جیان لە هەموو کۆمۆنیستە مەکتەبی و ریفۆرمخوازەکان و چرای رووناکی شۆڕشیان بەدەستەوەیە و دەیانەوێ لە رێگەی شۆڕشی چینی کرێکارەوە کۆمەڵی کوردەواری رووە و سۆسیالیزم ئاڕاستە بکەن و کۆتایی بهێنن بە دەسەڵاتی رەشی سەرمایەداریی (بێ ئەوەی بوونی هەبێ).

کۆمۆنیستی کرێکاریی بەبێ ئەوەی حسابی کردبێ بۆ ئاستی پێگەی جەماوەریی خۆی و بەبێ ئەوەی کەمترین بەدواداچوونی کردبێت بۆ رەوش و زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵی کوردستان, شەڕی شۆڕش بەرپاکردنیان بە ئەندامانی خۆیان دەفرۆشت و دەیانویست شەڕێکی دۆنکیشۆتانەی هەمیشە دۆڕاویان پێ بکەن. خەون بینین بە شۆڕش و خرۆشانی جەماوەر و هاندانیان بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی ئەو ئەندێشە و هزرە خەیاڵپڵاوانەیەی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوو، هەتا ئەم ساتەوەختەش بیرکردنەوە و خەیاڵدانی داگیر کردوون!!. لەوە نەگبەتی تر لە دیدی سەرەوە و خوارەوەی کۆمۆنیستی کرێکارییدا شۆڕش تەنیا بریتی بوو لە خرۆشانی جەماوەریی و رووبەڕووبوونەوەی عەسکەریی و ئاوێزان بوو بە رۆحی کودەتا. لە چاکترین دیددا تێگەیشتنی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەربارەی شۆڕش لە تێگەیشتن و دنیابینی ئانارکیزمی تێنەدەپەڕاند, من بە خۆم هەرکاتێ گوێم لە وتەکانی جەنابی ئاغای حیکمەت دەبوو دەربارەی شۆڕش وا هەستم دەکرد ئەوەی سوخرانی دەکات (باکۆنین)ە نەك هیچ کەسی تر.

سەیرترین شتێك بەلامەوە ئەوە بوو کۆمۆنیستی کرێکاریی داوای دەسەڵات گرتنەدەستی هەنووکەیی دەکرد و هیچ ئامادەباشییەکی بۆ کارێکی لەو جۆرە

نەبوو، نە لە رووی نفووزەوە، نە لە رووی هەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی شیاو بۆ دەسەڵاتی مەوجود، ئەو ئەڵتەرناتیڤەشی خۆی لە نامیلکەی (یك دنیای بهتر- دنیایەکی باشتر)ی پرۆگرامی حزبدا دەبینییەوە چی تر نەبوو جگە لە زانیاریی منداڵێکی شەشی سەرەتایی دەربارەی دەسەڵات و سیاسەت و بەڕێوەبردن. من هەر ئەوکات دەمزانی خەیاڵی شۆڕش و تووشبوون بە وەهمی خرۆشان بۆ دەسەڵاتی گرتنە دەست، هەر لەو خەونە دەچێ تینوویەك بە ئاوەوە دەیبینێت، ئەو ئاوە لەبری تێری بکات، دوای بەخەبەرهاتنەوەی تینووتری دەکات. ئەم خولەکەی من پاکنووسی ئەم چاپتەرە دەکەم، یانزە ساڵی تەواو تێپەڕی کردووە، بەسەر دامەزراندنی (حککع)دا، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە: کام کات حزبی کۆمۆنیست بەهێزتر و بە ئیعتبارتر و خاوەن جەماوەرتر بوو ئێستا یان رۆژی ١٩٩٣/٧/٢١؟. ئەگەر لەو کاتەوە تاکە ئەندامێك زیادی کردووە (سەرباری کەمبوونەوەی) مافی خۆیانە باسی شۆڕش بکەن، ئەگەرنا با ئەم مەلەفە دابخەن و سەری کەسیش بەمەوە ئازارنەدەن.

## 5
## تەوتەمی مەنسور حیکمەت

بیرم لەوە دەکردەوە بۆ تایتڵی ئەم بەشە بنووسم: کاریزمای مەنسور حیکمەت لە گۆشەنیگای ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، بەڵام پیرۆز راگرتن و بڵندکردنەوەی جەنابی ئاغای حیکمەت بە جۆرێکە زۆر لەوە زیاترە وەك سەرکردەیەکی کاریزماتیکی سەیری بکەین بەڵکو زێدەتر وەك تەوتەمێك یان خواوەند دەپەرسترێت (واتە گوێی لێ دەگیرێت و سەیری دەکرێت). من زۆر بە وردیی ئەم دیاردەیەم بەراوورد کرد و لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت شان و شکۆی ئاغای حیکمەت زۆر پایەدارترە لە شان و شکۆی گاندی لای هیندییەکان، بە هەمان شێوە سەیرم کرد پلەی حیکمەت زۆر زیاترە لە کاریزمای ئەتاتورك و

خومەینی و ئۆجەلان و مستەفا بارزانی و قازی محەمەد، هەربەم بۆنەیەوە وام بە باش زانی لای خۆمەوە ئەو وشەیە راست بکەمەوە و لە بری زاراوەی کاریزما، موفرەدەیەکی تر بدۆزمەوە، لەوبەدوا گەڕانەشدا وشەی (تەوتەم)م بە باشترین زاراوە پەسەند کرد.

مەنسور حیکمەت لەوە دەرچووە بە تەنێ تیۆریسیۆنی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بێ، بەڵکو پێغەمبەرێك بوو کە قسەی دەکرد لەسەرکۆی ئەو هەبووانەی ژیانی تاکە تاکی مرۆڤەکان، وا بیریشی لێدەکرایەوە (ڤیلادیمێر لینین)ی هاوچەرخە و دەتوانێ تەکان بدات بە کۆمۆنیزم و جارێکی تر لەسەر دەستی ئەو و بە ژێرێتی بۆچوون و تەرحەکانی سۆسیالیزم و هیومانیزمی (کارل مارکس) دەگەشێتەوە و رێچکەی خۆی دەگرێتەوە بەر. مەنسور حیکمەت لە بری سەرجەم ئەندامانی حزب بیری دەکردەوە و فۆرمۆڵەبەندییەکانی ئەو ئیدی قابیلی گفتوگۆکردن و گومان و هەڵوەستەکردن لەسەری نەبوو، ئەو ئەرکی بیرکردنەوەی لە کۆڵ کادرو ئەندامانی هەردوو حزبەکەی کردبووەوە. هەر ئەندامێك خاوەنی بیرکردنەوە و گۆشەنیگای تایبەتی خۆی بوایە لەمەڕکۆمۆنیزم هەرگیز لێی قبوڵ نەدەکرا، بەڵکو پێویست بوو هەموو روانگە و روئیاکان لە بۆتەی حیکمەتیزمدا بتوێنەوە، هەموو چەمك و لایەنە هەمەجۆرەکانی پرسی سیاسەتکردن و حزبایەتی و دیسکۆرس و ئایدۆلۆژی حزب لە پێشدا بە رەوانی لەلایەن ئاغای حیکمەتەوە شرۆڤە و شیتەڵ کرابوون، ئیدی چی پێویستی دەکرد ئەندامێك یان کادرێك خۆی بەم جۆرە مەسەلانەوە سەرقاڵ بکات؟ بەڵکو دەخوازرا و گرنگ بوو ئەندام و کادر پراکتیزەی روانین و تێزەکان بکات کە سەرجەمیان بەرهەمی کارگەی حیکمەت و ئەقڵی تاکەکەسیی ئەو بوون.

شاعیرو رۆشنبیری نوێخوازی عەرەب (ئەدۆنیس) دەنووسێت (لە رۆشنبیریی ئاینییدا هەموو شتێك پێشەکی بیری لێ کراوەتەوە و چارەسەری کاربڕ و رەوای بۆ دانراوە و هەموو شتێك چ لە دنیا چ لە قیامەت ئاشکرایە و پێویستی بە بیر

لێکردنەوە نییە). کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەرهەمان ریتم و تێرمی بیرکردنەوەی ئاینی لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و حزبایەتی دەڕوانی وهەروەك وتم کۆی وردەکاریی و پلاتفۆرم و پڕنسیپە سیاسییەکان بە رۆشنی و پێشوەخت بیریان لێکرابووەوە، ئەو بیر لێکردنەوەیەش بەشێوەیەك بوو بە جاویدانی و بۆ هەمیشە لە قەڵەم درابوو، ئیدی ئەوەی دەکەوتە سەرشانی ئەندامان گوێڕایەڵی و چەسپاندنی ئەو سیاسەتانە بوو لە بواری واقیعدا نەك ئێزافەکاریی بۆسەر میتۆد و پرۆگرامی سیاسیی و ئایدۆلۆژیی حزب، تەنانەت ئەرکی کادرو ئەندامی ئەکتیڤ ئەوە نەبوو پرسیاریش دەربارەی چۆنێتی و سلبیات و ئیجابیاتی ئەو بەرنامەیە بکات،! بەڵکو دەبوو بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و بە یەقینەوە باوەڕی پێ بکات و کاریش بکات بۆ چەسپاندن و گواستنەوەی بۆ خەڵکانی دیکە. زۆربەی جاران ئەندامانی حزب بەو جۆرە رادەهێنران گەرداوایان لێبکرابایە سەربدەن بە دیواردا دەبوو لە پێشدا سەری پێداکێشن ئەوجا دوایی بێن گفتوگۆو دایەلۆگی لەسەربکەن و لە قازانج و زیانەکانی بکۆڵنەوە و باسی لێوە بکەن.

پرۆفیسۆر و قەشەی بەرازیلی (پاولۆ فرایەر) لە کتێبێکی بەناوبانگیدا بەناوی (پەروەردەی چەوساوەکان) زۆر بە روونی و وردیی ئاماژە دەدات بە فۆرمی مامەڵەکردنی مامۆستا لەگەڵ قوتابیدا، ئەولە کتێبەکەیدا چەند خاڵێك لەمەڕپەیوەندیی مامۆستا و قوتابی دەخاتە روو، لەوانە:

-مامۆستا فێردەکات، قوتابیان فێردەکرێن.

-مامۆستا هەموو شتێك دەزانێت، قوتابیان نەزانن.

-مامۆستا دەدوێت، قوتابیان سالارانە گوێ دەگرن.

-مامۆستا بیردەکاتەوە، قوتابیان بیریان پێدەکرێتەوە.

-مامۆستا وانەی رەوشت دەڵێتەوە، قوتابیان رەوشتداردەکرێن.

-مامۆستا لە پرۆسێسی فێربووندا رۆڵی کرداردەبینێت، قوتابیان تەنیا بابەت.

بەهەمەحاڵ فرایەربە درێژایی کتێبەکەی زۆر لایەن و خاڵی تر دەربارەی ئەم پرۆسێسە و سیماکانی مامەڵەی مامۆستا دەخاتە پێش چاو. هەربەو جۆرەی (فرایەر) باسی سیستمی پەروەردە دەکات، مەنسور حیکمەت وەك ئەو مامۆستایە وایە کە ئەو لەبارەیەوە دەدوێ، ئاخر ئەو (مەنسور حیکمەت) فێر دەکات و بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات و دەدوێت و رۆڵی کردار ئەدا دەکات، ئەندامانی حزبیش فێر دەکرێن و بیریان پێدەکرێتەوە و دەستیان لە بڕیاردا نییە و بەندەی گوێڕایەڵن و نوقە لە دەمیان نایەتە دەرێ و بابەتێکن لە بەردەستی رابەرایەتی حزبدا، ئەورابەرایەتییەی چی تر نازانن جگە لەو پەرەگراف نووسینانەی کە هەمووی جوینەوە و دووبارە کردنەوە و ترش و خوێ پیاکردنی بۆچوونەکانی ئاغای حیکمەتن.

بەدەرلەمەش لە کاتێکدا کۆمۆنیزمی کرێکاریی زیاد لەهەرشت پێیان لەسەرزەرورەتی عەلمانیەت دادەگرت و ستڕۆکتۆری سکۆلاریزمیش بریتییە لە جیاکردنەوەی پیرۆز (مقدس) لە دەسەڵات، کەچی کۆمۆنیستی کرێکاریی خۆی خاوەنی پیرۆز بوو لەوەش زیاتر ئەو پیرۆزە مرۆڤێکی ئاسایی کۆچکردووە کە هەربەچەشنی بت دەپەرسترێت و تێی دەڕوانرێت. کاتی خۆی (کارل مارکس) دژی ئاینەکان وەستاوەیە و بە تریاکی گەلان ناوی بردن (الدين أفيون الشعوب) بەڵام لەوە بێ ئاگابوو رۆژێك دادێ بیرۆکە و تێزو هەڵهێنجانە فەلسەفییەکانی خۆی دەبێتە جۆرێك لە ئاین لەوەش زێدەتر ئاینێکی توندڕەو و دەمارگیر. ئەی ئەوە نییە کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆتە ئاینی دەستەبژێرێك لە مارکسیستەکانی وڵاتی ئێمە و مەنسور حیکمەتیش بۆتە خواوەند و تەوتەمیان. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی ترەوە، من پێموایە کێشەی سەرەکی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە فەرامۆشکردن و کپکردنی بۆچوونی تاکەکەسدا بوو، تاك هەرگیز حسابی بۆ نەدەکرا و ناکرێت و گوێ بۆ هیچ تێگەیشتنێکی نەدەگیرا. لە چرکەساتێکدا کۆمۆنیستی کرێکاریی پڕوپاگەندەی رۆشنگەریی و مۆدێرنیزم دەکات کەچی زۆر

بە سلوکێکی دیکتاتۆرانە و سەرکوتکارانە مامەڵە لەگەڵ تێڕوانینی جودای تاکەکانی تەنانەت حزبەکەی خۆشیدا دەکرد و دەکات.

(کانت) دەڵێت (دروشمی رۆشنگەریی بریتییە لەوەی ئازابە و بوێربە و ئەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربهێنە)، بەڵام کۆمۆنیستی کرێکاریی بەکارهێنانی ئەقڵی سانسۆر دەکرد و بە کارێکی خەتەرناك و پڕ ترس سەیری دەکرد، بەکارهێنانی ئەقڵیش تەنیا لەوەدا دەبینرا تۆ باوەڕی رەها بێنی بە بۆچوونە دۆگم و کۆنکرێتی و موتڵەقەکانی مەنسور حیکمەت. کارل مارکس لە وتاری (چەند تێزێك دەربارەی فۆیەرباخ) دەنووسێت (هەرکاتێك ئەم فەلسەفەیە بە ئاین کرا و بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ دانرا ئەوە بەمانای مەرگی فەلسەفەکەیە). گەر ئەم وتەزایەی مارکس بەهەند وەربگرین لە بارەی فەلسەفە و ئایدیاکەی خۆیەوە ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی فەلسەفەکەی گەیشتۆتە غەرغەرە و قرخەقرخی رۆح هەڵکێشان لەسەر دەستی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، خۆ مەرگ هەر بریتی نییە لە سڕانەوە و لەناوچوونی فیزیکیی و فیعلی، بەڵکو دەشێ مەرگ لەوەدا بێت رەوتێك یان فەلسەفەیەك ئۆتۆریتە و کاریگەریی نەمێنێت لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا. هەرلەوروانگەیەشەوە وا هەست دەکەم رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لاشەیەکی ساردەوەبووی بێ گیانە و ناتوانێت بچووکترین مۆرك و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە بەجێبهێڵێت. لە چەرخێکیشدا رۆژی پێغەمبەرەکان و دابەزینی ئاینەکان بەسەرچووە تێناگەین و نازانین کۆمۆنیستی کرێکاریی بە خۆی و پێغەمبەرەکەیەوە (مەنسور حیکمەت) دەیەوێ چی بکات؟!

لەسەرێکی ترەوە کەسێتی (مەنسور حیکمەت) تێکەڵ کرابوو بە رۆحی فریادڕەس و ئەفسانە و خورافە، وا دەبینرا کۆمۆنیزمی پاش و پێشی ئەو دنیایەك جیاوازیی هەیە! لای ئەوان هاتن و ئاوابوونی ئاغای حیکمەت وەك هاتن و ئاوابوونی مەسیح وایە لای کریستیانەکان! یان وەك هاتن و ئاوابوونی پێغەمبەر محەمەد لای موسڵمانەکان یان زەردەشت لای ئێرانیانی دێرین. هەروەها وا

دەبینرا مەنسور حیکمەت سیمبۆلێکی پیرۆزە و یەکێکە لە پیاوچاکەکانی مێژووی نزیکی مرۆڤایەتی و دەیەوێت لە ڕێگەی تێزەکانییەوە «کە بۆ هەموو دنیایە» خێر و خۆشی بۆ هەموو جیهان فەراهەم بکات و دنیای بۆگەنیوی کاپیتالیزم بگۆڕێ بۆ (دنیایەکی باشتر)!، هەر لەم سۆنگەیەشەوە مەنسور حیکمەت بە فۆرمێکی وەهمی کرابۆیە کارەکتەر و سیمبۆلێکی جیهانی و سەرتاپاگیر و گشتگیر.

لە کاتێکدا کارل مارکس، فریدرێك ئەنگلس لە (مانیفێست)دا ئەم جۆرە روانینە رەت دەکەنەوە لەو کاتەی دەنووسن (چەمکە تیۆرییەکان لای کۆمۆنیستەکان بە هیچ شێوەیەك پشت بە بیروباوەڕیان ئەو پرنسیپانە نابەستێت کە پیاوچاکێك لە پیاوچاکەکانی جیهان دۆزیبێتییەوە یان دایهێنابێت، ئەو تیۆرییانە دەربڕینێکی پوختی بارودۆخێکی واقیعی خەباتێکی چینایەتی و جوڵانەوەیەکی مێژوویین کە هەن و بۆ خۆی بە بەر چاومانەوە پەرە دەستێنن). دروست بە پێچەوانەی ئەم دەربڕینەوە، کۆمۆنیستی کرێکاریی بەرهەمی بیر و ئەندێشەی ئاغای حیکمەت بوو، ئەو تیۆرییەشی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بۆ وەرچەخاندنی کۆمەڵگە دایانڕشتووە بە هەموو شێوەیەك بە بەرهەم و بیرۆکەی هزر و تێفکرینی ئاغای حیکمەت دادەنرێت.

پێشتروزۆربەی جارکە وتەزا و دەربڕینەکانی (نیتچە)م دەربارەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەخوێندەوە هەستم دەکرد زۆرزیادەڕۆیی کردووە لە دوژمنایەتیکردن و بەرەنگاریاندا، هەندێك جاریش بە گومانەوە دەمڕوانییە ئەو وتەیەی (نیتچە) کە دەڵێت (سۆسیالیزم خاچپەرستییەکی منحطە)، بەڵام لە هەنووکەدا تەواو بێگومانم لەوەی سۆسیالیزم نەك جۆرێکە لە خاچپەرستی بەڵکو لای کۆمۆنیستی کرێکاریی گەیشتۆتە رادەی تەوتەم پەرستی. رەنگبێ لە پرۆسێسی بە ئاینکردنی مارکیسزمدا کەمترین گوناە و سوچی کۆمۆنیستی کرێکاریی تێدابێ بەڵکو خودی فەلسەفەکە لە بنەچەدا خۆی تەقس و کەشوهەوایەکی وەهای تێدا بەدیدەکرێت سەر بۆ بە ئاینکردنی فەلسەفەکە دەردەهێنێت. (زیگمۆند

فرۆید) لە ساڵی (١٩٣٢)دا لە سیمینارێکیدا بەناوی (WeltanSchauung) وتی (مارکسییەتی پەیڕەوکراو، ئەگەرمەزهەبە ئایدیالیزمییەکان و هەموو وەهمەکانیش بسڕێتەوە و قەدەغەی بکات، وەهمی نوێ دروست دەکات کە هیچی لە وەهمەکانی پێش خۆی کەمتر نابێت بۆ گومان و گرانی چەسپاندنی.. بەڵشەفیك هەروەك ئاین ڕێگەیەك نادۆزێتەوە بۆ قەرەبوودانەوەی باوەڕدارانی لە بری ئەشکەنجە و بێ بەشی حازریان تەنیا بە بەڵێندان نەبێت بە جیهانێکی باشترکە هەموو پێداویستییەکانی تێدا بێت).

هەربەو چەشنەی (فرۆید) باسی لێوە دەکات کۆمۆنیستی کرێکاریی بەوپەڕی توندوتیژیی و دەمارگیرییەوە لە سەرجەم ئاینەکانی دەڕوانی (بە تایبەتی ئەوانەی بە ئاینی ئاسمانیی ناسراون) بەڵام هەرگیز خۆیشی ناتوانێت لەو چوارچێوەیە قووتاری بێ جگە لەوەی قەرەبووی دەکاتەوە بە بەرهەمهێنان و وەگەڕخستنی جۆرێکی ترلە ئاین، بەڵام ئەوئاینەی خوداکەی لە ئاسمان نییە، رەنگە خوداکەی لەسەرزەوی بێت و لەسەرڕووی رۆژنامە وێنەکەی ببینین یان لە تەلەفزیۆن سوخرانی کردنی شاگەشکەی لایەنگرانی بکات. بۆ وێنە ئەدۆڵف هیتلەرو جۆزێف ستالین و مۆسۆلینی نموونەی سۆپەرو هەرە باڵای ئەم جۆرە خواوەندانەن، مەنسور حیکمەتی کۆچکردووش نموونەیەکی بچووك و نزمی.

دوای ریزکردنی ئەودەیان رستەیە ونووسینی ئەم چەند پەرەگرافە دەمانەوێ بگەینە ئەودەرەنجامەی کۆمۆنیزمی پیادەکراو خۆی لەخۆیدا سروشتێکی وەهای هەیە زوو بەرەو ئاین دەڕوا و کۆمۆنیستی کرێکاریش زۆر بە توندیی دەستی بە لایەنە ئاینییەکەی کۆمۆنیزمەوە گرتووە، مەنسور حیکمەتیش لە جەمسەری بڵندی ئەم ئاینەدایە و تەوتەمێکە بۆ پەرستن و گوێڕایەڵیکردن و خۆبەختکردن و نووسینەوە و پراکتیککردنی وتەزاکانی وەك ئایەتی قورئان، هەروەکیش نووسەری هێژا کاك (هەندرێن) لە وتارێکدا نووسیویەتی کاتێك ئەندامێکی کوردی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئاغای حیکمەت بە جلی کوردییەوە دەبینێت

دەبووژێتەوە! چوونکە لای سەیرە ئەم ئەفسانە سەرسوڕهێنەرە بەم جۆرە دەبینێت. دوا خاڵیش هەر ئەوە ماوە بڵێین مەنسور حیکمەت بە ویستی خۆی بێت یان نا ئێستاش لە پاش کۆچکردنی ئەوەندەی تەوتەمێکە بۆ عیبادەت، نیو ئەوەندە هزرمەند و رابەرێکی سیاسیی نییە.

## 6
## جەنگێکی دۆنکیشۆتانە دژی ئاین*

ئاین وەك پێکهاتەیەکی مەعریفیی ئاڵۆز هەڵقوڵاوی ساتەوەختێکی ژیانی مرۆڤایەتییە کە مرۆڤی سەرەتایی دەستەوەستان بووە لە بەرامبەر پرسیارەکانی خۆی و دیاردەکانی سروشت، لەبەردەست رانەگەیشتنی بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی هەمیشە بێ وەڵام بوونە و مێشکی مرۆڤی دێرینی وروژاندووە پەنای بردووەتە بەرچەمك و پەناگەیەکی وەها بتوانێت قەناعەت بە خۆی بکات و خاڵی بێتەوە لە قەلەقی و پرسیار و گومانەکان و خودی خۆی پێ رەها و ئاسودە بکات. چرکەیەك فینۆمینەکانی سروشت لە بەردەم مرۆڤی کۆندا تەقیوونەتەوە هەمیشە سەرنجی بۆ ئەوە چووە هێزێکی نادیار و میتافیزیکی لە پشتییەوە راوەستاوە، بۆوێنە پێدەچێت هەورە تریشقە یا بورکان یان تەرزەبارین و لافاو شتگەلێك بووبن مرۆڤی سەرەتاییان تۆقاندبێت و لە خاوەنی ئەم دیاردە ناتوراڵییانەیان کۆڵیبێتەوە، ورده ورده‌ش لە ئەنجامی ئەم هەموو تێڕامان و بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی ئاین لە دایك بوو، لە رەهەندێکی ترەوە دکارێ مرۆڤ لەهەرلەحزەیەکدا لە خۆی روانیبێت و پرسیاری کردبێت: من چیم و بۆچی هاتوومەتە ئەم دنیایە؟ کێ ئافراندومی؟ دوای مەرگ بۆ کوێ دەچم؟ ئایا حیکمەت لە بوون و کۆتایی من چییە؟.

(ئەندرۆلانج) وەك پسپۆڕێکی بواری میتۆلۆژیا دەڵێت «شتێکی ئاساییە مەسەلەی پەیدابوونی جیهان و مرۆڤ، بیری ئادەمیزادی کۆنی خەریك کردووە، شتێکی سروشتییە نزمترین عەقڵیشی لە پەرەسەندندا خەریك کردبێت،

چوونکە ئادەمیزاد لە هەموو شوێن و کاتێکدا دەبێت ئەم پرسیارەی کردبێت: من کێم، لە کوێوە هاتووم؟ چۆن ئەم گەردوونە پەیدا بووە؟ بۆچی ئەم شتانە لەم شێوەیەدان»؟. ئیدی لێرەوە ئاینەکان بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەم گومان و پرسیار و وردبوونەوانەی مرۆڤ لە دایکبوون، بەڵام ئاین هەرلەم چوارچێوە بەرتەسکە نەماوەتەوە بەڵکو بە درێژایی و تێپەڕبوونی مێژوو پەرەیسەندووە، هەروەك چۆن فۆرم و شێوەکەشی پەرەیسەندووە! سەرەتا لە پەرستنی تەوتەم و دواتر فرە خواییەوە تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە حاڵەتی کەماڵ لە چوارچێوەی ئاینی یەکتاپەرستیدا. بەڵام دواتر لەگەڵ گەشەکردن و فراوانبوونی هۆشیاریی مرۆڤدا خودی ئاین پیرۆزیی خۆی لە دەستداوە و چۆتە ژێر رۆشنایی رەخنە و گومانکردنەوە، ئەمەش بابەتی کێشمەکێش و ناکۆکی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم «ئاینیش وەك بەرهەمی ئایدیالیزم» و لایەنگرانیان بووە بە درێژایی هەزاران ساڵ. جێگەی خۆیەتی هێما بکەین بۆ ژیاری کۆنی گریك، ئەوژیارەی ساحەی کێشمەکێش و لێتوێژینەوەی قووڵی فەلسەفی بوو لەمەڕ ماتریالیزم و ئایدیالیزم و چۆنێتی دروستبوونی گەردوون و ئەتۆم و مادده، لەو رووەوە چەندین فەیلەسوف لە دوان و نوسراوەکانیاندا بە وردی پەنجەیان خستۆتە سەرئەم چەمکانە.

(هیراکلیتس) یەکێکە لە فەیلەسوفە ماتریالیستەکانی ئەوژیارە، ئەو لایەنگری ئەوە بوو گەردوون هەبوویەکی ئەزەلییە و هەرهەبووە نەك خودایەك دروستی کردبێت، ئەم باوەڕە لە کرۆکی ئەم وتەیەی (هیراکلیتس)ەوە هەست پێدەکەین کە دەڵێت (ئەم سیستمەی گەردوون کەس دروستی نەکردووە، نە خوا و نە هیچ کەسێکی تر، بەڵام هەمیشە بووە و هەر دەبێت و هەمیشە لە شێوەی ئاگرێکی زیندووی دەمێك کڵپەسەندوو و دەمێك لە شێوەی کوژاوەدا دەمێنێت». (لینین) ئەم وتانەی هیراکلیتس بە سەرەتایەکی زۆر چاکی ماددیی دیالێکتیکی داناوە، پاشانیش دۆزی ئاین و ئایدیالیزم و ماتریالیزم بووەتە

بابەتێکی گەرموگوڕی فەلسەفی و دەیان فەیلەسووفیش بە قووڵی و تێروتەسەلی لەو بارەیان کۆڵیوەتەوە و تێزەکانی خۆیان فۆرمۆڵەبەندیی کردووە. بۆ بەڵگە، لە سەردەمی شارستانێتی گریك ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری لەسەربووە و سنوور و مەودایەکی بەرینی بڕیوە و پەلوپۆی بۆ دەیان بابەتی فەلسەفی تر راکێشاوە. بە رادەیەك گفتوگۆکان گەرموگوڕ و قووڵ بوون، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین لە کاتی (پێریکلیس)دا ئەنجومەنی شاربڕیاردا «ئەوکەسەی باوەڕبە بوونی خودا نەکات و لە تەنە ئاسمانییەکان بکۆڵێتەوە بە تاوانبار دژی دەوڵەت دادەنرێت».

دواتریش فەلسەفەی ئەڵمانی زیاد لە هەرشت و بە چڕیی لە مەسەلەی ماتریالیزم و ئایدیالیزمی کۆڵیوەتەوە و پۆلێك فەیلەسوف و قەشە و رووناکبیر ژیان و تێزەکانیان تەرخان کرد بۆ شیکردنەوە و بە دواداچوونی ئەم بوارە. مارکس لە بارەی فەلسەفەی ئەڵمانییەوە دەنووسێت «هەموو رەخنەی فەلسەفەی ئەڵمانی لە شتراوسەوە تا شتۆنەر لە رەخنەی ئاین و پەیکەکانیدا خۆی دەبینێتەوە». لەناو فەیلەسوفانی ئەڵمانی (فۆیرباخ) لە دیارترینی ئەو فەیلەسوفە ماتریالیستانەیە خاوەنی خوێندنەوەیەکی قوڵ و هەمەلایەنەیە لە بارەی ئاین و ماتریالیزم و ئایدیالیزم. فۆیرباخ لەوقەناعەتەدا بوو خودا بەرهەمی ئەندێشە و خەیاڵپلاوی مرۆڤە، ئەوە مرۆڤە خودای لە هزری خۆیدا دورستکردووە نەك خودا ئەوی دروست کردبێت!!. ئاینیشی بە زادەی ترس دەزانی، لەم بارەوە فۆیرباخ دەڵێت «مرۆڤ بڕوا بە یەزدان دەکات نەك هەر لەبەرئەوەی بە تەنیا خاوەنی خەیاڵ و هەستە، بەڵکو لەبەرئەوەشە خۆی تێندێنسی ئەوەی هەیە بەختیار بێت، بڕوای بە بوونێکی بەختیار هەیە، بڕوای بە بوونێکی کامڵ هەیە نەك لەبەرئەوەی دیدی بەختیاری هەیە و بەس، بەڵکو لەبەرئەوەشە دەیەوێت خۆی بەختیار بێت، بڕوای بە بوونێکی کامڵ هەیە چوونکە دەیەوێن خۆی کامڵ بێت، بڕوای بە نەمریی هەیە چوونکە رقی لە مردن دەبێتەوە». پێشتریش فەیلەسوفە ماتریالیستەکانی تری وەك (سپینۆزا–

جۆن لۆك) هەمان تێگەیشتنیان هەبووە لە بارەی رەچەڵەك و فاکتۆرەکانی سەرهەڵدانی ئاین. لای تۆماس هۆبس (١٥٨٨-١٦٧٩) هەر بە هەمان چەشن یەزدان بە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ لە قەڵەم دراوە، ماتریالیزمی هۆبس وەك مارکس دەڵێت گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١-- گیان و دەروون وەك جەوهەری جیاواز لە ئارادا نین.

٢-- تەنەکان تاکە جەوهەرەکانن کە لە گێتیدا هەن.

٣- باوەڕکردن بە یەزدان تەنیا ئەنجامی خەیاڵی مرۆڤە.

ئەوەی لەم وتارە و لێرە جێی مەبەستە زیاتر دیدگای کۆمۆنیزم و مارکسە لەمەڕ ئاین، مارکس ژێدەری بیرۆکەکەی بریتییە لە (فەلسەفەی ژێرمانی– سۆسیالیزمی فەڕەنسی– ئابووری ئینگلیزی). دیارە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا زیاتر گەڕاوەتەوە بۆ (ماتریالیزمی فۆیرباخ) و (دیالیکتیکی هیگڵ) بە سوود وەرگرتن لەو دوانە رێچکەی تایبەتی خۆی لە (ماتریالیزمی مێژوویی و دیالێکتیك) دا چڕکردەوە. بەڵام دیدگای مارکس لەمەڕ ماتریالیزم و ئاین جیاوازترە لە دیدگای کۆی فەیلەسوفە ماتریالیستەکانی تر هەر لە یۆنانەوە تاکو فۆیرباخ، مارکس رەخنەکەی لە بەرامبەر ئاین بۆ شرۆڤەکاریی نییە لە بارەی تەنەکان و چۆنێتی پەیدابوونی گەردوون، بەڵکو لای مارکس و سەرجەم کۆمۆنیستەکان ئاین پتر لە روانگەی جیاوازیی چینایەتییەوە لێکدراوەتەوە و هەمیشە بەو جۆرە تەماشای ئاین کراوە سەرچاوەی دیلێتی و ژێردەستی چینە چەوساوەکان بووە لە مێژوودا.

«د.نەجات ئەلغەرباوی» لە وتارێکدا بەناوی «نامۆبوونی ئاینیی لە نێوان فۆیرباخ و کارل مارکسدا» دەنووسێت «رەخنەی مارکس لە بنەڕەتدا بەرەنگاریی ئەو ئەرکە رامیارییە دەبێتەوە ئاین بە ئەستۆی گرتووە و دەڵێت: بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئاینی مەسیحی داوا لە مرۆڤ دەکات ترسنۆك و خۆبە کەمزان و شەرمن و سەرشۆڕ و گوێڕایەڵ و گەوج و گێل و گەمژە بێت». مارکس ژبەرئەوەی

تێڕوانینەکانی خۆی لەسەرئەوە هەڵچنی بوو: ئابووری بەردی بناغەیە، بۆیە هەر لەو روانگەیەوە رەخنەکانی خۆیشی لە ئاین تەبەنی کرد، رەنگە لێرەدا کەسانێك هەبن وا بزانن لە پایەی فەلسەفی (مارکس) کەم دەکەینەوە بەوەی زیاتر بە توێژەرەوەیەکی ئابووری سەرمایەداریی دەزانین، بەڵام ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە مارکسی لاو لەگەڵ مارکسی پیر جیاوازە هەروەك جۆرج تەرابیشی دەڵێت «مارکس لە دەستنووسەکانی ساڵی ١٨٤٤ و ئایدۆلۆژی ئەڵمانیدا وەك فەیلەسوفێك دەستی پێکرد، بەڵام بە لێتوێژەوەیەکی ئابووریناسی سەرمایەداریی تەواو بوو». هەربۆیەشە مارکس هەوڵیدا لە کلاورۆژنەی ماتریالیزمی مێژوویی و هێڵکارییە ئابوورییەکانەوە لە ئاین بکۆڵێتەوە، ئەوەتا مارکس خۆی دەنووسێت «رەخنەی بنەڕەتیی لە ئاین وا پێویست دەکات چەقی بیرکردنەوەی بۆ بگۆڕدرێت و روو لەو بڕوایە بکەین کە تێیدا نامۆبوونی ئابووری سەرچاوەی نامۆبوونەکانی ترە».

لەلای کۆمۆنیستەکان ئاین داردەست و پایەیەکی سەرەکی بۆرژوازییە و پارێزەری سیستمی چەوسێنەری کۆنە کە خۆی لە سەرمایەداریدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە خەباتکردن لە دژی ئاین و خورافیاتی مەزهەبی بەشێکی دانەبڕاو و میحوەریی بووە لە خەباتی کۆمۆنیستەکان. فریدریك ئەنگلس پتر لە مارکس گرنگی و بایەخی داوە بە مەسەلە دینییەکان، جگە لەو کتێبەی بە هاوبەشی لەگەڵ (مارکس) لە ساڵی ١٨٤٦ بە ناوی (ئایدۆلۆژی ئەڵمانی) نووسیویەتی خاوەنی دوو کتێبی ترە لەو بارەیەوە کە بریتین لە (لێتوێژینەوە دەربارەی رەخنەگرتن لە ئینجیلەکان) و (ئەنتی دورینگ) وەك وەڵام بە پرۆفیسۆر دورینگ. ئەنگلس تێبینی ئەوەی کرد و گەیشتە ئەو روانگەیەی بۆرژوازییەت رۆڵی ئاین بە کەم نازانێت و بگرە بە هەند وەریدەگرێت بۆ تێکدانی ریزی کرێکاران و چەواشەکردن و لە رێ لابردنی کاروانی تێکۆشانیان. ئەنگلس دەربارەی سوپای رزگاریی ئینگلتەرە، دەنووسێت «بۆ پاراستنی گیانی ئاینیی لای کرێکاران بۆرژوازییەت بەوە رازی بوو

یارمەتی سوپای رزگاریی ئاینی بدات».

لینین وەك رابەری کۆمۆنیزم و پارتی بەڵشەفیك لە روسیا هەمان بۆچوونی مارکس- ئەنگلسی دووبارە کردەوە و هەرلەو سیاقەوە روانییە ئاین و رۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەدا وەك ئەوان تێیان روانیبوو. لای (لینین) ئاین ئامێرێکی کۆنەپەرستانەی دەستی بۆرژوازییە بۆ سەرکووت و سانسۆرکردنی خەبات و هاوپشتیی چینی کرێکاران و هێشتنەوەیان لە سایە و سێبەری ستەمی چینایەتیدا. (لینین) لە ٢٦ی مارسی ١٩٠٩ دەنووسێت «ئاین تلیاکی گەلانە، ئەم حیکمەتەی مارکس بۆتە بەردی بناغەی تەواوی تێڕوانینی مارکسیستی لەسەر کێشەی ئاین، مارکسیزم هەمیشە وا سەیری ئاین و کەنیسە و تەواوی رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە ئاینییەکان دەکات ئامێرێکی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازییە کە بەکاریان دێنێت بۆ بەرگریکردن لە چەوساندنەوە و گومڕاکردنی چینی کرێکار». لەلایەکی ترەوە هەریەك لە (کارل مارکس، ئەنگلس، لینین) بەرگرییەکی توند و شێلگیرانەیان کرد لە ماهیەتی سکۆلاریزم و رایانگەیاند ئەوان دژی تێکەڵاوکردنی ئاین و دەسەڵاتن! کارل مارکس پێیوابوو دەوڵەتی ئاینی بە تایبەتی لە نیشتمان و وڵاتە فرە ئاینەکان دەستدرێژییکردنە لەلایەن ئاینێکەوە بۆ سەر چەند ئاینێکی تر.

مارکس نووسیویەتی «کاتێك چەند ئاینێك هەبن و لە مافدا یەکسان بن، ناکرێت بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی بکەین، بەبێ ئەوەی دەستدرێژیی نەکرێتە سەر ئاینەکانی تر، هیچ دەستەیەکی ئاینی نییە سەرکوتگەریی ئاینێکی تر قبوڵ بکات ئەگەر بەشێوەیەکی هەرتەقی نەبێت، لێرەوە هەر پارچە نانێك دەکرێتە پاشکۆی باوەڕی ئاینیی و عەقیدە دەکرێت بە تاکە پەیوەندیی نێوان تاك و بوونی خودی تاك بەو سیفەتەی هاووڵاتییەکی دەوڵەتە». هەرلەمبارەوە (لینین) دەنووسێت «پێویستە دەوڵەت دەست نەخاتە کاروباری ئاینەوە، هەروەکو پێویستە ئاینەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان نەبێت

بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە».

بەهەرحاڵ درکاێ دوای ئەم دیباجەیە لەوە گەیشتبین خەباتکردن لە بەرامبەر ئاین و تەنانەت وەك لینین دەڵێت لەناوبردنیشی بەشێکە لە پرۆسەی سیاسەتکردن و خەبات لەلای کۆمۆنیستەکان، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی ئاین بە چ میکانیزم و جۆرێك؟ ئایا بەو جۆرەی مەنسور حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەڕێوەیان دەبرد؟ یان لەو کەناڵە گرنگ و هەستەوەرانەی مایەی ئەوەن لە پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت رۆحی ئاینیی پێ بدەین؟ ئایا مارکس یان لینین دژایەتییکردنی ئاینیان لە بەیاننامە دەرکردن و وتارە ساویلکە و کلاسیکییەکانی ناو رۆژنامەی ئۆکتۆبەردا چڕکردبووەوە یان لە بەرەنگارییەکی هەمەلایەنە و قووڵی فیکریی و فەلسەفی و رۆشنبیریی؟.

ئەوەتا لینین دەڵێت «پێویستە خەبات لە دژی ئاین لە چوارچێوەی راگەیاندنێکی ئایدۆلۆژیی رووتدا وەرنەگرین، دەبێت ئەو خەباتە وا بەرتەسك نەکرێتەوە». کۆمۆنیستی کرێکاریی زۆر ئایدۆلۆژیی و تەسکبینانە لە بەرامبەر ئایندا وەستابوو تەنانەت ئەوان لە لە نەخوێندەوارییەکی وەهادا دەژیان توانای لێکدانەوە و قەناعەت پێهێنانی ئەوەیان نەبوو بۆچی دەبێت خەبات بکەین لە بەرامبەر ئاین؟ رێگاکانی ئەوان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك نەبوو بۆ رزگاربوون لە کۆت و ئەسارەتی بیرکردنەوەی ئاینیی، لای ئەوان بەبێ پاساو یان با بڵێین بە هەندێك بیانووی سادە و ساکارەوە کە مایەی قبوڵ نەبوو لای هیچ کەس ئاین جێگەی دژایەتی و لە بەرامبەرەوەستانەوە بوو!، خەتەرناکترین حاڵەتێك ئەوەبوو کۆمۆنیستی کرێکاریی زۆر بێ زمان و دەستەوەسان بوو لە رۆشنکردنەوەی بیری خەڵك لە بەرامبەر ئاین، لە توانای ئەواندا نەبوو رێگەیەکی سەرکەوتوو بدۆزنەوە تا بتوانن پەیکەری ئاین تێکبشکێنن. لەوە مەترسیدارتر وا دەزانرا ئەو وتار و پەیڤە حەماسییانەی رابەرایەتی حزب بەسن بۆ ئەوەی ئاین بخرێتە حاشییەوە و پەراوێز بخرێت!!، ئەوان نەك هەمەلایەنە و فرە جۆر بەرە و رووی

ئاین نەبوونەوە بەڵکو تواناى ئەوەشیان نەبوو بە چەکی مارکسیزمیش کارێکی وا ئەنجام بدەن.

لینین کاتی خۆی بە وردی دیقەتی ئەم رەهەندەی داوە بۆیە لە شێوازی پێشنیارێکدا دەنووسێت «گەورەترین هەڵەی مارکسیەك ئەوەیە وەها تێبگات بە ملیۆن مرۆڤی مەحکوم بە جەهل و خورافە و نەزانیی بە تایبەتی جوتیاران و پیشەییەکان تەنیا دەکرێت لە رێگەی فێرکردنی مارکسیستییەوە رزگاربکرێن!!، دەبێت جۆرەها تەبلیغاتی ئاتەئیستی بخرێتە بەردەستی جەماوەر، ئەوان دەبێت لە روانگە و لایەنی جۆراوجۆرەوە لەگەڵ راستییەکانی ژیان ئاشنا بن، بۆ ئەوەی هۆگری ئەم مەسەلەیە بن و لە گێژەنی مەزهەبی بەئاگابن، دەبێت بەهەر رێگایەکی شیاو لێیان نزیك ببینەوە و لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە بە کەڵك وەرگرتن لە رێگای رێبازی جۆراوجۆر بیانبزوێنین». لینین و هەڤاڵەکانی لە پارتی بەڵشەفیك تەنیا مارکسیزمیان نەکردبووە دەرمانخانەی هەموو درمە کوشندەکانی کۆمەڵگەی روسی، ئەوان دەیانویست کەڵك لە ئەدەبیات و بیردۆزی غەیرە کۆمۆنیستی وەربگرن لە پێناوی رووناککردنەوەی زهنیەتی کرێکاران و جەماوەری خەڵك. کۆمۆنیستی کرێکاریی دروست بە پێچەوانەوە هەموو رەخنەکان لە کانگای تاك ئایدۆلۆژیا و سۆنگەی مارکسیزمەوە ئاراستەی ئاین دەکات و هەر جۆرە نەشتەرگەرییەکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدات تەنێ بە مقەست و داوی مارکسیزم دەستی بۆ دەبات، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی رەخنەکانیان زۆر تەقلیدیی و ساویلکە و منداڵانە بوو.

ئەندامێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی کاتێك دەیووت من دژی ئاینم نەیدەتوانی ئەوە بسەلمێنێت بۆچی دژی ئاینە؟ یان کاتێك دەیانووت ئاین دژی ئازادیی و مافەکانی خەڵکە لانیکەم نەیاندەتوانی کەمترین ئارگۆمێنت و فاکتی زانستی بۆ پاڵپشتی وتەکانیان بدۆزنەوە! دەشێ بڵێین رەخنەکانیان لە ئاین رەخنەی ناپەسەند و نازانستی بوون، زیاتر هەڵقوڵاوی هەڵچوونێکی عەفەویی و

سەرەڕۆیانە بوو. ئەوتەبلیغات و ئاژیتاسیۆنەی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە بەرامبەر ئاینی ئیسلام دەیکرد هیچ کات نەچووەتە خانەی رەخنەی ئەکادیمی و جیددی، پتر ئاوێتەی جنێو و مهاتەرات و رووشاندنی هەستی باوەڕدارانی ئاینی ئیسلام بووە! رەنگبێ لە سەرجەم نووسینەکانی (مارکس، ئەنگلس، لینین) تاکە دێڕێکی زبر و ساتیر ئامێز و نزیك لە جنێو ئاڕاستەی باوەڕدارانی ئاینەکان نەکرابێت، ناوی هەریەك لە (عیسا- موسا– محەمەد هتد..) بە هیچ کلۆجێك نەهاتۆتە سەر زاران، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان زۆر جیددی و هەراشانە بەرامبەر بە ئەقڵی ئاینیی وەستانەوە. مارکس و ئەنگلس بە زانستیی رۆڵی ئاینیان لە چەوساندنەوەی چینایەتیدا ناساند، نەك بە شێوەی ئیستفزازی باسی ئاین بکەن!!.

کۆمۆنیستی کرێکاریی بەردەوام لە قەیرانی ئەوەدا بووە تاکو بتوانێت وەڵامی پرسیارە مەزهەبییەکان بداتەوە و خەڵك بتوانن باوەڕ بە ئەرگۆمێنتەکەی بکەن، لەبەرئەوەی رەفتار و شێوە هەڵسوکەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە بەرامبەر ئاین دوور بوو لە پێوەدانگە مارکسییەکان و روانگەی ماتریالیزمی مارکس. دەکرێت ئەو وتەیەی (لینین)یان بەسەردا بچەسپێنین کە دەڵێت «مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بەشێوەیەکی دووپاتکراوە لەلایەن کۆمۆنیستەکانی ئێمەوە وەبەرچاو ناگیرێت، ئەو کۆمۆنیستانەی بە رواڵەت مارکسیستن، بەڵام بە کردەوە دەیشێوێنن، زانینی ئەوەیە لەنێو جەماوەری هێشتا دواکەوتوودا چلۆن هەڵسوکەوتێکی هۆشیارانە سەبارەت بە پرسیارە مەزهەبییەکان و رەخنەی هۆشیارانەی مەزهەب پێکبهێنن». کۆمۆنیستی کرێکاریی زۆر رواڵەتی و گەوجانە لەناو جەماوەری دواکەوتووی کوردستاندا بەرامبەرکێی لەگەڵ ئاین دەکرد، سەرئەنجامیش دژایەتی کۆمۆنیستی کرێکاریی نەك هەر زیانی بە ئاین و بیروباوەڕە دۆگماکان نەگەیاند بەڵکو بووە مایەی بەهێزکردنی هەستی ئاینیی خەڵك و گوڕدان و شەرعییەت بەخشین بەبوون و پێگەی کۆڕ و کۆمەڵ و پارتە سیاسییە ئاینییەکان.

لەوەش زیاتر پێ دادەگرم و پێموایە رەخنەکانی ئەندامان و کادێرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەعێراق بووبووە جۆرێك لە بزنس و بازرگانیکردن بەو جۆرە مەسەلانەوە، زۆرترین جاریش کرابووە کەیس بۆوەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە وڵاتانی خۆرئاوا!. هەندێك کات بەشێك لەو ئەندام و کادێرانەی (حککع) لە پرۆگرامیان دابوو وڵات بەجێبهێڵن هەڵدەستان بە جنێودان بە ئاین و کۆڕ و کۆمەڵە ئاینییەکان، رەنگێ بێژم کێشەکە لەوەدا نەبوو رەخنەگرتن لە ئاینیان بۆ کەیس بەکاردەهێنا، بەڵکو کارەساتەکە لەوێدابوو گشت ئەو بابەت و نووسراوانە سەرلەبەریان جنێوی ناشیرین و رەخنەی نائەکادیمیی و برینداركەر بوون. سەرەڕای ئەمەش شەڕی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەگەڵ ئاین شەڕێکی بێمانا و بێ ئەنجام بوو، چوونکە ئامانجی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە قەد ئەوەی لە ناوبردنی ئاین بوو بۆ پەڕاوێزخستنی نەبوو. ئەوەش کارێکی گەلێك زەحمەتە و تا ئێستاش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبینراوە کۆمەڵگەیەك دروست بووبێت خاڵی بێت لە ئاین و باوەڕە غەیبانییەکان، ئاین توخمێکی گرنگی کولتووری هەموو کۆمەڵگەکانە، توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ئەوەیان سەلماندووە ئاین و باوەڕکردن بە خودایەکی باڵادەست خاڵی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگەکانە لە سەرەتاییترین کۆمەڵەوە تاکو شارستانیترینیان. هەربۆیە شەڕی حیکمەتییەکان لەسەرلۆژیکێکی گەوجانە و ناڕۆشن پیادە دەکرێت، هەرلەبەرئەمەشە ناتوانێت جێگەیەك بگرێت و ئاسۆیەکی روونی لێ هەڵبێت. خولاسە سێ هۆکاری سەرەکی، وای کرد شەڕی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە بەرامبەر ئایندا بێ ئاکام و سەرەنجام بمێنێتەوە:

یەکەم: کۆمۆنیستی کرێکاریی زۆرلەوە هەژارتربوو بتوانێت خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ ئاینی ئیسلام بکات. خوێندنەوەیەك کونج و کەلەبەری شەریعەتی ئیسلام بگرێتەوە، هەموو ئەو رەخنانەشی بەرامبەرئاین هەیانبوو رەخنەی جیددی و ستراتیژیی نەبوون و پشت ئەستوور نەبوون بە میتۆدی زانستیی

و فاکتی ئەکادیمیی پێویست. ئەمەشیان لە بێ تفاقی مەعریفیی و روانینی تەنگەبەری ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

دووەم: کۆمۆنیستی کرێکاریی هیچ پرۆتۆکۆل و بەرنامەرێژییەکی نەبوو بۆ بەرامبەرکێ لەگەڵ ئاین و کۆڕ و کۆمەڵە ئاینییەکان بە تایبەتی ئەوانەی دەیانویست ئاین بگێڕنەوە بۆ سەر شانۆی دەسەڵاتی سیاسیی. ئەوەشی هەبوو چەند هێرشێکی پچڕپچڕ و سەرلێشێواوانە بوو.

سێیەم: لەبەرچاو نەگرتنی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتنی کۆمەڵی کوردەواریی، بە تایبەتی وەك دەبینرێت ئیسلام ریشەیەکی قوولی لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە. ئەگەریش سیاسەت جۆرێك بێت لە هونەر ئەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی نەیتوانیوە هیچ کات ئەو هونەرە وەك خۆی و لە کات و ساتەوەختی خۆیدا بەکاربهێنێت. ئاخر لینین وتەنی»ناپاکییە بچیتە شەڕێکەوە بزانی سەرەنجامەکەی بە قازانجی لایەنی بەرامبەر تەواو دەبێت». ئا لێرەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی ناپاکییەکی زۆر گەورەی کرد بەرامبەر بە خۆی و رەخنەگرانی بیری ئاینیی و لە سەنگەری جەنگێکی دۆنکیشۆتانەی هەمیشە دۆڕاودا گەورەترین زەرەر و زیانیان لە روانگەی ماتریالیستی و ئاتەئیستی دا.

پەراوێز:

*دۆنکیشۆت قارەمانی رۆمانی (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس، وەك رەمزی دۆڕاندن بەکارهێنراوە نەك سەرچڵی و ئازایەتی، ئەگەر وابوایە رەنگە لە بری دۆنکیشۆت «پرۆمیتۆس»م بەکاربهێنابا.

# 7
# کۆمۆنیستی کرێکاریی و مەسەلەی کرێکاران

ئەریك فرۆم دەنووسێت (ئامانجی مارکس ئازادکردنی مرۆڤە لە رووی رۆحییەوە، رزگارکردنێتی لە کۆت و بەندی جەبریيانەی ئابووری، گەڕاندنەوەی ئینسانییەتی ئینسانە لە فۆرمە گشتییەکەدا، هەروەها لەبۆ ئەوەیە مرۆڤ هاوئاهەنگی و هارمۆنییەتێك لەگەڵ هاوشێوە ئادەمییەکانی خۆی و لەگەڵ سروشتدا چێ بکات). هەرلەورەهەندەوە مارکس پێداگریی جیددی لەسەر ئەوەکرد دەبێت کرێکاران و زەحمەتکێشان لە کۆت و بەندی جەبريیانەی ئابووری رزگاربکرێن، تا ئەو هاوئاهەنگی و گونجانە دروستبێت لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەو ناوینابوو کۆمۆنیزم. مارکس ئەرکی گەورەی خستەسەر چینی کرێکارو رزگاریی ئەو چینەی خستە ئەستۆی خودی خۆی، بەڵکو پێیوابوو بەبێ ئەوەی کرێکارشۆڕش بکات ئیمکانی نییە قۆناغی سەرمایەداریی تێپەڕێنرێت.

لەم بارەیەوە (میشێل لۆی) دەڵێت: لەناو سەرجەم بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلسدا بەناوبانگترین بەرهەم مانیفێستی کۆمۆنیستە، لە راستیدا جیا لە کتێبی پیرۆز، هیچ کتێبێکی تر وەك مانیفێست وەرنەگێڕدراوە و لەو زیاتر بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام خاڵە هاوبەشەکەی لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا چییە؟ جیا لە ریسواکردنی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هیچ لێکچوویەکی تریان نییە، مارکس و ئەنگلس هەروەك (ئامۆس و ئەیزا)* قسەیان لەسەر چرووکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانە. هاواریان بۆ هاوپشتی لەگەڵ چەوساوەکان و زەبوونەکان دەکرد و هەروەك (دانیاڵی پێغەمبەر) نوسراوی سەر دیواری شاری «بابل»یان خوێندەوە (men,men, tekelup hasim– رۆژەکانت دەژمێردرێن)، بەڵام بەپێچەوانەی پەیامبەرانی کتێبی پیرۆزی عیبرانییەکان، ئومێدیان نەبەستەوە بە هیچ خودا و رزگارکەرێکی چاوەڕوانکراو، رزگاریی چەوساوەکان لە ئەستۆی خودی چەوساوەکانە.

مارکس و ئەنگلس، ئەوەندەی لە سەردەمەکەی خۆیان تێگەیشتبوون و تێبینیان کردبوو ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەر ژیان و کەسێتی و جەستەی تاکی کرێکارە هۆکارێکی بنەڕەتی و بەهێزە لە تووڕەکردن و بێزارکردنی زیاتری جەماوەری کرێکاران و دەبێتە فاکتۆری داگیرسانی مەشخەڵی شۆڕشی مەزنی چینایەتی و سەرەنجامیش ئەم کارە بە مەرگی سیستمی سەرمایەداریی تەواو دەبێت. مارکس و ئەنگلس بە بیریاندا نەدەهات سیستمی ئابووری و سیاسیی سەرمایەداریی قۆناغەکان بە سەرکەوتوویی دەبڕێت و زۆر لەوە زێدەتر تەمەن درێژتر دەبێ مینا ئەوەی ئەوان پێشبینیان کردبوو، بەڵکو وەهایان دانابوو سەرمایەداریی لە ئاکامی فراوانبوون و گەشەی خۆیدا لەناو دەچێ، هەربۆیە لە چەشن و بەرگێکی پێغەمبەرانەدا دەردەکەوتن و مژدەی سەرکەوتنیان دەبەشییەوە.

میشێل لۆی دەڵێت (تەنانەت مارکس و ئەنگلس پێیانوابوو شۆڕش لە روسیاوە بەرەو خۆرئاوای ئەوروپا دەڕوات، مارکس و ئەنگلس لە پێشەکی خۆیاندا بۆ وەرگێڕانی چاپی روسی مانیفێست لەساڵی ١٨٨١ سەرنجیان خستە سەر کاتێکی گریمانەیی کە تیایدا شۆڕشی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای خاوەندارێتی سۆسیالیستی دێرینەی جووتیاران لە روسیاوە دەستپێدەکات و دواتر پەل دەکێشێت بۆ ئەوروپای خۆرئاوا). هەروا لەو قەناعەتەدابوون تابۆی کۆمۆنیزم ئاسمانی ئەوروپا دەتەنێ و ئاڕاستەی هەموو شت هەنگاو رووەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بێ چین و چەوساندنەوە رێچکە دەبەستن، چوونکە بە دیتنی ئەوان کۆمۆنیزم دوا قۆناغی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتییە. مارکس و ئەنگلس کرێکارانیان بە داینەمۆی ئەم وەرچەرخانە دانابوو، هەموو هیواو ئومێدەکانیان بەو چینەوە بەستبووەوە، وەلێ بەپێچەوانەوە بە تێپەڕینی کات و گەشەسەندنی سیستمی سەرمایەداریی و خۆ نوێکردنەوەی بەردەوامی ئەو سیستمە، چینی کرێکاران داڕنران لە هەموو بەها شۆڕشگێڕییەکان و لە چینێکی ئەکتیڤی شۆڕشگێڕەوە بوونە چینێکی

لۆمپنی پەرش و بڵاوی بێ دەسەڵات.

فەیلەسووفی چەپی بە نێوبانگی ئەڵمانی (هێربرت ماركۆز) لە هەموو كەس پێشتر و بەوپەڕی وریاییەوە ئەم تێزەی ئاشكرا كرد!!, ماركۆز وەك بیرمەندێكی چەپی ناسراو هەرچەند بڕوای بەوە هێنا دەبێت سیستمی سەرمایەداریی لەناو بچێت، بەڵام هەموو پێشهاتە سیاسییەكان و گەشەی زیاتری تەكنۆلۆژیا و لەسەرو هەمووشیانەوە تێكشكانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٨ی كۆمۆنیستەكانی ئەڵمانیا وای لێكرد بەو بڕوایە بگات كرێكار ناتوانێت ئەو گۆڕانە ئەنجام بدات.. ماركۆز دەیزانی قۆناغی ئێستا جیاوازە لەو سەردەمەی پڕۆلیتاریا هەوێنی شۆڕش بوو، بەڵكو لە هەنووكەدا پڕۆلیتاریا لە هێزێكی رادیكاڵ و شۆڕشگێڕەوە بووە بەهێزێكی دژە شۆڕش و هەوێنی سەقامگیربوون و راگرتنی بارودۆخەكە وەك خۆی.. زیاد لەوەش ئەگەر پڕۆلیتاریا بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازیی بێت ئەوا لەسەردەمی شۆڕشی تەكنۆلۆژیادا چینێكی وا لەبەردەم ئەگەری پووكانەوە و ئاوابووندایە، بۆیە چاوەڕوانكردنی هەر جۆرە گۆڕان و شۆڕشێك لەو چینە لە خەیاڵپڵاویی دەچێت. (بڕوانە گۆڤاری: روانگە و رەخنە- ژمارە - ٧– ساڵی ٢٠٠٢ / لاپەڕە ٤٦).

دواتر بە تایبەت دوای شكستە یەك لە دوای یەكەكانی بزووتنەوە كرێكاریی و چەپەكان ئیدی هێدی هێدی ئومێدەكان كزبوون و هیواكان پووكانەوە، چوونكە لەمەو بەپاش چینی كرێكاران چیتر بزوێنەری چەرخی داهاتوو نابن بەڵكو رەنگبێ لەگەڵ چاخی تەكنۆلۆژیای هاوچەرخدا ئەو چینە لە ئاوابوونی یەكجارەكی نزیك ببێتەوە یان هەر هیچ نەبێ رۆڵیان وەك كارێكتەرێكی ئەكتیڤ لەسەر شانۆیی ململانێی كۆمەڵایەتی و سیاسیی بسڕدرێتەوە. ماركس و ئەنگلس بەر لە سەدە و نیوێك وەهایان دانابوو ئەمڕۆ سەرجەم مرۆڤایەتی لە قۆناغی كۆمۆنیزمدا بژین!! وەلێ نەك ئەوە روونەداوە بەڵكو سەرمایەداریی لەوپەڕی دەسەڵات و هێزی خۆیدایە و بووەتە سیستمێكی جیهانی، دەتوانین بڵێین ئەوی

مارکس پێشبینی کردبوو و لەبارەیەوە مژدەی دەدا تەنیا جۆرێك بوو لە خەون، بەڵام با لە بیرمان نەچێ خەونێکی جوان و بێگەرد. هەر ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی فەلسەفەکەی مارکس بە تێکشکاوی و بەزیوویی بێتە پێش چاوو روانگە و دۆزینەوە زانستییەکانی ببێتە جێگەی گومان و رەتکردنەوە، هەروەك (ئەلبێر کامۆ) لە ساڵی ١٩٥١ لە (الانسان المتمرد)دا دەڵێت (بیرۆکەی پەیامی پرۆلیتاریا تاوەکو ئێستا لە مێژوودا نەیتوانیوە بەرجەستە بێ ئەمەش بەزینی پێشبینییەکەی مارکس کورت دەکاتەوە).

دوای ئەو پاشەکشە چاوەڕواننەکراو و نائومێدکەرەی پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی جیهان، کۆمۆنیستی کرێکاریی لە سووچێکی پەراوێزی ئەم دنیایەدا بانگەوازی خەباتی کرێکارانی راگەیاند و دەیەویست هێزی تێکشکاوی کرێکارانی نەك یەك وڵات بەڵکو هێزی هەموو کرێکارانی جیهان بۆ سەرخستنی کۆمۆنیزم کۆبکاتەوە!. پێشتر بە تێر و تەسەلی باسم لەوە کردووە لە توانای فیکریی و فیعلی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا نەبووە و نییە دەسەڵاتی شارێك بە دەستەوە بگرێ جا نەخاسمە و ئەو لاف و پۆزە زلەی هەمیشە لە خۆیان نیشان دەدا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش مەسەلەی کرێکاران و مافەکانیان بەهانەیەکی باش و گرنگ بوو بۆ رەسمییەت و شەرعییەتدان بە خۆیان، ئەگەرنا ئەم حزبە نەك ئەوەی حزبی راستەقینەی کرێکاران نەبووە بەڵکو هەر ئاگای لە ژیانی کرێکاران و چینی خوارەوەی کۆمەڵگەکەی نەبووە. لە کاتێکدا هەزاران کەس لە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت لە کولەمەرگی و ژیانی مەمرە و مەژیدا زیندەگیان دەکرد سەرکردایەتی ئەم حزبە بە یارمەتی مۆسیقای بیتهۆڤن و گۆرانی تایتانیکەوە لەسەر سفرەیەکی تەواو بۆرژوازییانە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە. ئیتر مەسەلەی کرێکاران درۆیەکی شاخدار بوو، درۆیەك بوو بژێویی رابەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەر بەند بوو، دوکانێك بوو بۆ نان پەیداکردن و بازرگانیکردن.

سەرسوڕهێنەرتر لەمانە جیاوازییەکی قووڵی چینایەتی لەنێوان ئەندامانی خوارەوە و سەرەوەی حزبدا هەبوو، ئاخر کەم نەبوون ئەوکادرو ئەندامانەی بەو هۆیەوە ریزەکانی حزبیان بۆ هەمیشە جێهێشت، ئەندامی حزب بیری دەکردەوە دەسەڵاتدارانی حزب لەم لاوازیی و بێدەسەڵاتییەدا ئا بەو جۆرە شاهانە و بۆرژوازییانە دەژین داخۆ ئەگەر بگەنە دەسەڵات هەرئەوان سەرمایەدارو کۆمبرادۆری داهاتووی کۆمەڵ نابن؟ یان ئەوان نەتوانن خۆیان لەگەڵ هاوڕێ و هاوڕێبازەکانیان هاوشان بکەن و هەوڵبدەن بۆ کوشتنی یەکسانی، دەبێ چ ئومێد و خێرو باشەیەکیان بۆ سەرجەم کۆمەڵی هاووڵاتیان هەبێت لە ئێستا و داهاتوودا؟ ئەندامانی (حککع) بۆ بژێویی ژیانیان نەك هەرئەوەی هیچ مووچە و هاوکارییەکی داراییان نەبوو، بەڵکو بە وێنەی سواڵکەرپارەیان بۆ بەڕێوەبردن و پێشەوەبردنی کارەکانی حزب پەیدا دەکرد، لەولاشەوە سەرکردەکانی حزب لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە ژیانێکی رەفاه و بۆرژوازییانەدا بە فاکس و ئیمەیل پەیام و تەوجیهاتی خۆیان دەناردەوە بۆ ئەندامەکانیان لە ناوەوەی کوردستان!.

ئەم راستییە بۆمێژوو دەڵێم ئەندامانی خوارەوەی حزب ئەوەندەی سەروەت و سامان و دزیی و گەندەڵی و ساختەکارییەکانی سەرکردەکانی حزبەکەی خۆیان دەژمارد و تێبینی دەکرد چارەگی ئەوە چاودێر نەبوون بەسەر دەرەوەی خۆیاندا، لە یادمە پاسەوانەکانی رادیۆی ناوەندیی حزب بڕیاریاندا لە دژی خراپی خواردن و رەوشی ژیانیان و نەبوونی مووچە مانگرتن بکەن و رابەرایەتی بۆ داواکانیان ناچار بکەن.!! چ کارەساتێکە حزبێك سەری زمان و بنی زمانی زەمانەت و دابینکردنی ژیان و مافە سەرەتاییەکانی هاونیشتمانیان بێت و فرمێسکی تیمساحانەی بۆ بڕژێ کەچی ئەم مافانە بە هاوڕێکانی بندەستی بە رەوا نەبینێت؟ دەمەوێت ئەوە بڵێم و بسەلمێنم چۆن حزبەکانی بزووتنەوەی (کوردایەتی) بە تایبەتی یەکێتی و پارتی شەرعییەتیان لە کێشە نەتەوەییەکانەوە وەرگرتووە و بەو هۆیەوە درێژە بە مانەوە و بوونیان دەدەن، کۆمۆنیستی کرێکارییش هەر بە هەمان شێوە

مەسەلەی کرێکارانی کردبووە پارویەکی چەور و بەتام، مەسەلەی کرێکاران و حزبی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاران بە تەنێ دروشمگەلی قەبەی ناوەڕۆك پووچ بوون، ئاخر لەم دنیا بێسەرو بەرەی ڕۆژهەڵاتدا هیچ شتێك هێندەی بەرزکردنەوەی دروشمە قەبەکان ئاسان نییە، ئەم دیاردەیە بە ڕاددەیەك گەشتووە خەریکە بڵێم ئەم ناوچەیەی جیهان دەڤەری دروشمە زلە بێ ماناکانە، دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی ژنان و منداڵان و مافی هاووڵاتیان و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە کاڵایەکن لەلایەن پارتە جۆر بە جۆرەکانەوە هەرلەمسەری ڕاستەوە بۆ ئەوسەری چەپ بەکاردەهێنرێت لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیاندا، بێگومانیش بەرژەوەندیی کۆی حزبەکانی ڕۆژهەڵات یان بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو یان بۆ چەند بنەماڵەیەکی سەر بورجی عاجە.

هۆڵدەرلین دەڵێت (ئێمە چەنێ دەوڵەمەندین لە بیردا و چەندێ هەژارین لە کرداردا). خۆکۆمۆنیستی کرێکاریی لە دروشمدا هیچی کەمترنەبوو لە حزبی سۆسیال دیموکراتی سوێد یان لە پارتی کۆماریی ئەمەریکا، بەڵام لە واقیعی حاڵدا ئەو ئایەتەی قورئانیان بەسەردا دەچەسپا کە دەڵێت (لم تقولون مالا تفعلون). کۆمۆنیستی کرێکاریی گەردیلە و نموونەیەکی بچوککراوەی دەسەڵاتی سۆڤێت بوو، چوونکە ئەو دەسەڵاتە حەفتا ساڵی ڕەبەق بە ناوی چینی کرێکار و جێخستنی سۆسیالیزم بژێویی خەڵکی ڕوسیا و کۆمارەکانی تری سۆڤێتیان گەیاندە خوارهێڵی هەژاریی. ڕیمۆن ئارۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (لە وڵاتە سۆسیالیستە پێشکەوتووەکان بە گشتیی و یەکێتی سۆڤێت بە تایبەتی ململانێی چینەکان هەبوون و لەگەڵ ململانێی چینایەتی وڵاتە لیبراڵەکان بە گشتیی و ئەمەریکا بە تایبەتی جیاوازییەکی وایان نەبوو شیاوی باسکردن بێت).

ئەم وتەزایەی ئارۆن قسەیەکی زۆربەناوبانگی (شێخ محەمەد عەبدە)م دێنێتە یاد لە بارەی ئەزموونی خۆی لە دیتنی خۆرئاوا و خۆرهەڵات دەڵێت: لە

وڵاتانی رۆژئاوا ئیسلامم بینی بەبێ موسڵمان، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتیش موسڵمانم بینی بەبێ ئیسلام!. ئەزیش خەریکە بڵێم لە ئەوروپا سۆسیالیزم هەبوو بەبێ کۆمۆنیستەکان و لە سۆڤێت کۆمۆنیست هەبوون بەبێ بوونی ئابوورییەکی سۆسیالیستی. لای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش مینا حزبەکانی تر کە بە بۆرژوازیی ناودەبران هەمان ئەو نەریتی جیاوازییەی سەرەوە و خوارەوەی حزب لە ئارادا بوو. کۆمۆنیستی کرێکاریی لە باشترین حاڵەتی هەبوونیدا پارت و رەوتێکی وردە بۆرژوازیی پێشکەتووخواز بووە نەك رەوتێکی چەپی جێگە باوەڕی کرێکاران، هەرگیز کرێکاران و چینی خوارێی کۆمەڵگە ئەم حزبەیان نەناسیوە و بە نوێنەرو دەمڕاستی خۆیانیان نەزانیوە. جارێ هەر چینی کرێکار لە کوردستان ئەوەندە پێگەیشتوو و لە خرۆشدا نییە تاوەکو حزبێك یان رێکخراوێکی بووێت رێکی بخات و داخوازینامە و خواستەکانی بکاتە پرۆژەی سیاسیی.

ئەگەریش لە ناوی خودی رەوتەکە ورد ببینەوە (کۆمۆنیستی کرێکاریی)!! پاشگری (کرێکاریی) بۆزیاتر جەختکردنەوەیە لەسەرپرسی کرێکارولە قەڵەمدانی جووڵانەوەکە بە بزووتنەوەی کرێکاران، بەڵام بۆ ساتێك چییە ئەم رەوتە نەبووە نوێنەرورەوتی کرێکاران، نە حزب بە رێگایەك لە رێگاکان لە کرێکاران نزیکبووەوە نە کرێکاران دەیانتوانی لە حزب نزیك ببنەوە، ئەم بۆشاییە هەربە چۆڵی مایەوە و ئێستاشی لەسەربێت پرنەبۆتەوە، چون کرێکاران متمانەیان پێ نەبەخشیوە و ئەمەش وای لێکردووە بە تەواوی بەرەو لاوازیی بڕوات و دواجاریش بووەتە هۆی لێکترازانی زیاتری ریزەکانی و دابەشبوونیان بۆ چەند دەستە و رێکخراو و وردە حزبی تر. دابەشبوون و جیابوونەوەکان هەموویان بە پاساوی ئەوەن حزب دوورە لە چینی کرێکار!!، وەلێ جیابووەوەکانیش ناتوانن لەو چینە نزیك ببنەوە بەڵکو هەر لەبنەماوە رێگاکانی کۆکردنەوە و یەکخستنی کرێکاران پێ نازانن. بە باوەڕی من کاتی ئەوە هاتووە کۆمۆنیستی کرێکاریی خۆی یەکلا بکاتەوە، یان ئەوەتانێ دەستبەرداری ناوەکەی بێت یان ئەوەتا بەشێوەیەکی راستەقینە

هەڵگری ناوەکەی بێت، هەرچەندە ئەوی یەکەمیان ئاسان و لەبارترە بۆیان، چون کۆکردنەوەی کرێکاران بەو جۆرە روانگە و مامەڵەیەی ئەوان لە دنیایەکی تەواو گۆڕاوی وەك ئەمڕۆدا هەروەك ئەوە وایە حوشتربکەیت بە کونی دەرزیدا.

پەڕاوێز:

*ئاموس و ئەیزا (Amos, isaiah) دووان بوون لە پەیامبەرانی نەتەوەی یەهود (بنی اسرائیل) لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین.

# 8
# قەرەوێڵەکەی پرۆکرەست و کۆمۆنیزمی کرێکاریی

لە میتۆلۆژیای گریکی کۆندا پرۆکرەست چەتەیەك بوو لە کەنارێکی دوورە دەستدا، هەرکەس ڕێی بکەوتبایەتە لای ئەو خزمەتێکی زۆرباشی دەکرد، شەوێش سیسەمەکەی خۆی پێشکەش دەکرد تا لەسەری بخەوێ!. بەڵام ئەگەر میوانەکە باڵای بەرز و قاچی درێژتر بوایە لە سیسەمەکە ئەوە قاچی دەبڕییەوە، خۆ ئەگەریش کورتە باڵا بوایە بە ئامێرێك قاچی رادەکێشا تا بە ئەندازەی درێژیی سیسەمەکە درێژ بێت!. کۆمۆنیستی کرێکاریی قاڵب و چەرپایەکی وەك ئەوی پرۆکرەست بوو، دەبوو لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە لە چوارچێوەی روانگەکانی مەنسور حیکمەتدا ژیانیان لە قاڵب بدەن، هیچ کەس ئازادیی و مەودایەکی وەهای لەبەردەم نەبوو گوزارشت لە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی بکات، پێویست بوو ئازادیی بیرکردنەوە و مامەڵەی تۆ ئەوەندە بێت لە قەڵەمڕەوی بیرۆکەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی تێنەپەڕێت. ئازادیی وەك کۆنسێپتێکی سیاسیی رووبەرێکی بەرفرەی لە ئەدەبیاتی ئەم بزاڤەدا داگیرکردبوو، بەڵام هیچ کات ئازادیی بریتی نەبووە لە تەرحکردنی روانین وتێزی نوێ جیا لەوتێزوروانینانەی رابەرایەتی حزب خودانی بوون. حزب و ئیدۆلۆژییەتی حزب بەهەموو پنتەکانی ژیانی ئەندامانداا رۆچوو بوو، تاکە بوارو لایەنێك نەبوو حزب و سوونتەکانی دەخالەتی تێدا نەکەن، بە کورتی حزب باوکێکی دەسەڵاتدار بوو رێنمایی منداڵەکانی خۆی دەکرد، ئەوی لە چوارچێوەی بیری باوکی دەرنەچووبا ئەوە رۆڵەی راستەقینەی باوك بوو، بێگومان پێچەوانەکەشی بەرسزای توندی باوك دەکەوت و بێبەری دەکرا لە سایە و میهرەبانی ئەو.

جۆرج تەرابیشی دەڵێت (سەرکوتکردنی ئیدۆلۆژیی زۆر خراپترە لە سەرکوتکردنی سیاسیی). لە کۆمۆنیستی کرێکارییدا سەرکوتکردنێکی سیاسیی و ئیدۆلۆژیی توند بەڕێوە دەبرا هەروەك ئەوەی ئەوحزبە لە سولالەی ستالینیزمەوە

هاتبێتە دەرێ، کوتاڵی بۆرژوازیی و کۆنەپەرست و لادەر بە ئاسانترین شێوە بە بەری خەڵکاندا دەدورا. بەردەوامیش دابەشکردنێکی دوالیزمی شتەکان هەبوو، مرۆڤایەتی بۆ سەر دوو پایەگای دژبە یەك تەوزیف کرابوون، دنیا دووبەرە بوو، چۆن لەلای (سەید قوتب) جیهان بریتی بوو لە دوو جیهان (جاهیلییەت و ئیسلام)، لای کۆمۆنیستی کرێکاریی دنیا دابەش ببوو بەسەر سۆسیالیزم و ئەنتییەکەیدا (سەرمایەداریی). ئەمە پوخت بیرکردنەوەی ستالین بوو، چون ئەو دەڵێت (ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت لە ئیمپریالیستەکانە) ستالین لەنێو ئەو دوو سەربازگەیەدا نێوانێك بەدیناکات، هەروەك دواتر کۆمۆنیستی کرێکاریی ئاغای حیکمەت هەمان روانگەی دووبارە کردەوە.

لینین دەڵێت (یان ئیدۆلۆژیای بۆرژوازیی یان ئیدۆلۆژیای سۆسیالیستی، بە هەررێگەیەك لە سۆسیالیزم کەم بکرێتەوە یان بە هەرپلەیەك لێی لابدرێت، مانای بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی ئیدۆلۆژیای بۆرژوازییە). حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لایوابوو ئەوی لەگەڵ وی نەبێت بێ هیچ گومانێك لەگەڵ نەیارەکانییەتی و دۆست و هەواداری بۆرژوازیی و کۆنەپەرستییە. هەرگیز پۆلێن و ریزبەندییەك لە ئارادا نەبووە بۆ ناسینی دەوروبەر و تەوژمەکانی دەرەوە، ئەمە بە کارێکی تاقەتپڕوکێن لێکدەدرایەوە، ئاسانترین رێگە ئامادەبوو: زۆر بە سانایی و جەرِیئانە بڕیاری خۆت بدە: یان ئەوەتا نەیاری منیت یان ئەوەتا لەگەڵ منی و هاورێباز و هاوکاروانمیت. ئەوی لەگەڵ منە مافی هەموو شتێکی هەیە و بە پێچەوانەشەوە ئەوی لە بەرەی بەرامبەرمە شیاوی لەناوبردنە چوونکە زیانم پێدەگەیەنێت، بوونی ئەو بە مانای هەوڵ بۆ نەبوونی من دێت، کەواتە دەبێت یەکێکمان ئەویترمان لەناو ببەین. سانت ئەکسبۆری دەنووسێت (لەو شارستانێیتییەی من تێیدا دەژیم، ئەوەی لەگەڵم ناگونجێت زیانم پێناگەیەنێت بەڵکو دەوڵەمەندم دەکات). ئەگەرئەم وتەیەی ئەکسبۆری هەڵبگێڕینەوە و لە روانگەی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە بینوسینەوە بەمجۆرەی لێدێت (لەو

شارستانێتییەی من تێیدا دەژیم ئەوەی لەگەڵم ناگونجێت زیانم پێدەگەیەنێت چوونکە دەیەوێت لەناوم ببات!!). لێرەوە بوو کۆمۆنیستی کرێکاریی بانگەوازی قەلاچۆکردنی بەرامبەرەکانی دەکرد، چون هیچ رێگەیەکی شك نەدەبرد بۆ تێگەیشتن و لە یەکتر نزیکبوونەوە، رێگاکان تەنیا بۆ ئەوێ دەچوون دەبێت مەیدانەکە لەلایەن یەکێکەوە کۆنترۆڵ بکرێت، لە ناوەوەی حزبیشدا تۆتالیتارییەت و مەرکەزییەت هەموو هەناسەیەکی ئازادیی خنکاندبوو، حزب تەنیا زمانی هەبوو تەوجیهاتی دەدا، بەڵام گوێی بۆ بیستن و چاوی بۆ بینین نەبوو. ئەنگلس، لە ساڵی ١٨٩٠ دەنووسێت (پێویستە لەنێو حزبدا ئازادیی رەها بۆ گفتوگۆکردن هەبێت، گەورەترین حزب لە وڵاتدا ناتوانێت بەردەوام بێت، بێ ئەوەی را جیاوازەکانی نێو پارتەکە گوزارشت لە خۆیان بکەن).

لە حزبی کۆمۆنیستدا دەرگای گومان و پرسیارکردن کڵۆم درابوو، پەنجەرەکانی سەربەستی وتن و تەرحکردن داخرابوون، مەنفەسێك بۆ کەمترین جیاوازیی بیرورا نەمابووەوە، قسەکە لەسەر ئەوە نەبوو حزب بکرێتە کۆکتێلێکی جودا جودای ئیدۆلۆژیا و بیرکردنەوە بەڵکو مەبەست لەوەبوو روانگە جۆربەجۆرەکان لە تەرحکردنی پرۆژە و خوێندنەوەی واقیعی نێو حزب رێگەیان پێبدرێت. ئاخر لە ئەنجامی ئەو سەرکوتکردن و پاڵەپەستۆیەی رابەرایەتی حزب بوو، فراکسیۆنەکانی نێو حزب لە قۆناغی جیاجیادا چوونە دەرەوە و بەشێوەی رێکخراو و یەکێتی سەربەخۆ درێژەیان بە بوونی خۆیان دا. ئەمەش گەورەترین کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتیی دانا و لە دواجاردا بووە هۆی لاوازبوونی پێگەی حزب لە هەموو ئاستەکاندا. ئەگەر بمانەوێ مێژووی ئەو کاتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بنووسینەوە لە راستیدا بریتییە لە مێژووی چەپاندن و سەرکوتکردنی دیدە نارازی و جوداکان، من ئەمە بە دیکۆمێنت دەسەلمێنم. بێ ئەوەی ناوی کەس ئاشکرا بکەم بەڵام کەس لە ئاستی رابەرایەتی حزبدا هەبوو لەلایەن ئەندامانی خوارەوە ناوی لێنرابوو (ستالین).

لەلایەکی ترەوە تاك هیچ کاریگەرییەکی لە پرۆسەکاندا نەبوو، ئەوی حسابی بۆ نەدەکرا ویست و گۆشەنیگای تاکەکەس بوو، چوونکە بوونی تاك لە بۆتەی گشتێکی بە مێگەلکراودا تیرۆرکرابوو.

مۆنتسکیۆ دەڵێت (ئازادیی بریتییە لەوەی تاکەکان ئەوەی دەبێت بیانەوێت، بیانەوێت و ئەنجامی بدەن، ئەو شتەشی نایانەوێ ناچارنەکرێن ئەنجامی بدەن) یان (لە روانگەی فەلسەفەوە ئازادیی بریتییە لە جێبەجێکردنی ئیرادە یان لانیکەم بڕوای مرۆڤ بەوەی دەتوانێ ئیرادەی خۆی جێبەجێ بکات). ئەگەر ئەم دوو پێناسەیە بەهەند وەربگرین و ئازادیی بریتی بێت لە ئیرادە و ویستی تاك، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئازادیی تاکەکەسی ئەندامانی خۆی پێشێل کردبوو، بەڵکولەوە زیاتریش ویستوویتی لە رەنگی خۆی دایبڕنێت و رەنگ و مۆرکی خۆی لەسەر بنەخشێنێت. گرنگترین دەستکەوتی رێنسانس و رۆشنگەریی و مۆدێرنێتە و شۆڕشەکانی ئەوروپا و خۆرئاوا بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی مافی تاکایەتی و دروستکردنی سنووربەندێك بۆ پاراستنی قەوارەی تاك. دوای ئەو هەموو سەدەیە لە تێکۆشان و خەبات هەنووکە تاك لەوێ ئازادە و خاوەنی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی و ئەقڵی خۆی چۆنی بووێت بەکاریدەهێنێت و بەپێی رێنمایی و هۆشداریی کەسیی خۆی بڕیارەکانی دەدات.

هیگل، پێیوابوو (مرۆڤی سەربەست ئەو مرۆڤەیە لە قووڵایی ئەقڵییەوە بڕیارەکانی دەدات). وەلێ بەداخەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی تەجاوزی مافی تاکایەتی ئەندامەکانی دەکرد و پێشگیریی لێدەکردن لە بەکارهێنانی ئەقڵیان!! بۆیە مافی خۆمە بڵێم ئەندامانی (حککع) سەربەست نەبوون لەوە زیاتریش ئەقڵی تاکە کەس لە قەفەس نرابوو، ئازادیی سنووردار و مەرجدار کرابوو، بیر و ئەندێشە ئیغتیساب کرابوو. زۆربەی جار کە باسی ئاوەز و ئەقڵانییەت لای کۆمۆنیستی کرێکاریی دێتە پێش ئەم پەندە عەرەبییەم دێتەوە یاد (من تمنطق فقد تزندق- ئەوی لۆژیکبازیی بکات دەبێتە زەندیق). ئەو کەسانەی گومانیان دەکرد و

هەوڵیاندەدا سیاغەیەکی ئەقڵانی و لۆژیکی بۆ کارنامەی حزب بدۆزنەوە و بەپێی هۆشمەندییەکی سیاسیی و واقیعی لە هەنگاوەکانیان دەڕوانی، پێشوەختە بریار لەبارەیانەوە درابوو: ئەمانە جۆرە کەسانێکی مەکتەبی و سەرلێشێواو و خوردە بورژوازین و دوا کەڕەت هەوێنی ناکۆکی سیاسیی و فیکرین لە جەستەی حزبدا، بۆیە پۆل پۆل و دەستە دەستە ئەم خەڵکانە ریزەکانی حزبییان بەجێدەهێشت و بەوپەڕی نائومێدیی و هەستێکی بریندارەوە یان لەتاراوگە دەگیرسانەوە یان دەگەڕانەوە بۆ نێو ژیانی ئاسایی.

ئەو ژمارە ئەندامەی لە حزبدا مانەوە و ماونەتەوە خاوەنی هیچ نین، بەو مانایەی دەستیان لە هیچ بڕیارێکی سەرووی خۆیاندا نییە و حیساب بۆ میزاج و کەسێتیان نەکراوە و دەروێش ئاسا دوای زیکری شێخەکانیان کەوتوون، ئاخر هەروەك کۆنفۆشیۆس وتوویەتی (گەرنەتوانیت بیروڕای خۆت بڵێیت، بڵێ خاوەنی هیچ نیم). ئەندامانی حزبی کۆمۆنیست ناتوانن دایەلۆگ بکەن، ناتوانن وێنەی راستەقینەی خۆیان دەربخەن، ناتوانن تێگەیشتنی تاکەکەسیان نمایش بکەن. سەرەڕای ئەمانەش حزب و سەرکردایەتییەکەی منەتێکی زۆریان بەسەردا دەکەن و بە زمانی تەوس و لووتبەرزانەوە پێیان دەڵێن بڕوانن پێش ئەوەی ببنە کۆمۆنیست چی بوون؟: وەحشی، زنکوژ، کۆنەپەرست، دیل و بێ ئیرادە بوون! لە گێژاوی جەهالەتدا مەلەتان دەکرد، لە تەنیشتی گیانلەبەراندا هاوشان رێتان تەی دەکرد! ئێوە لە کەناری کەندەڵانێکی پڕژیلەمۆدا بوون ئێمە رزگارمان کردن (وکنتم علی شفر حفرة من النار فانقذناکم). دوایش ئەندامی حزب هەستی بەم هەموو چاکەیە دەکرد لەسەرشانی، زاتی ئەوەی نەدەکرد رەخنە بگرێت، لە رووی سایکۆلۆژییەوە گەمەیەکی وەهایان لەگەڵ دەکرد مەنسور حیکمەتی لێبێتە محەمەدی مەهدی و رزگارکەری ئەقڵ و ژیانی.

حزب تەقوسێکی سیاسیی وای خوڵقاند بوو ئەندامی ئاسایی هەست بە قەرزارییەك بکات لە بەرامبەررابەرایەتی و ئیدۆلۆژییەکەیدا، لەولاشەوە

ناڕازی و ڕەخنەگران بەردەوام ناو و ناتۆرەیان بۆ دادەتاشرا لە وێنەی فەوزەویی و بەکرێگیراو و تەکەتولچی و ئاژاوەچی. یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی (حککع) لە کۆبوونەوەیەکی بەربڵاوی ڕێکخستنەکانی حزبدا بە لاچاو سەیری من و هاوڕێیەکی تری دەکرد و وتی: ئەوانەی لە کتێبخانەی گشتیی دوو کتێب دەخوێننەوە و لێرە هاوار هاواریانە و حزب دەخەنە بەر ڕەخنەی توندوتیژ هیچ نین جگە لە ئاژاوەچی، دەیانەوێ ناکۆکی لە نێو ریزەکانی حزبدا دروست بکەن. پێم سەیر بوو ئەمە رۆشنبیریی و ئاستی سیاسیی ئەندامێکی بیرۆی سیاسیی بێت و جیاوازیی را و بۆچوونمان بە ئاژاوەچێتی لە قەڵەم بدا و وا تێبگات بیروڕاکانمان حزب لە بەریەك هەڵدەوەشێنێتەوە و ناکۆکی وەها دروست دەکات بە زیان بشکێتەوە، ئەز زۆر بەلامەوە تەندروست بوو جیاواز بین و وەك یەکتر بیر نەکەینەوە بەڵکو بە مەرجێکی بەهێزیی و تۆکمەیی حزبم دەزانی نەك بەپێچەوانەوە، گاندی وتەنی (جیاوازیی لە بیروباوەڕدا نابێت ببێتە هۆی ناکۆکی، چوونکە ئەگەر ئەمە وابێت من وژنەکەم خوێنخۆری یەکترین). ئێمە بە رۆحێکی وەرزشی و بە نەفەسێکی کراوەوە ڕەخنەمان دەگرت، وەلێ زیاتر ڕەخنەکانمان شەفەوی بوون و لە چوارچێوەی کۆڕ و کۆبوونەوە حزبی و تەشکیلاتییەکاندا بوون.

بیروڕاکانی ئەوسای ئێمەومانان لە خزمەت دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی حزبدا بوو، دوایی دەرکەوت حزب کەوتۆتە دووڕیانێکی ترسناکەوە وپاشانیش بە تەواوەتی ئەرزشی نەما لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، ئەوانەی تووتی ئاسا دوای گووتار و دروشم کەوتبوون و دەیانووتەوە سەری بزووتنەوەکەیان کرد بە قوڕەکەدا و خۆشیان تێیان تەقاند بۆ هەندەران. هەر چۆنێك بێت کۆمۆنیستی کرێکاریی بە چەشنی دادگاکانی پشکنینی سەربە کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست (ئانکیزیسیۆن) بیروڕای ئەندامانی خۆی دەپشکنی و چەرپاکەی پرۆکرەستی دانابوو ئەو کەسەی قاچی کورت بوایە رایاندەکێشا تاوەکو وەك

خۆیان دەیانویست درێژ دەبوو، ئەگەریش قاچی زیاتر لە سنوورەکانی حزب درێژ بکردبایە بۆیان دەبڕییەوە تا دەهاتەوە سنوور و مەودای دیاریکراوی سیاسەتی حزب، ئیتر ئەو هەموو پەیڤە رەنگاڵەیی و وشە باق و بریقەدارەی ناو رۆژنامە و ئاکسیۆن و میتینگەکان جگە لە درۆ و گوزارەی فریودەرانە چیتر نەبوون و نین. هەروەك شاعیر (عەباس عەبدوڵلا یوسف) لە هەناسەیەکی شیعریدا دەڵێت:

دەیهاوێتە نێو چوارچێوەیەك و
پێی دەڵێت
سەربەخۆی...
چۆن رەفتار دەکەی بکە
ئازادی...

بەو شێوەیە کۆمۆنیستی کرێکاریی بازنە و چوارچێوەیەکی زۆر تەسك و سنووردار بە دەوری ئەندامەکانیدا دەکێشێت و دەڵێت تۆ ئازادی چۆن رەفتار دەکەیت, چۆنیش بیر دەکەیتەوە: ئازادبە بەس لەم چوارچێوەیە زیاتر نا، ئیتر ئازادیی لێرەدا چۆن خاڵی نابێتەوە لە مانا راستەقینەکەی؟ ئیتر ئازادیی وەك وتم چۆن نابێتە قسەی زلی ناوەڕۆك پووچ؟! بە شەخسی خۆم بە درێژایی هەشت ساڵ زیاتر و لە میانەی ئەندامێتیم لەو حزبەدا دژی ئەو لە قاڵب و چوارچێوەنانە وەستامەوە، دواجار زانیم دیالیەتی من کاتێك کۆتایی دێت بە پراکتیکی لە چوارچێوەکە بێمە دەرێ، وەك (ئەدۆنیس) وتی: لە قاڵبدان گۆڕە هەر لە خۆڕا هەوڵمدا دەربچم لەم گۆڕە. منیش هەر ئەو کارەم کرد.

# 9
# ناسیۆنالیزم و کورتبینی کۆمۆنیستی کرێکاریی
## ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیای بۆرژواکانە

کارل مارکس

یەکێك لەو چەمکانەی لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا گەلێك نێگەتیف هێمای بۆ دەکرا و زۆربە سلبیش لەسەریان دەنووسی و ئاماژەیان پێدەدا، ناسیۆنالیزم و چەمکی نەتەوایەتی بوو، کۆمۆنیستی کرێکاریی هەر لە سەرەتای یەکەم هەنگاویان بۆ نێو ژیانی رامیاریی بە دروشمی ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت هاتن، ئەمەش لای کۆمۆنیستی کرێکاریی لەعێراق وا تەرجەمە دەکرا، کوردایەتی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤ. پێم سەیرە رەوتێکی وەك کۆمۆنیستی کرێکاریی هێندە ساویلکە و گومڕایانە بڕوانێتە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی ئازادیی وڵاتەکەیاندا خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن لەوەش سەیرتر شەرمەزاریان بکەن. ئەزبە هاوڕێیانی (حککع) و میراتگرانی سیاسەتی ئاغای حیکمەت لە هەرکونجێکی دنیا بێت دەڵێم: چ بێ ئاوەزیی و بێ مانابیەکە تۆ بتەوێت (هۆشی منە) و (گیڤارا) و (گاندی) و (قازی محەمەد) شەرمەزاربکەیت وداکۆکیکردنی ئەوان لە شوناسی خۆیان بکەیتە خاڵی زوعف لەسەریان ولە دادگای کۆمۆنیزمدا دادگاییان بکەیت؟!.

کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوەندە بێ توانا بوو نەیدەتوانی ئیدارەی گەڕەکێك بکات کەچی دروشمی کۆسمۆپۆلۆتیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکارانیان بەرز دەکردەوە و پێیانوابوو منی کرێکاری کوردی ژێردەستە برای کرێکارێکی عەرەبی سەردەستەم و پێویستە هاوکاریی بکەم، بەڵام بیرلەوە نەدەکرایەوە ئایا هەمان هەستی هاوپشتیی لای بەرامبەرهەیە یان ئایا ئەو سوود لەو بێ ئەقڵیی و هەستە نانیشتمانییەی من وەرناگرێت بۆ زیاتر چەوساندنەوەم؟ هەروەك تا ئێستا زۆرجارنەتەوە داگیرکەرەکان ئەم جۆرە رێگەیەیان بەکارهێناوە، من لەم

کوردستانە لە بری جارێك سەد جارخۆم بە برای کرێکارێکی تورك بزانم ئەوهەر پێیوایە من تورکی شاخاویم، عەرەبێکیش پێیوایە بێ باوەڕو کافرم، فارسیش بە بێ فەرهەنگ و بێ مێژوو سەیرم دەکات و هەرلەم روانگەیەوە شەرعییەت بە داگیرکاریی جوگرافیاکەمان دەدات لەلایەن وڵاتەکەیەوە. یەکێك لەو کاڵفامی و ساویلکەییانەی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەوەدا بوو تێکەڵاویەکی سەیر هەبوو لەلایان لەنێوان شۆفێنیزم و ناسیۆنالیزم و بزاڤی رزگاریی نیشتمانیدا و نەیاندەتوانی جیاوازیی ئەم دوو چەمکە و ئەو دوو جۆرە جیهانبینییە بکەن، بە راستی بێ ویژدانییە ئەگەر بتەوێت شۆفێنیزم و ئەنفال و تەعریب و کیمیایی و تیرۆریزمی عەرەبی و خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد بخەیتە تای تەرازوویەکەوە و بە یەك چاو سەیریان بکەیت و شەرمەزاریی بە باڵای هەردووکیاندا ببڕیت.

لینین سەرەتا بە دروشمی (کرێکاران و گەلانی بندەستی دنیا یەکگرن) هاتە گۆڕەپانەوە، لینین، گەلانی بندەست و کۆڵۆنیاڵکراوی دنیای لە چینی کرێکار جودا نەدەکردەوە و بگرە لایوابوو ئازادیی هەردووکیان پێکەوە بەستراوەتەوە بۆیە دەبێ پێکەوە خەبات بکەن و تێکۆشانیان بەیەکەوە گرێ بدەن، لینین وایدەبینی رزگارکردنی نەتەوە چەوساوە وژێردەستەکان لە ژێرچنگی کۆڵۆنیالیزم هەنگاوی یەکەمە رووەو سۆسیالیزم، ئاخر وڵاتێك جارێ خۆی داگیرکرا بێت و سەروەریی لێسەنرابێتەوە، ئیتر چۆن دەتوانرێت سۆسیالیزم تیایدا بەرقەرار بکرێ؟ دروست ئەمە بۆ کوردستانیش هەرهەمان شتە، کوردستانێك هێشتا خۆی بەسەرچواردەوڵەتی دیکتاتۆری کۆنەپەرستدا دابەش کراوە ولە بەرداشی سیاسەتی ئەو وڵاتە داگیرکەرانەدا قڕو جینۆساید کراوە، ئەگەر خۆی رزگار نەبێت و سەروەریی لە دەستی خۆیدا نەبێت، ئیتر تۆ چی تێدا پیادە دەکەیت؟ ئاخر تۆ سۆسیالیزم لە خەیاڵ و ئەندێشەدا بەرقەرار دەکەیت یان لەسەر جوگرافیایەکی ئازاد؟ ئاخر جوگرافیایەك چەوساندنەوەی نەژادیی و ئایینی و نەتەوەیی و تائیفی تێدا نەبێت، ئەوێ سەرزەمینێکی لەبارە بۆ تاقیکردنەوەی

سیستمی سۆشیالیستیی.

من پێموانییە كۆمۆنیستی كرێكاریی مێژووی خوێندبێتەوە بە تایبەتی مێژووی دەسەڵاتی سۆڤێت، چون ئەوكات دەیانزانی ئەو دەسەڵاتە و سەركردەكانی و خودی لینین بەدەرنەبوون لە خەونە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان، بگرە لینین لەو سۆنگەیەوە یەكێك بوو لە خەمخۆرەكانی نەتەوەی روس و زمانی نەتەوەیی روس، لە چەندین نامە ووتارو بۆنەدا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە دەبێت زمانی روسی زیندوو بكرێتەوە و پاك بكرێتەوە لە وشەی نارەسەن، واتە لینین هەوڵیدەدا و دەیویست بە چاوی خۆی زمانێكی روسی ستانداری هاوچەرخ ببینێ!!، هەروەك خۆی دەڵێت زمانێكی رەسەن وپاكژ، دیاریشە زمان یەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی نەتەوە و دەتوانین بڵێین برِبرِە پشتی نەتەوەیە و لەسەر زەمیندا نەتەوەیەكیشمان پێ شك نایەت خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی نەبێت.

لینین لە ١٨ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٠ لە نامەیەكیدا بۆ خاتوو لۆنا چارسكی (بەرێوەبەری رۆشنبیریی میلليی روسیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٧-١٩٢٩) دەنووسێت (تۆ بڵێی كاتی دانانی فەرهەنگێكی رەسەنی زمانی روسی نەهاتبێت، فەرهەنگی ئەو وشانەی لە ئێستادا بەكاردەهێنرێت و نووسەرانی كلاسیكمان هەرلە پۆشكین تا گۆركی بەكاریانهێناوە)!! جارێكی تر لینین نامەیەكی تری هاوشێوەی لە ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٢٠ ئاراستەی م.ن.بۆركۆڤسكی (جێگری بەرێوەبەری رۆشنبیریی میلليی روسیا لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٨) كردووە و دەنووسێت «وەك فەرهەنگی ( دال) نا بەڵكو فەرهەنگێك بۆ كەڵك لێوەرگرتن و خوێندنی هەمووان، با بڵێین فەرهەنگی زمانی روسی هاوچەرخ»، لینین بۆیەشە فەرهەنگی (دال)ی نووسەر (ڤ. ئی. دال)ی رەت كردۆتەوە چوونكە:

١--فەرهەنگی زمانی ئاخاوتن و ناوچەیی بووە.

٢-كاتی بەسەرچوو بوو، واتە فەرهەنگێكی هاوچەرخ نەبوو.

بۆیەشە ئەو پێشنیاری ئەوەیكرد فەرهەنگێكی هەمەلایەنە و دەوڵەمەندی

هاوچەرخی زمانی روسی دروست بکرێت، لینین ئەوەتا لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان و پێکهێنانی دەسەڵاتی سۆسیالیستی لە روسیا، بیر لە پرۆژەی فەرهەنگێك بۆزمانی نەتەوەکەی دەکاتەوە، فەرهەنگێك بێت کۆی وشە رەسەنەکانی زمانی روسی تێدا کۆکرابێتەوە. دواتریش زمانی روسی کرایە زمانی فەرمی تەواوی یەکێتی سوڤێت و بەسەرهەموو دانیشتوانی شورەوی پێشوودا سەپێنرا.

دوای سێ چارەکە سەدە بەسەرئەو مێژووەدا کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراق دێت گاڵتە بە زمانی کوردیی دەکات و بە شتێکی سوك و کەم بایەخ سەیری دەکات. ئەگەرسەیری بڵاوکراوەکانی (حککع) بکەین هەست بەو کارەساتە گەورەیە دەکەین بەسەرزمانی کوردیدا هێناویانە و بۆتە جۆرێکیش لە شێواندن و هەتککردنی زمانی کوردیی. باشترین تا خراپترین نووسەرەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراق زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵی وەها بەکاردەهێنن تا لە پەرەگرافێکدا دوو وشەی کوردیی دەبینیت و دەخوێنێتەوە بەر دەیان وشەی نامۆوبیانی وعەرەبی وفارسی دەکەویت لە چەشنی (جنبش، مودەعی، مەنزوور، سوڵتە، ئەرزش، جەرەیان، بوحران، مودافیع هتد...)! لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوان لە لینین کۆمۆنیستترن وا بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ زمانی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن؟ هەقوایە بەراووردێکی خۆیان و لینین بکەن، بەوەی لینین لە کاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا دەیەوێت فەرهەنگێك بۆ زمانەکەی دروست بکات، بەڵام ئەمان لەوپەڕی بێ دەسەڵاتی ولاوازیاندا بەوجۆرە ناشرینە مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردیی دەکەن و تا بۆیان بکرێت دوژمنایەتیشی دەکەن، لەوەش خراپتر برادەرێکیان ئەمێستا لە کونجی وڵاتێکی ئەورووپیدا کەوتووە و جاربە جار قەڵەمەکەی دژی ناسیۆنالیزمی کورد با دەدات، لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری (هانا) کە لە سوێد دەردەچێت، هەستاوە بە نووسینی بەناووتارێك بۆ جنێودان بە عەلامەی نەمری کورد (هەژاری موکریانی) وگاڵتەکردن بە شاکارە نەمرەکەی

(فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە). ئەم هەڤاڵە مام هەژاربەوە تۆمەتبار دەکات گوایە دژی ژنە و فەرهەنگەکەشی بە کۆنەپەرستانە لە قەڵەم دەدات و تێر تێرو پڕ پڕ بەکامی دڵی خۆیشی جنێوبە زمانی کوردیی دەدات!!.

ئێوە سەیربکەن، لینین چۆن ڕێزلە فەرهەنگی (دال) دەگرێت!! لە کاتێکدا (دال) خۆی ساڵی ١٨٧٢ واتە دوو ساڵ دوای لە دایکبوونی لینین کۆچی دوایی کردووە و ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆمۆنیست نەبووە، لینین بە ڕێزو خۆشەویستییەوە لە فەرهەنگی دال دەڕوانێت و لەو نامەیەی ئاڕاستەی (لۆنا چارسکی) کردووە و لە ساڵی ١٩٤٠ لە ڕۆژنامەی (پراڤدا) بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێت «(بە داخ و شەرمەوە) تەنیا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بۆ یەکەم جار بە فەرهەنگە نایابەکەی «دال» ئاشنا بووم، شتێکی کەم وێنەیە..». لینین ڕەفزی کاری کەسێکی وەك (دال) ناکات لە کاتێکدا ئەو کەسە لە دیدگای ئەودا بۆرژوازیشە، بەڵام کۆمۆنیستی کرێکاریی نەك ئەوەی تەقدیرو ڕێزی کەسێکی وەك مام هەژار ناگرێت، بەڵکو بەوپەڕی حەماقەتەوە جنێوی ناشرین و نەشیاوی پێدەدات. حەزدەکەم ئاماژەش بۆئەوە بکەم (لینین) هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی ڕزگاریی گەلانی بندەستی دەدا و خۆی بە یەکێك لەلایەنگرە سەرسەخت و شێلگیرەکانی ئەونەتەوانە لە قەڵەم دەدا و کاتی خۆیشی وتی (ئێمە پشتگیریی لە مافی سەربەخۆیی گەلانی چەوساوە دەکەین، واتە مافی ئازادیی و جیابوونەوەیانمان لا پیرۆزە). هەر لەو چوارچێوەشدا لە ڕاگەیاندنی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٧ لە دەیەمین کۆنگرەی شورای گشتیی ڕوسیا، سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلان چوار بڕیار درا:

١-بەرابەریی و حاکمبوونی نەتەوەکان.

٢-مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

٣-هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ئیمتیازێکی ئایینی و نەتەوەیی و ناوچەیی.

٤-بردنە سەری پلەی ژیانی کەمایەتییەکان لە ناوخۆی سۆڤیەتدا.

کەچی کۆمۆنیستی کرێکاریی دوایی چەندین دەیە لە دەرچوونی ئەم بڕیارنامەیە نەك مافی دەوڵەت بە کورد ڕەوا نابینێت بەڵکو داکۆکیکردن لە خۆیشی بە شەرمەزاریی و پەڵە و لەکە و عەیبە دەبینێت!!، ڕەنگبێ هەندێك لە برادەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی بڵێن ئەی ئەوە نییە ئێمە داکۆکی لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، بۆ ئەمەشیان لەوانەیە وەڵامما ئەوە بێ ئەوە تاکتیکێکی سیاسی و حزبییە بۆ ئەم قۆناغە نەك پرنسیپ و ستراتیژێکی چەسپیوو. تاکوو مەنسور حیکمەتیش بە وتارێك باسی لە سەربەخۆیی کوردستان نەکرد، ئەم هێزە باسی دەوڵەتی کوردستانیان بە باسێکی کۆنەپەرستانە دەزانی و پێداگرییان لەو جوگرافیا داسەپێنراوەی عێراق دەکرد، کە دەستکردی ئیمپریالیزمی بەریتانی- فەڕەنسی بوو.

بەش بەحاڵی خۆشم تا ئێستا نەمدیتووە لە هیچ وڵات و شوێنێکی تر کۆمۆنیستەکان دژایەتی نەتەوەکەی خۆیان بکەن و دژی پارێزگارییکردن لە شوناسی گەلەکەیان بن و شەرعییەت بە داگیرکاریی وڵاتەکەیان بدەن! ئیتر نازانم بۆ دەبێ کۆمۆنیستەکانی کورد بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی نیشتمانی بکەن لە کوردستان؟ دەبوو کۆمۆنیستە کوردەکان لە هەموو کەس جیددیتر و حەریستر بوونایە لە راستای چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد لەم دەڤەرەدا، ئاخر کۆمۆنیستێکی تورکی داکۆکی لە دەوڵەتی تورکیا بکات یان نا چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟ خۆ تورك دەوڵەتی خۆی هەیە و خاوەنی باکگراوەندی حکومداریی و ئاڵا و سەروەریی نیشتمانی خۆیەتی، بەڵام کورد دەبێت چیتری هەبێ جگە لە تراژیدیا و قڕکردن و فەوتاندن بە چەکی کۆکوژ، تا کۆمۆنیستەکان دژی پرسی نەتەوەیی ئەم گەلە بوەستن و بە پەڵەی شەرمەزاریی نێوچەوانمانی بزانن. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە خودی ناونانی حزبەکە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) جێگەی پرسیار و لەسەر ڕوەستانە، کۆمۆنیستی کرێکاریی، عێراقی پێ وڵات و شەرعیترە لە کوردستان، ئاخر کامیان

شەرعییەتیان هەیە: كوردستان كە خاوەنی مێژوویەكی دوورو درێژ و سروشتیی خۆیەتی؟ یان ئەو عێراقەی بە بڕیاری ئیمپریالیزمی براوەی یەكەم جەنگی جیهانی دروستكرا؟، لە واقیعیشدا وڵاتێك نییە بە ناوی عێراق جگە لەو سنوورە وەهمییەی بە ئاگرو ئاسن و خوێن بە یەكەوە لكێنراوە و ناوینراوە عێراق. ئاخر هێزێكی سیاسیی زۆربەی سەركردە و كادرەكانی كورد بن و عێراقچێتی بكەن و عێراقیان لە كوردستان پێ شەرعیتر بێت، دەبێت چ چاوەڕوانییەكی لێ بكرێت و كام پەتی هیوای پێوە ببەسترێت و دڵ بە كام سیاسەتی خۆش بكرێت؟.

كۆمۆنیستی كرێكاریی تەنانەت سەركۆنەی حزبی شیوعی كوردستان و عێراقی دەكرد، گوایە پشتگیریی لایەنە ناسیۆنالیستەكان دەكەن و گووتاری سیاسیی حزبەكانیان تێكەڵاو بە گووتارێكی نیشتمانیی كردووە. ئەوان پێیانوابوو دەبێ دەست لە حزبی شیوعی بشۆردرێت، چوونكە لە ڕێڕەوە سەرەكییەكەی كۆمۆنیزم لایداوە كە ئەویش ئینتەرناسیۆنالیزمە، چون حزبی شیوعی كوردستان لەم دواییانەدا پێی وانەبوو مەسەلەی كوردستان و كێشەی نەتەوەیی گەلی كوردستان شتێكی دابڕاو بێت لە خەبات و تێكۆشانی كۆمۆنیستی. هەروەاش لە دیدی كۆمۆنیستی كرێكاریدا ناسیۆنالیزم لە چاوی پارتی و یەكێتیدا دەبینرایەوە، ئەزپێموانییە تا ئەم چركەساتەش پارتی و یەكێتی توانیبێتیان خاوەنی گووتارێكی ناسیۆنالیستی كوردانە بن، بەڵكو ئەوان هێشتا لە ژێر كاریگەریی خێڵ و دیدگا چەپڕەوییەكان رزگاریان نەبووە، تا ئێستا ئەوان (پارتی و یەكێتی) نەیانتوانیوە نوێنەری راستەقینەی ناسیۆنالیزم بن لە كوردستان، چوونكە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆ  ژیایە و ستراكتۆرێكی تیۆریی هەیە ئینجا پراكتیكیی، ئەوەشی پارتی و یەكێتی كردوویانە كاردانەوەی ستەمی نەتەوایەتی بووە لەسەر كورد نەك ناسیۆنالیزم، یان بە دیوێكی تردا ئەوەی پارتی و یەكێتی دروستكردووە و شەرعییەتی پێداون دیسپۆتیزمی نەتەوەی سەردەست بووە لەسەر كورد، نەك ئەوەی پارتی و یەكێتی هەڵقوڵاوی دیدێكی ئایدۆلۆژیی ناسیۆنالیستی قووڵ بن

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. کۆمۆنیستی کرێکاریی لەبەر نەخوێندەواریی و کۆڵییان لە سیاسەتدا لەمەشیاندا نەیانتوانیبوو دروست ئامانجی خۆیان بپێکن و داکۆکی نیشتمانیی و بەرگریی لە شوناس لە ناسیۆنالیزم لێك جودا بکەنەوە.

کۆمۆنیستی کرێکاریی بە جۆرێك دژایەتی رابوونی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرد مرۆڤ ناتوانێ بڵێ ئەمە شتێکی سادە و راگوزەرە بەڵکو دەیخاتە بەردەم ئەو گومانەی دەستێکی بێگانە یان دەرەکی لە پشت ئەم جۆرە رەوتانەوە بێ بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستاندا، مرۆڤ ناتوانێ گومانی ئەوە نەکات ئەم سیاسەتانە چەندە نەخشە بۆ دارێژراو و جەهەنەمییە، خۆ ئەگەر ئەم گومانەش راست نەبێت و دەستی دەرەکیش لە پشتی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە نەبێت، ئەوە سیاسەتەکانی (حککع) و کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ئێران بە جۆرێکە مرۆڤ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەی لەو شێوازە.

دواجار کۆمۆنیستی کرێکاریی لەبری ئەوەی کار لەسەر کۆکردنەوەی توانا ناڕازییەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بکات و گووتاری سیاسیی خۆی تێکەڵ بە ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بکات و هەوڵبدات سەنگەرێکی جیاواز بێت لە دژی داگیرکەران، دێت گاڵتە و قەشمەریی بە رۆحی نەتەوەیی کورد دەکات و زۆر بازاڕیی و بێ ئەقڵانە بە هەر چوار لای خۆیدا جنێوپرژێنی نەتەوە و ئاڵا دەکات، تا ئەو ئەندازەیەی سەرکردەکەیان بە ئاشکرا بڵێت: هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئاڵای بەعس و کوردستاندا بەدی ناکات؟!. ئەم سیاسەتە دیماگۆگیی و ئەم هەرزەکاریی و سەرلێشێواویی و دوژمنایەتییە توند و کینە لە دڵییە بەرامبەر بە بزاڤی نیشتمانی کورد، جارێکی تر بەڵگەی ئیفلاسی و ناتەندروستی سیاسەتەکانی (حککع) و خودی رەوتەکە دەسەلمێنێت. ماوەتەوە بڵێین، مارکس لە (مانیفێست) دا دەنووسێ (ئەشرافی فەڕەنسا و ئینگلیز بەپێی بارودۆخی گونجاوی مێژوویی

خۆیان، ئەرکی ئەوە بوو لە دژی کۆمەڵگەی سەردەمی بۆرژوازیی هەجونامە بنووسێت)، کۆمۆنیستە دەست بەتاڵەکانی تەریقەتی حیکمەتیزم چیتریان بۆ نەماوەتەوە مەگەروەك ئەشرافی فەڕەنسا و ئینگلیز هەجونامە و جنێو بنووسن لە دژی کورد و خەباتە بێوچانەکەی لە پێناوی ئازادیدا.

## 10
## نەخوێندەواریی و هەژاریی مەعریفیی

کۆمۆنیستی کرێکاریی بەردەوام جەختی لەسەرگۆڕینی دنیا دەکردەوە، دروشمی دنیا گۆڕین لە پێش هەموو دروشمەکانی ترەوە دەهات، وەك لە بیرمە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ بە دواوە تراکتێك بە قەبارەی A٣ لەسەری نووسرابوو (ئەم دنیایە دەبێت بگۆڕێت)! بە سەرجەم ژووری بارەگاکاندا هەڵواسرا، ئەرکی گۆڕینی هەموو دنیا خرابووە ئەستۆی ئەو چەند سەد کەسەوە کە بێجگە لە هەندێکیان ئەوانیتر توانای ئەوەیان نەبوو خودی خۆیان بگۆڕن و تەنانەت ئەلف و بای بیری کۆمۆنیزمیشیان نەدەزانی! داخۆ چ کۆمیدیاکە گۆڕینی دنیا بخەیتە ئەستۆی خەڵکانێك بچووکترین تێگەیشتنیشیان بۆ دنیا نەبێ؟ فەلسەفەی ئەم دنیا گۆڕینەش لەم مەقولەیەی (مارکس)ەوە وەرگیرابوو (فەیلەسووفەکان تەنیا بەشێوەی جۆرا و جۆر جیهانیان شرۆڤە کردووە، بەڵام ئەرکەکە بریتییە لە گۆڕینی ئەم جیهانە). بەڵام ئایا مارکس باسی کام جیهانی کردووە؟ بێگومان مارکس باسی خۆرئاوا یان راستتر ئەوروپا دەکات، ئەو ئەوروپایەی نزیکەی بیست سەدە و زیاتریش لە خۆ خوێندنەوەی بەردەوامدا بووە، ئەو خۆرئاوایەی بە رێنسانس و رۆشنگەریی و مۆدێرنێتەدا تێپەڕیووە، نەك کوردستان یان عێراقێکی دواکەوتووی لە مێژوو بەجێماو.! قەیرانی یەکەم و سترۆکتۆریی رەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی بریتی بوو: لە نەناسینی دۆخەکان و ئەو هەژاریی و نەخوێندەوارییە خنکێنەرەی رابەرایەتی حزبی تێکەوتبوو، وەها بیر لە خودی حزب دەکرایەوە دەزگایەکە بۆ بەرهەمهێنانی کادری چالاك و کارا بەبێ

ئەوەی ئەو كادرە رۆشنبیر و تەیار بكرێت تەنانەت بە ئیدۆلۆژیای ماركسیزم، مەنسور حیكمەت چەقی بیركردنەوەی خۆی لەسەر ئەوە دانابوو پێویستە خوێندنەوەكان كۆتاییان پێبێت چوونكە ئەوان پڕاوپڕ وەڵامی پرسیارەكانیان داوەتەوە بەڵكو دەبێت كادران خۆیان ئامادە بكەن بۆ شۆڕش!.

شۆڕشێك نە زەمینەی هەبوو نە لە ئارادابوو، بەڵكو چیتر نەبوو جگە لە وەهم، حیكمەت لە وتارێكدا لەبەردەم رابەرایەتی حزب لە ئێران دەڵێت ئەوەی كتێبێكی بەدەستەوەیە بینووسێت با دوای بخات بۆ سبەی، چوونكە ئەمڕۆ رۆژی خۆسازدانە بۆ شۆڕش، هەروەك وتم شۆڕشێك كەس نەیدەزانی كەی و لە كوێ و چۆن روودەدات و دەست پێدەكات؟. هزرمەندی ماركسیست (مەهدی عامیل) دەبێژێت (پەیوەندیی فیكر بە واقیعەوە پەیوەندیی پێكەوەلكان و كارلێككردنە، ئەم دێڕە دەقێكی سەرەكی فیكری ماركسییە). وەلێ بەداخەوە فیكری كۆمۆنیستی كرێكاریی بە رادەیەك دووربوو لە واقیعی سیاسیی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردستان، سوخرانی و گووتارەكانیان دەتووت بۆ خەڵكی هەسارەیەكی ترە. جاری وابوو سبەینان گوێم لە رادیۆی حزب بوو، هاواری دەكرد «جەماوەری ملیۆنی كرێكار! دەی برژێنە سەر شەقام، شۆڕش بكەن، كۆدێتا بكەن»، لە كاتێكدا جێگەی باوەڕی هیچ كەس نییە چارەگە ملیۆنێكیش كرێكار لە كوردستان هەبێ چجای ملیۆنەها كەس لە چینی كرێكار. ئەم ناواقیعبینی و هەژارییە لە بەرامبەر ناسینی بارودۆخی كۆمەڵگەی كوردستان نەك هەرپەكی بزووتنەوەكەی خست بەڵكو بە جۆرێك كەوتەوە قاچی بزووتنەوەكەی خستە داوەكەوە. لە یادمە زۆر كادر و هەڵسوڕاو هەبوون داوایان دەكرد حزب خوێندنەوەیەكی قووڵ و وردبینانەتری هەبێت بۆ مامەڵەكردن لە كردەی سیاسیدا، جگە لەوەش گرنگی و بایەخی پتر بدات بە بنەما تیۆرییەكان و حزب پرۆژەیەكی فیكریی هەبێ لەپێناو خوێندنەوە و ناسینی دۆخەكەدا وەكوو خۆی، هەروەها داوای جیددی دەكرا كادر تەیار بكرێ بە

ڕۆشنبیریی مارکسیستی و کۆمۆنیستیی.

بۆ وێنە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ لە کۆبوونەوە و خولی کادران لە ژێر ناوی (الشیوعیة علم التحریر الطبقة العاملة و المجتمع البشری- بە عەرەبی) نووسەری ئەم دێڕانە وەك کادرێك بەشداریيم لەو خولەدا کرد. پێشنیاری ئەوەم کرد پێویستە کادر ئەوکەسە بێت خاوەنی ڕۆشنبیریی و باکگراوەندێکی مەعریفی و سیاسیی بێت، لە توانایدا بێت وەڵامی پرسیارە تیۆریی و فەلسەفییەکانیش بداتەوە، ئەوان لە رابەرایەتی حزب ئەم هەڵوێستەیان بە روانگەیەکی وردە بۆرژوازییانە وەسف کرد و پێداگرییان لەسەرئەوە دەکرد گرنگ نییە کادر چەندە خوێندەوار و ڕۆشنبیرە بەڵکو گرنگ ئەوەیە کادر ئەکتیف بێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە حزبییەکاندا!، بەڵام چ کاتێك ئیمکانی ئەوە هەیە کادرێکی چالاك و کارات هەبێت بەبێ هەبوونی باکگراوەندێکی سیاسیی و روشنبیریی و حزبیی؟ هەروەك دەوترا جەماوەری سەدان هەزار کەسیی لە هەموو چین و توێژەکان کادرێکیان دەخات، بەڵام ئایا کادری کۆمۆنیستی کرێکاریی بەو حاڵەیەوە دەیتوانی کارێکی وەها ئەنجام بدات؟ لە ساتێکدا هەندێك کادر هەبوون پاڵێوراو بوون بۆ رابەرایەتی حزب تەنانەت کتێبی کلیل و دمنە و حیکایەتی مەلای مەشهوریان نەخوێندبووەوە، بگرە زۆرێکیان وایاندەزانی مانیفێست ناوی نەستەلە یان گڵۆپە.

لینین، کاتی خۆی لە حزبی بەڵشەفیك و دواتر لە سەردەمی دەسەڵاتی شورەوی لایەنگری ئەوەبوو خەڵك دەبێ بخوێنن یان راستتر ڕۆشنبیر بکرێن تا بە هۆش و لێکدانەوەی خۆیان بەشداریی لە شۆڕش و پاراستنی بکەن. لینین دەڵێت (بۆ ئەوەی خەڵك بە بیر وخۆش و لێکدانەوە و بە چالاکی بەشداریی لە شۆڕش بکەن دەبێت بخوێنن). دروست بە پێچەوانەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی پێیوابوو خوێندنەوە کات دەگرێت و ڕێگرە لەبەردەم شۆڕش. بۆیە بەهەموو شێوەکان خوێندەوارانی ناو حزب کرانە پاسەوانی بارەگاکان یان بە تۆمەتی

جۆراوجۆر لە ریزەکانی حزب دەرپەڕێنران، ئەوانەشی لەگەڵ کاروانەکەدا رێیان دەکرد و دەیانەویست ریفۆرم لە بنەمای فیکریی و سیاسیی حزبدا دروست بکەن، نەك هەرگوێیان لێ نەدەگیرا بەڵکو بە خەڵکانی نارۆشن و خوردە بۆرژوازیی و کۆنسەرڤاتیڤ و تەنانەت لۆمپن و ئوپۆرتۆنیست دادەنران.

کۆمۆنیستی کرێکاریی بە پاساوی ئەوەی حزب قوتابخانەی فەیلەسووف و بیرمەند دروستکردن نییە، رێگەی دابوو رابەرایەتی حزب لەلایەن کەسانێکەوە جڵەو بکرێ لاپەڕەیەکیان لە بیری کۆمۆنیزم نەخوێندبووەوە بەڵکو نەیاندەتوانی قەناعەت بە خۆیان بهێنن لەبەرچی کۆمۆنیستن! بۆئەوەشی خەڵك قەناعەت پێبکەن ئەوە هەرباسی ناکرێت. دەتوانم بڵێم فەرامۆشکردنی بنەما تیۆرییەکان و رێگەدان بە نەخوێندەواران تا زاڵبن بەسەر ئاراستەی حزبدا سەری دەرهێنا بۆ فەوزایەکی سەرسوڕهێنەر، لە ئاکامیشدا شتێکی نەهێشتەوە بە ناوی حزب. ئەوەی ناوی لێنرابوو حزب لە گروپێکی ئانارکیستی بەولاوە چیترنەبوو، چون هیچ شتێك بەپێی رێسا سیاسییەکان و بنەمایەکی مەدروس بەڕێوە نەدەچوو، دواجار ئەوەی ئاراستەی حزبی دەکرد ئەقڵی تەسکی چەند کەسێکی نەخوێندەواری بێ ئاگابوو لە دنیای سیاسەت.

من یەکێك بووم لەو پۆلە کادرەی داوامان دەکرد ئەدەبیاتی کلاسیکی و مۆدێرنی بیری مارکسیزم وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردیی بۆ ئەوەی ئەندامان بتوانن ئاشنا بن بە بیرورێبازە سیاسییەکەیان. ئەم داوایە هەرگیز گوێی لێ نەگیرا بگرە لەوە زیاتر ئەمە بە کارێکی هەڵەو پڕمەترسی سەیر دەکرا. هەڵە لەبەرئەوەی بە بۆچوونی رابەرایەتی حزب لەمپەربوو لە بەردەم راپەڕاندنی بابەتە کردارییەکان و شەڕی دەسەڵات، پڕمەترسی چون دەزانرا کاتێ کادرو ئەندامی هۆشیاری کۆمۆنیست لە ئارادا بێ هەرگیز رابەرایەتی و سەرکردایەتییەکی کلۆڵی لەو جۆرە قبوڵ ناکات و تێیدەپەڕێنێ. لینین، دەنووسێت (لەوەوپێش ئەنگلس پێشنیاری ئەوەی بۆ رابەرایەتی پرۆلیتاریای ئەوکاتە کرد ئەدەبیاتی خەباتکاری ئاتەئیستیی

کۆتایی سەدەی هەژدە تەرجەمە بکەنەوە و بە بەربڵاویی لە نێو خەڵکدا بڵاویان بکەنەوە، ئێمە بەوپەڕی شەرمەوە دەڵێین تا ئێستا ئەو کارەمان نەکردووە). بە کەمێك وردبوونەوە لەم وتەزایەی لینین دووخاڵی سەرەکی دەردەکەوێت:

یەکەم: ئەنگلس وێڕای بلیمەتیی خۆی و کارل مارکس و هەڵهێنجانە فەلسەفییەکانی خۆیان پێشنیاری ئەوەی کردووە نەك دەبێ لە خەباتدا سوود لە سەرچاوە مارکسییەکان وەربگرین بەڵکو هەموو ئەدەبیاتێکی نێزیك و بە کەڵك بۆ ئەو خەباتە پێویستە دەستی پێوە بگرین.

دووەم: لینین لە دواتر دەڵێت شەرم دەکەین ئێمە کارێکی وامان نەکردووە، ئەگەر لینین بەو هەموو بلیمەتی و نووسینە بە بڕشت و کاریگەرانەی خۆیەوە شەرمندە بێت، ئاخۆ دەبێ کۆمۆنیستی کرێکاریی چەندە شەرمەزار بێت نەك ئەدەبیاتی ئاتەئیستی (بێ ئاینیی) بەڵکو ئەدەبیاتی ڕەسەن و کلاسیکی مارکسیستی تەرجەمە نەکردووە؟!!.

لینین لە جێگەیەکی تردا دەنووسێت (نووسراوە زیندوو و بە بڕشت و هۆشیارانەکانی ئاتەئیستە کۆنەکانی سەدەی هەژدە، بە وردبینی و ڕوونییەکی تەواوەوە بۆچوونی ئاینیی دەسەڵاتدارانیان دەدایە بەرهێرشی خۆیان و ئەمانە زۆربەی کات بۆ بە ئاگا هێنانەوەی جەماوەری خەڵك لە غەفڵەتی ئاینیی هەزاران جار پتر لە تەفسیرە وشك و ماندووهێنەرەکانی مارکسیزم لەبارترن). ئەم دانپیانانەی لینین زۆر شت ڕوون دەکاتەوە لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە: لینین هەربەوە قایل نەبووە وەڵامی جەماوەری کرێکار و ئەندامانی حزب بە تەنیا لە ڕێگەی تەفسیرە جەبریی و وشك و برینگەکانی مارکسیزمەوە بداتەوە، بەڵکو ئەو پێشنیار دەکات ئەدەبیات و ڕێگای جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران، بەڵام ئێمە ئەوکات ڕازی بووین کۆمۆنیستی کرێکاریی هەرهیچ نەبێت کرێکاران و ئەندامانی حزب لە ڕێگەی ژێدەرە مارکسییەکانەوە هۆشیار و ئاگاداربکاتەوە. کێشەی سەرەکی لەوەدابوو کۆمۆنیستی کرێکاریی بێ هیچ

روونكردنەوە و لەسەروەستانێك دەیووت كۆمەڵی كوردستان كۆمەڵێكی سەرمایەداریی رووتە و دەبێ ستەمی چینایەتی كۆتایی پێبێت، هەژارییە مەعریفییەكە لە ئاستێكدا بوو حزب لە توانایدا نەبوو ئەوە روون بكاتەوە ئایا كۆمەڵگەی كوردستان كۆمەڵێكی فیودالی یان سەرمایەدارییە؟ ئەگەرفیودالییە كامەیە شەقڵ و ئەدگارو خەسڵەتەكانی؟ ئەگەر سەرمایەدارییە كامەیە دیاردە و نیشانەكانی؟ ئەگەر هیچ كام لەم دووانە نییە كەواتە فەلسەفەی وجودی حككع لە كوێدایە؟، ئەگەریش تێكەڵەیەكە لە هەردووكیان چۆن دەكرێ لە بارودۆخێكی وەها هەستەوەردا سیاسەت بكەیت؟.

بەدەر لەمانە ماركس- ئەنگلس لە كاتێكدا پێداگریی لەسەرئەوە دەكەن قۆناغەكەیان قۆناغی سەرمایەداریی و خاوەندارێتی تایبەتە، بەڵام سەریان لەوە دەرنەدەكرد بۆچی خاوەندارێتی تایبەت لە رۆژهەڵاتدا بوونی نییە؟ ئەوان رۆژهەڵاتیان ئیستسنا كرد لە خاوەندارێتی تایبەت و ئەوەشیان گەڕاندەوە بۆ خودی سروشتی رۆژهەڵات.

ئەوەتانێ (ماركس) لە نامەیەكیدا بۆ ئەنگلس (لەندەن- حوزەیرانی ١٨٥٣) باس لە ئیعجابی خۆی دەكات بە كتێبەكەی (فرانسوا برنیە) كە وەسفی دەوڵەتی مەغۆلی مەزن دەكات!. ماركس پێیوایە بۆباسكردن لە مەسەلەی سەرهەڵدانی شارەكانی رۆژهەڵات وێنەی ئەم كتێبە دەگمەنە، ئەوەی جێی سەرنج و بڕوای ماركسە لەم كتێبەدا ئەم چەند دێڕەیە (پاشا خۆی خاوەنی تاقانەی گشت زەوی و زارە لە دەوڵەتەكاندا و لێرەوە پایتەختەكان وا هەڵكەوتوون وەك دەڵێی بژێوییان لەسەر حسابی سەربازگەكانە، ئەم شارانە هیچ شتێكیان لە پاریس ناچێت، ئەمانە لە رووی جەوهەرەوە سەربازگەی جەنگن). ماركس دەڵێت (برنیە بەشێوەیەكی دروست ئەوە دەبینێت نەبوونی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ زەوی سەرچاوەی هەموو دیاردەكانە لە رۆژهەڵاتدا و ئەمە كلیلی راستەقینەی تەنانەت ئاسمانی رۆژهەڵاتە).

ئەنگلس، لە ٦ی حوزەیرانی ١٨٥٣ وەڵامی مارکس بەم جۆرە دەداتەوە (مێژووی سیاسیی و ئاینیی رۆژهەڵات لەسەر ئەم تایبەتمەندییە راوەستاوە، بەڵام هۆکاری ئەوەی بۆچی لە رۆژهەڵاتدا خاوەندارێتی تایبەت بوونی نییە؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چلۆنایەتی تۆپۆگرافی ئەو ناوچەیە کە کشتوکاڵ پێویستی بە ئاودێریی دەستکرد بووە، ئەم سروشتە شێوازی کاری هەرەوەزیی فەرز کردووە کە یارمەتیدەر بووە بۆ یەکخستنی ریزەکانی کۆمۆنەکان بەمەش ئاسانکاریی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندیی سەرکوتکاریی لە سەرانسەری وڵاتدا ساز کردووە). دیارە لێرەدا مەبەست لەوەیە خەسڵەت و تایبەتمەندیی چینایەتی لە رۆژهەڵاتدا جیایە لە جیاوازیی چینایەتی لە خۆرئاوا (چ ئەوکات و چ ئێستا). کوردستان و ئەو کۆمەڵگەیەی کۆمۆنیستی کرێکاریی کاری تێدا دەکرد بەشێکی دانەبڕاو بووە لە دنیای رۆژهەڵات، بگرە لە رۆژهەڵاتیشدا یەکێك لە دواکەوتووترین کۆمەڵگەکان بووە. قسەکە لەسەر ئەوەیە کۆمۆنیستی کرێکاریی بەو دەستکورتی و نەدارییە سیاسیی و فیکرییەوە چلۆن لە توانایدا بووە ئەم بارودۆخە بخوێنێتەوە؟ بەڵکو خەباتی تێدا بکات و بیەوێت جڵەوەکەی بەدەستەوە بگرێت! لە راستیشدا تێگەیشتن لە هەمەجیەتی رۆژهەڵاتی و سروشتی ناجێگیر و شێواوی کۆمەڵگەکانی قورسترە تەنانەت لە بەرپاکردنی شۆڕش لە دنیای چەسپیوو مونسەجیمی خۆرئاوادا.

مارکس- ئەنگلس دەیانزانی رۆژهەڵات لە دەرەوەی گەڵاڵەکانی ئەوانە هەر بۆیە بە وردی و قووڵی کەوتنە گەڕان بە دوای هۆیەکانی دروست نەبوونی خاوەندارێتی تایبەت تیایدا، هەرچەندە ئەنگلس وەڵامێکی گونجاو و دڵنیاکەری پێیە کاتێك هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ میکانیزمی تۆپۆگرافی. بەڵام ئەگەر ئێمە بڵێین کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی سەرمایەداریی نییە، سەرمایەداریی وەك سیستم تیایدا گەشەی نەکردووە، ئاخۆ کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەم ئیدیۆمە تێدەگات؟ یان دەگەڕێت تا بزانێ کۆمەڵی کوردستان لە کام کەنارلەنگەری

گرتووە؟ یان دەتوانێت ئەوەندە وردبین و ئەقڵانی بێت بەدووی هۆیەکانی دروست نەبوونی سەرمایەداریدا بگەڕێت؟ ئەی ئەگەر سەرەنجام بۆی دەرکەوت کوردستان کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی نییە چی لە چارەنووسی خۆی دەکات؟! ئایا هەمیشە وەك ئێستا دەڵێت مادام مارکس وتوویەتی جیهان بەسەر دوو چیندا دابەشبووە ئیتر تەواو کومەڵی کوردستانیش لەو دوو چینە پێکهاتووە؟ ئایا خودی ئەم دیتنەی مارکس شیاوی هەڵوەستە لەسەرکردن نییە؟، ئایا مارکس گشتگیرو جاویدانی بڕیاری داوە یان بە جۆرێکی تر؟ لەم بارەیەوە بیرمەندی عەرەب (د.محەمەد عابد ئەلجابری) دیتنێکی تایبەتی خۆی هەیە ولە بارەی روانگەی مارکس، سێ خاڵ بەم جۆرە دەستنیشان دەکات:

١- ئەگەر شیکردنەوەی مارکس بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداریی شیکردنەوەیەکی راست و دروست بێت، مەرج نییە شیکردنەوەکانیشی بۆ قۆناغە مێژووییەکانی بەرلە قۆناغی سەرمایەداریی تەنانەت لە ئەوروپاشدا ئەویش هەرراست بێت، واتە ئەوەی مارکس لە بارەی کۆمەڵگەی دەرەبەگی و کۆیلایەتی و سەرەتایی وتوویەتی نابێت وەك راستییەکی زانستیی وەریبگرین!!، بەڵکو دەبێت وەك یاسایەکی زانستیی تەماشای بکەین کە قابیلی راستکردنەوە و پێداچوونەوە و تەواوکردنە.

٢-ئەو ئەنجامەی مارکس لە رێگەی شیکردنەوەی زانستیی بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداریی پێی گەیشت و ئەو شیکردنەوەیشی بۆ قۆناغە مێژووییەکانی بەرلە سەرمایەداریی ئەوروپایی درێژکردووە، ئەمە رێگەی ئەوەمان نادات شیکردنەوەیەکی زانستییانەی لەو شێوەیە بۆ کۆمەڵگە نائەوروپاییەکانیش ئەنجام بدەین، واتە بۆ شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەکانی تر، پاشان ئەو ئەنجامانەی «دوای شیکردنەوەیەکی زانستی» لە بارەی کۆمەڵگە نائەوروپییەکان پێیان دەگەین، دەبێتە ئامانجێکی زانستیی راست و دروست ئەگەر پێچەوانەوە و دژی ئەنجامەکانی «مارکس»یش بێت!.

٣-کەواتە ماتریالیزمی مێژوویی تەنیا بۆ کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان راستە و تایبەتە بەوان، ئەمە پێشتر (جۆرج لۆکاچ) تێبینی کردووە، قەتیسکردنی بزووتنەوەی مێژوو لە ململانێی نێوان پرۆلیتارو سەرمایەدار نابێتە کارێکی زانستیی، تەنیا ئەو کۆمەڵگەیەی قسەی لەسەر دەکرێت خۆی لە بنەڕەتدا لە دوو چینی سەرەکی پێکهاتبێت کە جەمسەرگیریی هەموو گروپ و ئەندامانی کۆمەڵگە بکەن و بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانی تێدا دیاری بکەن.

خولاسە مەبەستی سەرەکیی (جابری) ئەوەیە مەرج نییە سەرلەبەری توێژینەوە و دەرەنجامە زانستییەکانی مارکس بۆ سەرجەم قۆناغەکان راست بن، لە هەمان کاتدا ناکۆکی چینایەتی لەنێوان پرۆلیتارو کاپیتال یاسایەکی ستاندار نییە بۆ هەموو گێتی، بەڵکو مارکس بیەوێ و نەیەوێ لێکۆڵینەوەکانی لە سنووری خۆرئاوادا قەتیس دەبن و نابنە راستییەکی حاشا هەڵنەگر بۆ هەموو جیهان، ئەگەر وایە (حەتمەن وایە) کۆمۆنیستی کرێکاریی چۆن لەمە تێدەگات؟ چۆن دەتوانی سروشتی جیاوازیی چینایەتی و پەیوەندیی چینەکان لە کۆمەڵگاکەیدا ئاشکرا بکات و دواتر هاوکێشەکە بە جۆرێك ئاڕاستە بکات وەك خۆی دەیەویست بیگەیەنێتە دەسەڵاتی سیاسیی؟!.

رۆژیە گارۆدیێ دەنووسێت (مارکیسزم کۆمەڵێك یاسا نییە بەڵکو میتۆدێکە بۆ دەستپێشخەری مێژوویی، لە هەمان کاتدا زانست و هونەرە بۆ وەدەرهێنانی ناکۆکی جۆریی لە وڵاتێکی دیاریکراو و قۆناغێکی دیاریکراودا). گارۆدیێ چاکی پێکاوە و زۆربەوردیی رۆشنایی خستۆتە سەرئەوەی مارکسیزم تۆپەڵە یاسایەکی کۆنکرێتی و نەگۆڕ نییە بۆ لە قاڵبدانی هەموو دۆخەکان، بەڵکو میتۆدێکە بۆ خوێندنەوەی جۆر و ناوەڕۆکی جیاکاریی و جیاوازییە چینایەتییەکان بەپێی قۆناغەکان و بارودۆخی کۆمەڵگاکان. لەلای کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەمە پێچەوانە بووەوە چون هیچ کات میتۆدێك بە پێویست نەدەزانرا بۆ خوێندنەوەی

کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵکو یەقینێکی تەواو بەوە هەبوو مارکس وەڵامی پڕاوپڕی خۆی داوەتەوە و سروشتی هەموو کۆمەڵگەکانی بۆ هەمیشە کەشف کردووە کە سەرجەمیان هەڵگری ناکۆکی چینایەتین و ئەمەش راستییەکی سەلمێندراوە، راستە ناکۆکی چینایەتی بەشێکە لە سروشتی کۆی کۆمەڵگاکان، بەڵام ئایا ئەم چەمکە پێویستی بە وردکردنەوەی زیاتر نییە؟ هەروەك گارۆدیێ دەڵێت پێویست بەوە ناکات شێوە و تایبەتمەندییەکانی بەپێی کۆمەڵگەکان ئاشکرا بکرێت؟.

لەلایەکی ترەوە بێسەروبەرییەکی بێ ئەندازە لە دیسکۆرس و ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستدا بەدی دەکرا بە رادەیەك هەندێ دروشمگەل و شیعاری وەها بەرز دەکرایەوە هەرگیز نە ئەندامان و نە سەرکردایەتی رەوتەکە تێنەگەیشتبوون لێی، زۆرجار هەندێکیان ناکۆك بوون لەگەڵ ئیدیالی مارکسیزمدا. بۆ وێنە (حککع) شیعاری سکۆلاریزم و مۆدێرنیزمی بەرز دەکردەوە بێ ئەوەی بزانی مودێرنیزم چییە! تا ئێستاش ئەوە روون نییە ئەو مۆدێرنیزمەی ئەوان باسیان دەکرد مەبەست لێی مۆدێرنێتەیە یان شتی تر؟ خۆ ئەگەر بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیت بوتبا مۆدێرنیزم چییە وەها شێلگیرانە داکۆکی لێدەکەن؟ بێگومانم لە وەڵامدا دەیووت: مۆدێرنیزم تازەگەریی و ئازادیخوازییە، وەلێ لە راستیدا ئەم کۆنسێپتە مانایەکی تری هەیە، دەبێت لێرەدا ئەوەش وەبیر بهێنینەوە مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتە دوو پێدراوی جیاوازن، هەروەك (د.عەلی بیدگلی) دەڵێت: مۆدێرنێتە لەگەڵ مۆدێرنیزم جیاوازیی هەیە، مۆدێرنیزم ئاڵوگۆڕێکی ئامرازییە، بۆ نموونە وڵاتانی جیهانی سێیەم لە رووی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ژیانەوە لاسایی کۆمەڵی رۆژئاوایی دەکەنەوە و بەوشێوەیە گۆڕانکاریی لە ژیانی خۆیاندا دروست دەکەن، بۆیە مۆدێرنیزم تەنیا قبوڵکردنی تەکنۆلۆژیایە یاخۆ قبوڵکردنی ئەقڵی ئامرازییە، بەڵام مۆدێرنێتە ناوبژیوانییە لەنێوان تێڕوانین و جیهانبینی تاکی مۆدێرندا. یاخۆ زۆربەی جار جەخت لەسەر ئەوە دەکرایە و دەوترا ئێمەی کۆمۆنیستەکان

خەڵکانێکی رادیکاڵین بێ ئەوەی بزانرایە مانای رادیکاڵیزم چییە؟ ئەوانێك هەر جۆرە ریشەیی بوون و ئۆرسۆدۆکسییەتێکیان بە کۆنەپەرستی لە قەڵەمدەدا کەچی هەرخۆیان دەیانووت ئێمە فێندەمینتالیست و رادیکاڵین (ریشەییخواز).

وەك لە پێشتریشدا باسم لێ کردووە زاراوەی شۆڕش بەکاربراوترین زاراوەی حزبی کۆمۆنیست بوو لە پاڵ زاراوەکانی مافی ژن و منداڵان و ئازادیی بێ قەید و شەرت..هتد... بەڵام گرنگترین شتێك لە بیرکرابوو ئەویش تیۆری شۆڕش بوو، چون تیۆری شۆڕش بە قەد بەرپاکردنەکەی گرنگ و بە بایەخە، ناکرێ لە بۆشاییدا باسی شۆڕش بکرێ، ناکرێ بێ ئامانجێکی دیاریکراو بانگەوازی شۆڕش بکرێ. لینین وتی (هیچ کارێکی شۆڕشگێڕیی بێ تیۆرێکی شۆڕشگێڕیی بوونی نییە). لەم رووەشەوە رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی فەلەج و داماوبوو لە گەڵاڵەکردنی تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ پیادەکردنی شۆڕش، هەرچەندە من ئێستا و ئەوساش وام بینیوە بارودۆخ ئاوەڵا نەبووە بۆ کردەی شۆڕش، ئێرە جێگەی خۆیەتی گەواهیی ئەوە بدەم ئەوی جۆشدەری بیرۆکەی شۆڕش بوو باڵی ئێرانیی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەسەرووی هەموویانەوە ئاغای حیکمەت بوو، ئەوان بوون چەمکی شۆڕشیان بە نامە و فاکس و ئیمەیل دەنارد بۆ باشووری کوردستان نەك بڕیاری سەرکردایەتی (حککع) خۆی بووبێت!!.

ئەو دەمە زۆرێك لە ئێمە و مانان حەزەری ئەوەمان دەدا پێویستە سەرکردایەتی حزب سەربەخۆ بێت لە گەڵاڵەنامەکان و بڕیارەکانی خۆیدا، چون ئێمە باشتر و واقیعیتر کۆمەڵگەکەی خۆمان دەناسی، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەك (رۆمەن رۆلان) دەمانووت (ئەگەر بەهێز و توانای خۆمان بتوانین نیوەی حەقیقەتەکان بدۆزینەوە, زۆر لەوە باشترە کۆی حەقیقەتەکان تووتی ئاسا لە خەڵکانی ترەوە فێر ببین). پێمان باشتربوو کەموکورتانە کاربکەین وەك لەوەی کارێکی سەرکەوتوو بە نەخشەی باڵی ئێرانی ئەنجام بدەین، لەبەرئەوەی دواجارئەوەی ئێمە بووین دەبوو باجی سیاسەتە چەوتەکان بدەین لە کاتی هەر

ئەگەرێکی پەلاماردانی سەربازیی و رووبەڕوونەوەیەکدا (هەرواش بوو). کادرانی ناڕازی ئەگەرچی پەرش و بڵاوبوون، بەڵام هەردەم ئەرکی خۆناسینیان لە پێش هەموو شتەکانی ترەوە دانابوو, من باوەڕم وەها بوو بەر لە هەرکارێك پێویستە شیکاریی و خوێندنەوەیەك بۆ خودی خۆمان بکەین داخۆ ئێمە کێین و دەتوانین چی بکەین و هێزو سەنگمان چەندە؟ لە یادمە لە خولی دووەمی کادێران ساڵی ١٩٩٨ ئەم وتەیەی (سۆن تزۆ)م وەبیر ئامادەبووانی خولەکە هێنایەوە (خۆت بناسە و دوژمنت بناسە، ئەوسا دەتوانی سەد جەنگ بکەیت و لە شتاقیاندا نەشکێیت)، بە پێچەوانەوە ئێمە نە خۆمان ناسی بوو نە دۆست و دوژمنمان, بەڵکو دۆست و دوژمنمان بە جۆرێك تێکەڵاو کردبوو بە ئاستەم دەمناتوانی جودایان بکەینەوە، هەرئەم گرفتی خۆنەناسینە دەردیسەرییەکی زۆری بۆ حزب لە عێراق نایەوە و کارتێکی دایە دەستی (ی.ن.ك) بە هێزی چەکداریی پەلاماری حزب بدات و پێنج کەس لە کادرانی حزب لە جەرگەی شاردا تیرۆربکات.

ئەوێ رۆژێ باسمان لەوە دەکرد ناسین بە تایبەتی ناسینی سیاسیی پێویستی بە وردبوونەوە و بیرتیژیی و رۆشنبیرییەکی سیاسیی فراوان هەیە، ئەمەش کارێکی قورسە نەك سانا، هەروەك (دیستۆفسسکی) دەیووت (قورسترین کار بۆ مرۆڤ ناسینی خۆیەتی، ئاسانترینیش لۆمەکردنی بەرامبەرەکەیەتی). هەر بۆیە حزبی کۆمۆنیست ئاسانەکەیانی هەڵبژارد (لۆمەکردنی بەرامبەر) راستە لایەنی بەرامبەر (بزووتنەوەی حزبە خێڵەکی و بە ناو عەلمانییەکان) کەموکورتی و کەلەبەری زۆریان تێدابوو کە شایەنی ستایش نەبوون، بەڵام ئەوە هەرگیز پاساو نەبوو بۆئەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریی خودی خۆی لە یاد بکات. خۆ (مارکس) هەروا بە کوێرانە و شەخسیی رقی لە سەرمایەداران نەبوو، بەڵکو (ئەنگلس) خۆی سەرمایەدار بوو، کاتێك ئەو دووانە رەخنەیان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی گرت لە پێش هەرشتێکدا سیستمەکەیان ناسیبوو لە رێگەی خوێندنەوەیەکی بابەتی و قووڵی مێژووی مرۆڤایەتی. مارکس- ئەنگلس وەك

رابەرانی سۆسیالیزمی زانستیی لە دوای ناسین ئەوجا ئەڵتەرناتیف وگۆشەنیگای خۆیان خستەڕوو، هێشتاش نەیانتوانی سەرکەوتن بەدیبهێنن و بێ ئەوەی تارمایی کۆمۆنیزم ئاسمانی ئەوروپا دابپۆشێت سەریان نایەوە.

لایەنێکی تر خۆی دەخزێنێتە نێو ئەم باسەوە و ناتوانین بەسەریدا تێپەڕین، ئەویش نەخوێندەواریی و بێ ئاگایی سەرکردایەتی حزب بوو لە هونەرەکانی دیپلۆماتی و تاکتیك و پلانەکانی قۆناغ، لە بیرمە یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی (حککع) بە شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ك)ی وت: ئەگەر دوو هەزار چەکدارم هەبێت خەلاستان دەکەم!!!. لە کاتێکدا ئەو رۆژانە حزب نەسریە و هاوکاریی لە دەسەڵاتی یەکێتی وەردەگرت، سەیر بکەن ئەم رستەیە چەندە نامەعقولە لە هونەری دیپلۆماتی و پەیوەندییەکاندا. راستە جەنگێك بەشێوەی سارد لە ئارادابوو لەنێوان کۆی پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵام (حککع) دەیەویست ئەم حاڵەتە لە شێوەی پێکدادانی چەکدارانەدا بتەقێنێتەوە ئەمەش لە خۆیدا بریتی بوو لە کردەی خۆکوژیی سیاسیی، کلاوزفیتز دەڵێت (سیاسەت جەنگێکە بە هۆکاری نەرم، جەنگیش سیاسەتێکە بە هۆکاری توندوتیژ). لای حزبی کۆمۆنیست سیاسەت بە تەنێ جەنگێکی گەرم و توندوتیژ بوو یان ئەوەتا سەرکەوتن یان دۆڕان و لەناوچوون.

تۆ بڕوانە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حزبەوە (١٩٩٣) رابەرایەتی حزب ئەوەی دووپات دەکردەوە ئەگەر تا (١٠) ساڵی تر دەسەڵاتمان نەگرتە دەست ئیتر پێویست ناکات تەنانەت حزب بمێنێتەوە! بەلای منەوە ئەم قسەیە لە لۆژیك و گەمەی سیاسیدا ناماقووڵترین دەستەواژەیە، چون سیاسەت گرەنتی و بەڵێن ووادەی تیا نییە لەبەرئەوەی سروشتی گەمەی سیاسیی قبوڵی ئەم جۆرە شتانە ناکات. سەیریش لەوەدا بوو ئەم لێدوانە گێلانەیەی رابەرایەتی حزب بە ئازایەتی و نەبەردییەکی بێ وێنە تەماشا دەکرا لە کاتێکدا دنیا بەس بە ئازایەتی ناگۆڕدرێت، ئەزموون نیشانیداوە ئەوەندەی لۆژیك و دانایی دنیای گۆڕیوە نیو

هێندە ئازایەتی نەیگۆڕیوە، هەندێك جاریش کۆمەڵە لێدوان و رستە فڕێدەدرا لە ژێر ناوی جەرائەت و ئازایەتیدا هەرگیز قەناعەتی کۆمۆنیستی و حەقیقەتی رابەرایەتی حزب نەبوو، بەڵکو هۆیەك بوو بۆ ناوزڕاندن و فووکردن بە هەندێ میزەڵانی بچووکدا تا گەورە بن.

ئەرستۆ وتوویەتی (ئازایەتی ئەوە نییە ئەوەی دەتەوێت بیڵێیت، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە باوەڕت بەو قسانە هەبێت دەیانبێژیت). کاڵفامییەکەی کۆمۆنیستی کرێکاریی گەیشتبووە مەرزێك وەها هەست دەکرا قسەی رەق و هەڕەشە و هەندێ خۆڕاپسکاندن بەسە بۆ ئەوەی گرەوی دەسەڵات ببەیتەوە، هەربۆیە زۆر بە شەفافی و بێ پەردە لە ئەدەبیاتی حزبدا دوژمنایەتی لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسییەکاندا رادەگەیەنرا، پەیامی حزبی کۆمۆنیست بۆ هێزەکانی دەرەوەی خۆی پەیامی تەسلیمبوون و خۆ بەدەستەوەدانیان بوو، هەندێ حاڵەت کینە و ترسناکی خۆیان بۆ دەردەخستن، هەرچۆن مۆسۆلینی دەیووت (ئەگەر دیموکراتەکانی جیهان دەیانەوێت بزانن پلانی ئێمە چییە؟ پێیان بڵێن پلانی ئێمە ورد و خاشکردنی ئێسقانی دیموکراتەکانی جیهانە). لیدەری حککع و کۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لەسەرهەمان تۆن و ئاوازدەیانووت ئێسقانی هەرچی ناکۆمۆنیستە ورد دەکەین، مەلا و دیموکرات و چەپی ناسیۆنالیست و لیبڕال و کۆنسەرڤاتیڤ لە تەرازووی سیاسەتی (حککع)دا یەك سەنگیان هەبوو، هەربە یەك چاویش سەیریان دەکرا.

تەوەرێکی ترکە ناکۆکییەکی زۆری لەسەربوو مەسەلەی دروستکردنی چەند رایەڵێکی گرنگی راگەیاندن و کۆمینێکشن بوو لەپێناو زیاتر ناساندنی دیدگای حزب و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، لە بەرایی ئەم کارەدا دەرچوواندنی گۆڤاری ئەکادیمی وڕۆژنامەی کراوەترلە (بۆپێشەوە) کە لە راستیدا نامەی سەرکردایەتی حزب بوو، لەگەڵیدا بەرنامەدانان بۆ بەهێزکردنی رادیۆ و دانانی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و گروپەکانی شانۆ و گۆرانی و میوزیك، رابەرایەتی حزب بۆ تەنیا رۆژێك

ددانیان بە گرنگی ئەم رایەڵانەدا نەنا وبە هەندیان وەرنەگرت، لە كاتێكدا لینین دەربارەی رۆمانی (دایك)ی مەكسیم گۆركی دەڵێت بیست ساڵ شۆڕشی بردە پێشەوە. یان ستالین دەڵێت (بەرهەمی خامەی «ئیلیا ئەهرەنبۆرگ» رۆڵێكی گەورەی لە سەركەوتنی ئێمە وتێكشكاندنی دوژمندا وازی كرد).*

پێشنیاری ئێمە ئەوەبوو مادام بۆرژوازیی راگەیاندن ورۆشنبیریی وهونەری خۆی هەیە، ئێمەش دەبێت هەمان بێت وبەهەمان چەك بەرەنگاریان بینەوە، بۆرژوازی تیۆری خۆی هەیە وپەرەی پێدەدات, كاری ئێمە گەر زیاتر نەبێت لە هی وان با كەمتر نەبێت لە گرنگیدانمان بە پەرەپێدانی كاری تیۆریك، من لە دوو كۆبوونەوەدا ئەم وتەیەی (هیگل)م بەنموونە هێنایەوە (تاكو دێت ئەو باوەڕەم لەلا پتەوتر دەبێ لە جیهاندا كاری تیۆریك لە كاری پراكتیك كاریگەرتر و چارەنووسسازترە). خۆ ئەگەر هیگل ئەلگۆیەك نەبێت بۆ بیری كۆمۆنیستی، ئەم قەناعەتە لە چەندین حاڵەتدا لای (ماركس)یش بەدی كراوە، بە فیعلیش ماركس ئەوەندەی ژیانی بۆ ساغكردنەوە تیۆرییەكان تەرخان كردبوو چارەگی ئەوە شۆڕشگێر نەبووە، بۆ نموونە ئاوارەیەكی ئەڵمانی لە نیویۆرك هاتە لای ماركس و دەیخواست كۆمەڵەی كۆمۆنیزمی زیندوو بكاتەوە، ماركس پێی وت (من تەواو لەو بڕوایەدام كارە تیۆرییەكانم سوودی زیاترە بۆ چینی كرێكار وەك ئەوەی بەشداریی لە رێكخراوێكدا بكەم زەمەنێك بەسەریدا تێپەڕبووە). كەچی بەداخەوە لە بری بەهەند وەرگرتنی ئەم روانگەیەی ماركس، كۆمۆنیستی كرێكاریی سوور بوو لەسەر بێ بایەخكردنی كاری نووسەران و رۆشنبیران بەڵكو وتەیەكی (ماركس)یان دەكرد پاڵپشتی بۆچوونەكەیان كە دەڵێت (رۆشنبیران ئەو كەسانەن لە رێگەی قەڵەمەوە نان دەخۆن).

لەسەر بنەمای ئەم وتەزایە بەهەموو جۆرێك رۆشنبیر كائینێكی رەتكراوە بوو، كائینێك بوو بە میتاڵێكی لەبار حیساب نەدەكرا بۆ چینی كرێكار و ئیدیالی سۆسیالیستی. هەر ئەم ئەقڵە دۆگم و راوەستاوەی رابەرایەتی كۆمۆنیستی

کرێکاریی تاکە هۆی هەرەسهێنانی حزب بوو. خوازیارم لێرەدا سەرنجتان بۆ پەرەگرافێکی کتێبی (پەرکەمی دەسەڵات)ی هاشم کۆچانی رابکێشم (نەمانی رەچەڵەکی دێناسۆرەکان بەهۆی کارکردی بایۆلۆجییەوە نەبووە، بەڵکو وەك مێژوونووسان و پسپۆران دەڵێن بەهۆی بچووکی مێشکیانەوە بووە کە هەر بە ئەندازەی مێشکی مریشکێك بووە). ئەو کارکردەی (حککع)ی تەریك و پەراوێزخست فشاری دەزگا داپڵۆسێنەرکانی یەکێتی نەبوو بەڵکو بەرەنجامی ئەقڵی بچووکی سنوورداری رابەرایەتی بوو، هەر هەمان ئەو ئەقڵییەتەش بوو ئەو چارەنووسەی بۆ هەڵبژاردن.

لەگەڵ ئەو هەژارییەی کۆمۆنیستی کرێکاریدا چ لەسەر ئاستی سیاسەت چ لەسەر ئاستی کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری سیاسەتەکانی هێشتاش ئەمڕۆ (٢٠٠٦) دەستبەرداری هەمان جۆر لە سیاسەتکردن و مامەڵەکردنیان لە دۆخی سیاسیی نوێدا بەهەمان دیتنی پێشووەوە نەبوون، ئەوان، (حەمە سەعید حەسەن) وتەنی (پێش ئەوەی فێری مەلەی نێو تەکانی رووبار بووبێتن، خۆیان بە دەم شەپۆلی ترسناکی دەریاوە داوە). رەنگبێ ئەم باسە زۆر ئاڵۆز و فراوانتر بێت و کورد وتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆر بکێشێت، بەڵام دەمەوێت لە کۆتایی ئەم پاژەدا نوکتەیەك لەسەر سکرتێری (حککع) بکەمە نموونەی هەرە زیندووی بێ ئاگاییان. ساڵی ٢٠٠٠ یەکێك لە نووسەرانی کوردستانی نوێ بە سەرانی (حککع)ی وتبوو پێشنیار دەکەم بڕۆن دوو کتێبی (سەمیر ئەمین) بخوێننەوە لەسەر کۆمۆنیزم تاوەکو چشتێك حاڵی بن. کەچی رێبوار ئەحمەدی لیدەری حزب لە رۆژنامەی ئۆکتۆبەردا نووسیبووی: سەمیر ئەمین نوێنەری تۆیە و پێویست ناکات من بیخوێنمەوە.** ئەگەر ئەمە حاڵی جەنابی لیدەر بێت نێودارترین کۆمۆنیستی دنیای عەرەبی نەناسێت، خاك بەسەرمان دەبێت چۆن سەرکردایەتی حزبەکەی بکات و سەرکەوتنی بۆ بەدەست بهێنێت؟ واللە یعلم.

پەڕاوێز:

*لینین رێزێکی بێ پایانی لەکارە ئەدەبییەکانی (ماکسیم گۆرکی) گرتووە بە تایبەتی شاکارە بەناوبانگەکەی (رۆمانی دایك). بۆ وێنە گۆرکی ساڵی ١٩٠٧ لە کاتی سازدانی کۆنگرەی پێنجەمی حزب بۆ جاری دووەم لە (لەندەن) چاوی بە لینین کەوتەوە، ئەو دەمە گۆرکی رەشنووسی رۆمانی (دایك)ی تەواو کردبوو دایە لینین، ئەویش بە بایەخێکی تایبەتی و رێزێکی زۆرەوە رۆمانەکەی نرخاند و وتی (ئەم کتێبە لەوپەڕی داهێنان و هاوچەرخیدایە و زۆر پێویستە بۆ ئەمێستامان چوونکە زۆربەی ئەو کرێکارانەی بەشداریی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانیان دەکرد خاوەن بیروتێڕوانینێکی گشتی نەبوون و هەڕەمەکیانە بەشدار دەبوون، وەلێ ئێستا ئەوان بە خوێندنەوەی رۆمانی دایك خۆیان پەروەردە دەکەن و بە قازانجێکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆیان).

**کۆڵەواریی مەعریفی و سیاسیی لە ناسین و پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤدا لە ئەندازەیەکەدا بوو ئەو بەسەرهاتەی (هەمزاتۆف)م دێنێتەوە یاد دەربارەی وەفدی نێردراوی داغستانییەکان بۆ لای لینین بۆمان دەگێڕێتەوە!!. هەمزاتۆف دەنووسێت: ساڵی ١٩٢١ وەفدێکی داغستانییەکان چوونە لای لینین، نەخشەی جیهانیان لە بەردەمیدا بڵاوکردەوە بێ ئەوەی ورتەیان لەدەم دەربێ! لینین بەسەرسامییەوە لێی پرسین: ئەم نەخشەیەتان بۆچی لەگەڵ خۆتان هێناوە؟! وتیان (تۆ دەبێت بیر لە گەلێك میللەت بکەیتەوە.. ناتوانیت هەمیشە لە بیرت بێت هەموو گەلێك لەکوێ دەژین، بۆیە ویستمان نیشانت بدەین کە وا داغستان کەوتۆتە کوێوە!) وەفدەکە دەستیان کرد بەگەڕان بەدوای نیشتمانەکەیاندا، بەڵام نەیانتوانی بیدۆزنەوە، رێگایان لەو نەخشە گەورەیەدا ون کردبوو، پێیان نەکرا پەنجە بخەنە سەر ئەو پارچە زەوییە بچووکە، ئا لەو کاتەدا لینین بە متمانەیەکەوە ئەو شتەی نیشاندان کە بۆی دەگەڕان و پێی وتن (ئەوە داغستانی نیشتمانتانە)!!. ئەمەی وت و بە خۆشییەکەوە دەستیکرد بە پێکەنین، داغستانییەکان لە دڵی خۆیاندا بیریان کردەوە و وتیان: ئەم مرۆڤە مرۆڤێکی ژیرە.

# 11
# بە سیزیفبوونی ئەندامانی (حککع)

لە میتۆلۆژیای دێرینی یۆنانیدا (سیزیف) پادشای (کۆرینس)ە کوڕی (ئیلۆیسی) پادشای تیسالییە. زیۆس (خوای خواوەندەکان) لێی زویر و تووڕە دەبێت و نەفرەتی لێدەکات، بەوە سزای دەدات رۆژانە بە شانی خۆی بەردێکی گەورە بەسەر شاخێکدا سەربخات و لەسەرلوتکەکەی دایبنێت، ئیتر بەم شێوەیە سیزیف هەموو رۆژێك بە شان بەردێکی گەورە سەردەخات بۆلوتکەی چیا و ئێوارە تل دەبێتەوە بۆ خوارێ، رۆژی دوایی سەرلەنوێ بەردەکە سەر دەخاتەوە، بەم جۆرە کارەکە بەردەوام دەبێت.

ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە وێنەی سیزیف بەردە هەرە قورسەکەی هەوڵ و کار و خەباتیان لە ئەستۆ بوو، بەردەوام و بێ پشوو و حەسانەوە و ماندووناسین ئەرکی بەرەو پێشبردن و سەرخستنی بەردە هەرە گەورەکەی ئیدۆلۆژیای کۆمۆنیزمیان لەسەرشانیان دانابوو، بەڵام هەروەك ئەوەی مەحکوم بن بەوەی ببنە سیزیفی ئەم چەرخە بەردەکە لەلایەن رابەرایەتی حزبەوە خلۆر دەکرایەوە بۆ خوارێ و جارێکی تر دەبوو ئەندامان ئەو زەحمەتە بکێشن و بە کاری سەرخستنی بەردەکە هەڵستنەوە، ئەم یاری تۆم و جێریە هەربەردەوام بوو تاکو ئەوکاتەی حزبی کۆمۆنیست لە کوردستان دەرپەڕێنرا، ئەندامانی حزبی کۆمۆنیست (خۆم یەکێك بووم لەوانە) بەردەوام لە چاوەڕوانی هاتنی (گۆدۆ)ی سۆسیالیزم و بەهەشتی کۆمۆنیزمدا وەهمدار دەکران و زەحمەت و ئەرکی ئێجگار قورس و بێگاریی زۆرنارەوا لەسەرشانیان بە فەرز دانرابوو. ئەندامانی حزب بە سکی برسی و پێڵاوی دڕاو و هەناسەی سارد و جەستەی شەکەتەوە شەو و رۆژیان لەسەریەکتر دانابوو بۆ زیاتر پەرەدان بە سیاسەتی حزب و هەوڵدان بۆ گۆڕینی حزب بۆ حزبێکی کۆمەڵایەتی ریشەدار.

ئەندامانی حزب بێ وەستان، بەشێوەی مێروولە بیست و چوار کاتژمێر لە

هەوڵ و کۆششدابوون تاکو بتوانن خەونی سۆسیالیزم بکەنە واقیع، تا بتوانن دنیا بگۆڕن، بە دڵخوازی خۆیان ژیان ڕەنگڕێژ بکەن، بە ویستی مرۆڤ کۆمەڵ چێ بکەنەوە، چینەکان وەك ڤایرۆس لەناوبەرن، لەم نێوەندەدا و بۆ هێنانەدی ئەم ئەندێشە و خەونە بوونە سیزیف، بوونە هێمای ڕەنج و زەحمەت، زۆرجار خۆمم دێتەوە یاد، رادەچڵەکێم چۆن خودی خۆمم فەرامۆش کرد بوو، هەموو ژیانم بەخشی بوو بە رامیاریی و بردنە پێشەوەی سیاسەتی حزبەکەم، خاڵی ببوومەوە لەهەرلەحزەیەکی ڕۆمانسی ولە هەرساتێکی کریستاڵی، مرۆڤێکی زۆر زبر و وشك و برینگی سیاسیی بەحت کە هەمیشە ماندوویی بە نێوچەوانمەوە دیاربوو.

ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی وایاندەزانی مەسیحن و دەبێ ئەم هەموو مرۆڤەی گێتی رزگار بکەن، چۆن مەسیح لە خاچدرا لەبری بەخشینی تاوانەکانی مرۆڤ، خودا چۆن ڕۆڵەی خۆی کردە قوربانی بۆ خۆشبەختی ئادەمیزادی داهاتوو هەرواش ئەندامانی حزبی کۆمۆنیست هەریەك مەسیحێکی بێ ناوبانگ بوون، بیرو جەستە و ژیانی خۆیان پێشکەش بە خۆشبەختی و رەفاهییەتی مرۆڤەکانی تر کردبوو، بە راستی سەدان و هەزاران مەسیحی فەرامۆشکراو بوون. ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بە قەد ئەوەی داوای مافیان دەکرد، مافەکانیان خورابوو، بە قەد ئەوەی داوای سفرەی پڕیان دەکرد بۆ خەڵك سفرەیان خاڵی و چۆڵ و بێ خواردن بوو، بە قەد ئەوەی داوای زەمانەتیان بۆ چین و توێژەکانی تر دەکرد، خۆیان بێ گرەنتی بوون لە ژیاندا، بە قەد ئەوەی داوای خۆشی و شادییان بۆ سەرجەم مرۆڤەکان دەکرد، خۆیان دڵتەنگ و ناشادومان و گۆشەگیر بوون!!. چارلی چاپلن لە نامەکەیدا بۆ کچەکەی دەنووسێت (بە قەد پێکەنینی خەڵك بە گرتە کۆمیدییەکانم من لە ناخەوە گریاوم)!!. ئەندامانی ئەم حزبەش بە قەد کەیف و سەمای خەڵك لە ناخەوە بریندار و بێزار بوون!!، نە لەبەرئەوەی رقیان لە شادیی خەڵکە بەڵکو

ژبەرئەوەی توێژو چینی هەرە ژێرەوەی کۆمەڵ بوون، وەك نوکتەکە دەڵێت فلیقاوە بوون.

کارل پۆپەر، بیرمەندی ئەنتی مارکسی دەڵێت (دەبێ چی بەو مارکسیستانە بڵێین ئامادەن لە پێناوی ئاسوودەیی مرۆڤایەتییەکی ئەبستراکتدا قوربانی بە کۆمەڵێك کەسی زیندوو بدەن).؟ ئەی دەبێت چی بە سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئێران بوترێت ئەو هەموو گەنج و خەڵکەکەیان کردە قوربانی بیرکردنەوەی چەوت و خولیای بەدینەهاتوویان؟! ئەوە وەهمێکی گەورە بوو لە خەیاڵدانی ئەندامانی حزبدا چێ کرابوو: تەنیا ئیرادەی من و تۆ بەسە بۆ ئەوەی سۆسیالیزم بەدیبێت، ئەو جیهانەی هەر لەبنەڕەتەوە قەناعەتمان پێی نەمابوو، ئەو جیهانەی هەرگیز نایەتەدی و بوونی نابێت، نیتچە وتەنی (جیهانێك هەموو خەڵك ئاشتیخوازویەکسان بن دەشێت هیچ جۆرە بەهایەك بەرهەم نەهێنێت، لە جیهانێکی وەهادا شتەکان هەموو «باو» دەبن، بۆ ئەوەی چاك دەربکەوێت پێویستە هەندێك خراپ هەبێت، جیهانێك بەبێ ئەم بەهایانە دەشێت جیهانێکی نەهیلیزم بێت). ئەو جیهانە (سۆسیالیزم) تەنیا لە توێی کتێب و خەیاڵدا جێگەیەکی گرتبوو، ئەوجیهانە بە هەشتێکی پڕنازو نیعمەتی هەڵخەڵەتێنەربوو. «هەڵبەتە من گریمانە لەسەرکوردستان دەکەم، کە کۆمەڵگەیەکی بەجێماوی فیوداڵییە، هەرچەند بۆ کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکانیش، داری سۆسیالیزم نەك بەری نەگرتووە بەڵکو نەڕسکاویشە».

هەروەك چۆن ئیسلامییە پەڕگیرەکان بۆ بەهەشت و فیردەوس و حۆری خەڵکان ئامادە دەکەن بۆ خۆتەقاندنەوە و کاری تیرۆریستی، کۆمۆنیستی کرێکارییش بۆ سۆسیالیزم و بەهەشتی بەڵێن پێدراوی نێو کتێبەکان ڕەنج و ئازارێکی زۆری دەخستە سەرشانی ئەندامەکانی و زەحمەتی دنیای پێ نۆش دەکردن، لە کاتێکدا ئەم جیهانە بێ هاوتا و پڕ لە ئاشتی و خێرو خۆشییە کە تائێستا لە مێژوودا نەبینراوە و نابینرێ کرابووە کۆتی گەردنیان. نیتچە وتەنی

(لەلای من سۆسیالیستەكان چەند شایەنی پێكەنینن كاتێك بە گەشبینییەوە بێ تواناكەیانەوە وێنای ئەو مرۆڤە باشە دەكەن لە پشت دیمەنەكانەوە چاوەڕێی دەركەوتنی دەكەن، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی سڕینەوەی سیستمی كۆن وئازادكردنی هەموو هێزە سروشتییەكانەوە). ئای چەند شایەنی پێكەنین وگاڵتە پێكردنین بێ هیچ بیركردنەوە و ڕاراییەك خۆمان خستە داوی سۆسیالیزم و تەسلیم بووین بە قەدەری سیاسیی حزبێكی چەپی بێ توانای نەخۆش!! حزبێك لە دەمێك ساڵەوە لینین نەخۆشییەكەی دۆزیوەتەوە و ناویناوە نەخۆشی چەپی منالانە لە كۆمۆنیزمدا.

دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئازار و ڕەنج و زەحمەت دەبێت ئەندامانی حزب داوای لێبوردن لە خودی خۆیان بكەن بۆ ئەو هەموو تاوانەی دەرهەق بە جەستە و مێشك و خودی خۆیان كردوویانە. لۆرانس لە وتاری (گرنگی ڕۆمان یان ڕۆمان بۆچی گرنگە؟) نوسیوویەتی (فرانسیسی ئاسیسی خۆی دەكات بە كێكێكی فریشتەیی بۆ ئەوەی هەموو كەسێ بۆی هەبێ قاشێكی لێبخوا.. بۆیە فرانسیسی قەشەی داماولە سەرەمەرگدا دەبێت داوای لێبوردن لە جەستەیشی بكات و بڵێت: ئەی جەستەم بۆ ئەو ستەم و زۆرییەی بە درێژایی تەمەنم لێم كردوویت داوای گەردن ئازادیت لێ دەكەم، خۆ تۆ كێك نەبووی دەرخواردی خەڵكم دایت). ئەندامانی حزبی كۆمۆنیست دەبێت بچنە بەرئاوێنەیەكی گەورە و لە بەرامبەر جەستە و خودی خۆیاندا ڕابوەستن و هەروەك فرانسیسی قەشە داوای لێبوردن و گەردن ئازایی تەنانەت لە جەستەی خۆشیان بكەن، چوونكە خۆیان بەخشی بە خەباتێكی وەهمی و خۆشباوەڕبوون بە جەماوەرێك كە هەمیشە دێنە پشتیان و دەبنە بەشێك لە نەواتی گۆڕینی دنیاكەیان، كەچی دروست هەر ئەو جەماوەرە چەپڵەی بۆ جەلادەكان لێدەدا كاتێك خوێنیان شەقامەكانی شاری سوورتر كرد!!.

## كۆتایی

ئەم باسە لێرەدا گەیشتە كۆتایی، هەموو ئەو تەوەرانەی لەم نووسینەدا وروژاندووومن تەنیا گوزارشت لە بۆچوونی تاكەكەسیی خۆم دەكات. هەوڵمداوە خۆم بپارێزم لە مهاتەرات و جنێو و ناڕاستی گووتن، بە هەموو شێوەیەكیش دژی ئەو كارەم، پرنسیپی سەرەكیی باسەكە لەسەر میسداقییەت پابەندە و خۆم بە دوور گرتووە لە درۆكردن چوونكە ئەمە گەواهیی منە دەربارەی كۆمۆنیستی كرێكاریی. مێژوونووسی فەڕەنسی (مارك بلۆك) دەبێژێت (كاریگەرترین ژەهر بۆ شێواندنی گەواهی درۆیە). ئەم نووسینەش گەواهی منە لەسەرراستی و دروستی و دیوی واقیعی و ناوەوەی حزب، نامەوێ بە ناڕاستییەك گەواهییەكان متمانەیان نەمێنێت و كۆی نووسینەكەش گومانی بچێتە سەر. هەوڵمداوە لە خۆمەوە دەستپێبكەم و ئەو بەهایە لای خۆم رەنگبداتەوە، برناردشۆ وتەنیش (مەزنترین چاكساز ئەوانەن لە خۆیانەوە دەستپێدەكەن). منیش پێش ئەوەی داوای راستگۆیی لە نووسەرێكی تر بكەم هەوڵمداوە جارێ لە خۆمەوە دەست بەم كارە بكەم. بۆیە ئەوانەشی دەیانەوێ وەڵامم بدەنەوە داوایان لێ دەكەم بە ویژدان و راستگۆیی و بە زمانێكی زانستییەوە دەست بۆ ئیشەكەیان ببەن. دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئەز نوێنەری هیچ باڵ و بزووتنەوە و پارتێكی دیاریكراو نیم، دەتوانم تەنیا خۆم بم و گوزارشت لە بۆچوونی تاكەكەسیم بكەم.

نووسەری یۆگسلاڤی (دانیلۆكیش١٩٣٥--١٩٨٩) لە ئامۆژگاریی نووسەرێكی گەنجدا دەڵێت (پەیڤەكانی تۆلە هەموو شت بەنرخترن، مینا نوێنەری گەلەكەت خۆت مەخەرە بەرچاو، تۆ كێیت؟). من بەتەنێ خاوەنی ئەو وشانەم نوسیوومن و بە لای منەوە وشەكان لە چی شتی تر هەیە بە نرخترو بە بەهاترن. هەرگیز ناتوانم و ئازایەتی ئەوەم نییە بە ناوی خەڵكانی ترەوە قسە بكەم لەبەرئەوە دەبێت ئەم نووسینە وا گەواربكرێت لە سنووری ئەقڵی تاكە كەسی من تێنەپەڕیوە. لەوانەیە كەموكورتی زۆر هەبێ لە نووسینەكەدا بەڵام راستییەكەی

ئەوەیە هۆشیاریی من هەر ئەوەندەیە و تا ئەو ئەندازەیە بڕی کردووە. دەزانم هاوڕێیانی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەم نووسینە تەواو قەڵس و بێزارن و هەندێجار جنێوم پێدەدەن و زۆرجاریش دەیانەوێ زمانی گاڵتە و شۆخی بەکاربهێنن. بەڵام ناتوانم لەوە زیاتر چی شتێکی تریان لەبارەوە بڵێم مەگەر ئەووتەیەی (ئەدۆنیس) بکەمە دوا وەڵام کە دەڵێت (مایکۆڤیسکی سەیر بکە، کۆمۆنیستەکان هەندێك جار تەماتەیان تێ دەگرت چوونکە تێی نەدەگەیشتن، بەڵام دوای ئەم هەموو ماوە زۆرە لینین کە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤێتی کرد تەنیا بەشێکە لە مێژوو، کەچی لەولاوە مێژوو بەشێکە لە شیعری مایکۆڤیسکی).

بەهاری ٢٠٠٤ – هاوینی ٢٠٠٦

**تێبینی بۆ خوێنەران:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشتر بە ناوی «تێزەکان دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی»، لە بەهاری ٢٠٠٤ دەستکراوە بە نووسینی و لە هاوینی ٢٠٠٦ کۆتایی پێهاتووە و بە یانزە بەش لە رۆژنامەی «نێوەند» بەناوی «چەند تێزێك دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی» بڵاوکرایەوە، لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦. پاشان هەمان لێکۆڵینەوە بە ناوی «بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان لە شۆڕشگێڕییەوە بۆ پۆپۆلیزم» بە سیانزە بەش لە رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە هاوینی ٢٠٠٩ سەرلەنوێ بڵاوکرایەوە. بەڵام خوێنەر دەبێت بزانێت زەمەنی نووسینی لێکۆڵینەوەکە لانیکەم چواردە ساڵە کۆتایی پێهاتووە.

# پاشکۆی یەکەم

## تووتییەکەی چەرچڵ هێشتا جنێو بەهیتلەر دەدات*

### وەڵامێك بۆگۆران حەمید

بەڕێز کاك (گۆران حەمید) لە وتارێکدا بە ناوی (کۆمۆنیستی کرێکاریی و ڕەخنەی بۆرژوازیانە) ویستوویەتی وەڵام بە زنجیرە وتارێکی من لە ژێر ناونیشانی (چەند تێزێك دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی) بداتەوە کە بە دە پاژ لە رۆژنامەی نێوەند و ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاوکرایەوە. ئەو بەڕێزە لە وەڵامەکەیدا بە هیچ جۆرێك نەگەڕاوەتەوە بۆ سەر نووسینەکەی من و هیچ نموونەیەکیشی لێوەرنەگرتووە بۆ وەڵامدانەوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتگیر بە چەند سەرە قەڵەمێك کە شپرزەیی و تووڕەبوونی زۆری پێوە دیارە کیفایەتی پێهێناوە. نووسینەکەی ئەو دابەش کراوە بەسەر (١٢) خاڵدا، منیش دەمەوێ خاڵ بە خاڵ وەڵامی بدەمەوە:

یەکەم: کاك گۆران لە خاڵی یەکەمی وەڵامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە من کەسێکی ناڕازی و بۆڵەبۆڵکار بووم و حەزم کردووە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن بم و بەردەوام رەخنە بگرم، ئەو نووسینەشم بە درێژکراوە و زادەی هەمان حاڵەت دەزانێت. لە راستیدا ئەو مەسەلەیە بە هیچ کلۆجێك پەیوەندیی بە باسەکەوە نییە بەڵکو ئەوە پرسێکی زۆر کەسییە و تایبەتە بە خودی تاکە کەسێك، بۆیە ورووژاندنی ئەمە بێ مانایە و کۆمەك ناکات بە رەوتی وەڵامدانەوەکە. بە دیوێکی تریشدا وەها تێگەیشتووە ناڕازیبوون و ئۆپۆزسیۆنبوون خاڵێکی لاوازە و هەوڵیداوە وەك کەموکورتییەکی من سەیری بکات، لە وەختێکدا من شانازیی بەوەوە دەکەم هەردەم کەسێك بووم ناڕازی و پرسیارکار و گومانکار و هەوڵمداوە نەبمە دەروێش و مریدی تەریقەت، ئەزسوپاسی دەکەم مادام ئەو شاهیدییەی بۆ من داوە و بۆ هەموو لایەکیشی سەلماندووە بەندەیەکی ملکەچ نەبووم و

ئەندامێکی گوێڕایەڵی کوێری حزبی کۆمۆنیست نەبووم.

(د.هـ.لـۆرانـس) لـە زمانی یەکێك لـە پاڵـەوانی ڕۆمانـەکانییـەوە دەڵێت (پێویستیم بە دۆزینـەوەی نەیارێك هەیە، شتێك پێویست بێت لە پێناویدا بجەنگی، ئەگەرنا تا هەتایە دادەڕمام و تووشی تێکشکان دەبوم). من ناڵێم پێویستیم بە نەیارێك هەیە، بەڵام هەمیشە ئەگەر دەسەڵاتێك هەبووبێ من ئۆپۆزسیۆنی بووم، دەنا تا هەتایە دادەڕمام وتووشی هەرەس ونوچدان دەبووم لە ژیاندا، لە حزبی کۆمۆنیستیشدا هەرکاتێك کردەیەکی نابەجێ وهەڵوێستێکی نالێپرسراوانەم بەدیکردبا سەرسەختانە نەیاریم دەکرد، ئەوەش بە شانازییەکی گەورە دەزانم نەك پێچەوانەکەی. هەرگیز نەمویستووە لەسەر بڕواکانی خۆم سازش بکەم وببمە ئامێرێك ریمۆند کۆنترۆڵەکەم بە دەستی سەرەوەی خۆمەوە بێت، سڵم لەوە نەکردۆتەوە دڵی کەس رادەگرم یان نا، گرنگ ئەوەیە بە قسەی قەناعەتەکانی خۆمم کـردووە. هەوڵم نـەداوە هـەموو کـەس لـەگـەڵ مندا ڕێك وتـەبابن لـەسـەر حیسابی تـەنازول لـە روانگـەکانم، بەڵکو وەك ئۆسکار وایڵد وتوومە (ئەوکاتەی هەموو خەڵك لەگەڵ مندا ڕێك بن ئەوکاتە هەست دەکەم هەڵەم). بۆیە دەتوانم بڵێم سوپاس بۆ تۆ هاوڕێ گیان ئەوراستییەی سەبارەت بە خۆم وتوومە لە زۆرنووسین و شوێندا پشتڕاستت کردەوە وبوویتە شاهیدی گەواهییەکانم بەبێ ئەوەی داوات لێبکەم.

دووەم: لە خاڵی دووەمی وەڵامەکەیدا نوکتەیەکی زۆر خۆشی بۆ خوێنەران کـردووە و دەڵـێـت «سـتـیـڤـان وردە بـۆرژوازیـی بـووە و نـەبـۆتـە کـۆمـۆنـیـسـت بۆیە رەخنەکانی ناچنە چوارچێوەی رەخنـەی کۆمۆنیستییەوە!». بەراستی ئـەم بیرکردنەوەیە شیاوی بـەزەیی پێدا هاتنەوەیە لـە هـەمان کاتدا جێگەی پێکەنینیشە، ئەمە یەکەمجارە گوێم لە قسەی وا نەستەق بێت و نازانم لە قـوتـووی چ کۆنە عـەتارێکدا دۆزیـویەتییـەوە؟! لـەوبـرادەرە ئـازیـزەم دەپرسم: فـریـدرێك ئەنگلس چی بـوو ئایا کرێکاربـوو یان سـەرمایەدارێکی زۆرنـاسراو؟

ئەنگلس نەك هەروردە بۆرژوازیی بوو بەڵکو کۆمبرادۆر و کاپیتالیستێکی زۆر گەورە بوو، بیری کۆمۆنیزمیش بەبێ وی پرۆژەیەکی ناتەواوە و ناکرێت بڵێین هەیە. ئایا لینین چەند ساڵ و مانگ کرێکاریی کردووە؟ تەنانەت رۆژی شۆڕش بە شەمەندەفەرلە ئەڵمانیاوە هاتە سەرسفرەی حازریی و خۆی سەپاند بەسەرشۆڕشدا و شۆڕشگێڕەکانیشی پاکتاو کرد، دێتە سەرئەوەی بپرسم: ئایا مەنسور و رێبوارو کۆرش و ئازەر کرێکار بوون یان وردە بۆرژوازیی؟ ئەگەر ئەوانیش وردە بۆرژوازین و لە توێی کتێبەکانی مارکسەوە کۆمۆنیزم دەناسن برۆ لە سەرکردایەتییەکەت لایان ببە و لە جێگەیان کرێکاردابنێ! ئیتر هەقت بەسەر منەوە نەبێت کە ئێستا بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئێوە وێك نایەمەوە.

سێیەم: لە خاڵی سێدا رەخنەی لەو بۆچوونەی من گرتووە «کۆمۆنیزم دەتوانێ سوود لە ئەزموونی بۆرژوازیی وەربگرێت و هەرواش دەتوانێت لە هەڵە و کەموکورتییەکانییەوە سوود و وانە وەربگرێت». دەڵێت شتی وا مومکین نییە و کۆمۆنیزم و نەیارەکانی دوو بزووتنەوەی جیاوازن و ناتوانن سوود لە یەکتر وەربگرن، ئەم بۆچوونە رەهایەی کاك گۆران زادەی هەمان ئەندێشە دۆگما و چەقبەستووەکانی سەرانی کۆمۆنیستی کرێکارییە و نەیتوانیووە هەنگاوێك لێی دوور بکەوێتەوە. لینین خۆی زۆر شت لە سەرکردە بۆرژوا و ئانارشیستەکانەوە فێرببوو بۆیە لایەنگری ئەوەبوو سوود لە توانا و زیرەکیی ئەوانیش وەربگیرێت و زۆریش ستایشی سەرکردەی بۆرژوازیی رۆژئاوا لوید جۆرج (١٨٦٣-١٩٤٥) سەرکردەی پارتی لیبرال و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەکات و دەڵێت (رێزدار مستەر لوید جۆرج تەنیا هەرکەسێکی ئاقڵ و ژیر نییە، بەڵکو زۆر لە مارکسیستەکانەوە فێربووە، بۆیە کارێکی هەڵە و گوناهە نییە ئەگەر ئێمەش زۆر شت لە لۆید جۆرجەوە فێرببین). ئەگەر ئەمە روانگەی لینین بووبێت، قەیدی چی دەکرد ئەوانیش لە بارزانی و تاڵەبانییەوە شت فێربوونایە و کەڵکیان لە ئەزموونی ئەوان وەرگرتبا؟ تۆ بڵێی سەرکردەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی خۆیان

لە لینین بە عیملاقتر بزانن؟!.

چوارەم: لە خاڵی چواردا رەخنەی ئەوەی لێ گرتووم گوایە من لایەنگریی لە سەرمایەداریی دەکەم وکاتی خۆیشی وتوومە ئەگەرکوڕی ئەوسەردەمە بوومایە لایەنگری کامپی کاپیتالیستی دەبووم دژی ئۆردوگای سۆسیالیستی، هەروەها باس لەوە دەکات من سۆڤێتم بە گەندەڵ و تیرۆریست زانیوە و پێموابووە کۆمۆنەی پاریس ئەوە نەبووە لای ئێمە سکێچ کرابوو، ئەوانیش لە سۆڤێت چاکتر نەبوون. من ئێستاش لەم بیرکردنەوەیە پەشیمان نیم بەڵکو سوورم لەسەر ئەوەی یەکێتی سۆڤێت گەندەڵ و دزێو و تیرۆریستترین دەوڵەت بووە لە سەدەی بیستەمدا، جگە لەوەش (سۆڤێت)م هەرپێ سۆسیالیست نەبووە بەڵکو وەك «ئەریك فرۆم» دەڵێت: (سۆڤێت سیستمێك بووە لە سەرمایەداریی دەوڵــەت). کاك گۆران با تۆزێك خۆی ماندوو بکات و بچێت کتێبی رەشی کۆمۆنیزم بخوێنێتەوە ئەوسا بۆی دەردەکەوێت ئەو کۆمۆنیستانەی دەیانووت (مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە) چۆن هەرلەسەر دەستی ئەوان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن مرۆڤ  لەنێو دەبرێن و بەڵکو مرۆڤ بوو بەبێ بەهاترین کائین لەلایان، تەنانەت هەندێك ژێدەری مێژوویی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن خودی لینین لە بارودۆخێکی تەمومژاویی و نادیاردا ئەندامانی بنەماڵەی قەیسەری روس (تزار) لەناودەبات بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و هۆڤانە، رەنگە ئەمەش کاردانەوەی لە سێدارەدانی (ئەلێکسەندەر)ی برای بووبێ کە یەکێك بوو لە ئانارشییەکان.

سەیر بکە (تیتۆ) لە ساڵی ١٩٤٧ دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی پادشایی لە یۆگۆسلاڤیا چووە سەر کورسی دەسەڵات وەك ژەنەراڵێکی کۆمۆنیست بوو بە دیکتاتۆرترین سەرۆك، ستالین وکاسترۆ نوێترین جۆری کوشتن وئازاردان وتیرۆر و کۆمەڵکوژیی مرۆڤیان داهێنا، هەزارەها قەڵای سەخت و ئۆردوگای زۆرەملێ و سەربازگەیان دروست کرد بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان تیایاندا، تەنانەت سەدام شاگردێکی زۆر بچکۆلەی ئەوان بوو. بەڵێ باوەڕم وایە داروخانی نازیزم

لە رابردوودا و کۆمۆنیزمی روسی لە ئێستادا وەرچەرخانێکی گەورە و پۆزەتیڤ بووا!، بەوەش دنیا پێی نایە قۆناغێکی نوێوە کە زۆر جیاوازە لەوەی پێشووتر. پاڕانەوە بۆ سۆڤێت کارێکی حەرام و گوناهە و هەوڵدان بۆ سپیکردنەوەی رووی رەشی تاوانەکانیان ئەوپەڕی ستەم و ناڕەواییە، سۆڤێتێك خاوەنی دەیەها سلك و جیهاز و دەزگای سەرکوتگەر بووبێت کوا بایی ئەوەیە بۆی بپاڕێینەوە؟.هەر بیر بکەرەوە گۆلاگ Galag کە یەکێك بوو لە لقەکانی پۆلیسی نهێنی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کات لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دامەزرێنرا بۆ ئیدارەکردنی کەمپەکان، گۆلاگ رۆڵێکی باڵای هەبوو لە زیندانیکردنی بە لێشاوی خەڵکدا و رۆڵی بەرچاویشی هەبوو لە پەرەپێدانی تیرۆردا.

هەر لە یەکێتی سۆڤێتدا سەرۆکی دەزگای پۆلیسی نهێنی «Cheko»ی روسی Felix Dezyzhinky دانی بەوە دانا: تۆقاندنی بەرنامەڕێژ کارێکی تەواو پێویستە بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، پۆلیسی نهێنی هەستاوە بە پاکتاوکردنی ١٢٧٣٣ کەس لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٢دا، لە کاتێکیشدا جۆزێف ستالین «پاڵەوانی جەنگی جیهانی دووەم» دەسەڵاتی گرتە دەست هەستا بە کوشتن و دوورخستنەوە و راگواستنی سەدان هەزار لایەنگری پارتی کۆمۆنیست، هەروەك نیکیتا خرۆچۆف لە کۆنگرەی بیست و یەکەمی حزبدا لە ساڵی ١٩٥٦ دانی نا بەو راستییەدا: ئەگەر ئەوە مامەڵەی ستالین بووبێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەوا شێوازی مامەڵەی لەگەڵ نەیارانی دەرەوەی حزبدا پێویستی بە باسکردن نییە. (بڕوانە: د.سەلاح عەزیز: دەسپێك بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان - عێراق/ چاپی یەکەم- ٢٠٠١ –ل١٦).

بەڵشەفیك تیرۆری کردبووە چەکی کاریگەری دەستی و هەر لە رێگەی تیرۆریشەوە بوو هاتە سەر دەسەڵات!!، چوونکە ئەوە بەڵشەفیك نەبوو خاوەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو بەڵکو ئەوە تیرۆر بوو کردییە خاوەنی. خودی لینین، لە بارەی تیرۆرەوە دەڵێت (لە رووی مەبدەئەوە هەرگیز تیرۆر رەت

ناکەینەوە و ناشتوانین رەتی بکەینەوە، تیرۆر دیوێکە لە دیوەکانی جەنگ کە لە قۆناغێکدا گونجاو و هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ جەنگدا، رەنگە نەتوانین لە هەندێ حاڵەتدا وازی لێبهێنین). هەر لە رێگەی تیرۆریشەوە بوو توانیان دۆخی دوای شۆڕش رابگرن، چوونکە زۆربەی بەرهەڵستکاران تیرۆرکران یان لەژێر هەڕەشەی تیرۆردا روسیایان جێهێشت و بەتەواوەتی رێگە خۆش بوو بۆ دەسەڵاتی بەڵشەفیك، هەربۆیە لەگەڵ هاتنە سەرکاریان تیرۆریان پەیڕەو کرد لە دژی بەرهەڵستکاران و نێوەندە دژەکانی ئەو دەوڵەتە لە کۆنەپەرست و دژە شۆڕشانی (کۆلاك) و بۆرژوازیی نێوخۆوە تا دەگاتە دەرەوەی وڵات.

لێرەدا ئاماژە بۆ بیر و بۆچوونی تیۆریسیۆنی سۆسیالیستی و روسی ناسراو و یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر (لیۆن ترۆتسکی)یە کە دواجار خۆشی بووە قوربانی تیرۆر، بە تایبەتی لەو کاتەدا ئەو کۆمیسیاری جەنگ بوو لە حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی بەڵشەفیکەکاندا، لیۆن ترۆتسکی چەمکی تیرۆری بەوواتایە بەکاردەهێنا رەوایی دەدات بە بەکارهێنانی (زەبروزەنگ)ی دەوڵەتی بەڵشەفیکی لە دژی دوژمنانی ئەو دەوڵەتە، هەروەها پێیوابوو ئەو دەوڵەتە بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگی سیاسیی ناتوانێت سەقامگیربێت وژیانی خۆی درێژە پێبدات، لە کاتێکدا بە شورایەکی بەهێزی پیلان و شەڕخوازیی ئیمپریالیستی دەورە دراوە. (بڕوانە:محەمەد سابیرکەریم/ کولتووری زەبروزەنگ و تیرۆر/ نیسانی ٢٠٠٢/ سلێمانی/ ل٤٤).

هەرئەوزەبروزەنگە لە رادده بەدەرو تیرۆرە بەربڵاوەی سۆڤێت و بەڵشەفیك بوو وای لە (س.پ. میلگانۆف) کرد بڵێ (شوێنێك نەماوە بەڵشەفیکەکان پێیان تێخستبێ و یەکسەر دەستیان بەکوشتنی هەزارەها کەس نەکردبێت). بێ هیچ گومانێکیش سۆڤێت یەکێك بوو لە دەوڵەتە هەرە توندوتیژو ئەپسۆلۆیستەکان (سەرکوتگەر) کە تیایدا هەموو سنوورەکان داخرابوون و کوشتن و لەنێوبردن ببوونە دیاردەیەکی ئاسایی ژیانی سیاسیی. لە روویەکی ترەوە یەکێتی سۆڤێت لە

کاتی خۆیدا گەندەڵ و فاشیلترین دەوڵەت بوو، بە رادەیەك سەرەڕۆ ببوو لە گەندەڵی و بیرۆکراسییەتدا بە هیچ سیاسەت و میکانیزمێکی بەرەنگاریی دەستی کۆمۆنیستەکان کۆنترۆڵ نەدەکرا، تەنانەت گەیشتبووە شوێنێك نە سیاسەتی پیرۆسترۆیکا (شەفافیەت) و نە گلاستنۆس (بنیاتنانەوە) دەرەقەتی نەدەهات و بارودۆخەکەی پێ چار نەدەکرا تاوەکو دواجار لە ئاکامدا بینیمان سۆڤێت لەبەریەك هەڵوەشایەوە. پێموایە گەندەڵی سەرەکیترین فاکتۆر بوو لە هەرەسی سۆڤێتدا نەك پاڵەپەستۆ و شەڕخوازیی ئەمەریکا وەك هەندێك بۆی چوون.

دەربارەی رادەی گەندەڵی و ئاستەکانی تێکشکانی سیستمی کارگێڕیی سۆڤێتی جاران، سۆزان ڤۆسپەر دەڵێت: لە توانای خرۆچۆفدا هەبوو لافی ئەوە لێبدات یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٨٠ لە بواری بەرهەمهێنانی خواردندا پێش ئەمەریکا دەکەوێت و رژێمە پێشکەوتووەکەی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بە تاقیکردنەوە دەیسەلمێنێت کەوا لە رژێمی سەرمایەداریی سەرکەوتووترە، چوونکە ئەو یەکێتی سۆڤێتەی توانی پیشەسازیی دروستکردن لە ماوەی دەساڵی سەردەمی ستالیندا داهێنێت، بەمەعقول دەزانرێت گریمانی ئەوە بکرێت دەتوانێت ئەم ئابوورییە هەرس بکات و ئەو ناوەندێتییە رادە بەدەرەی بۆ بەرهەمهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئاراستە دەکرا بۆ نموونەیەکی ناناوەندیی بگۆڕدرێت و بتوانێت لەناو بیست ساڵدا کاڵا بەکاربردووەکان بەرهەم بهێنێت، بەڵام نەخۆشییە درمەکانی ئابووری لەگەڵ هاتنی حەفتاکاندا وەك لە کارکەوتن و نەمانی لێهاتوویی و بەفیڕۆبردن بە رادەیەکی زۆر وپەککەوتوویی لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و پەیدابونی بازاڕی رەش و گەندەڵی و هەموو ئەوانەش لەگەڵ نامۆبوون لە رژێمەکە و رەشبینی و نەمانی شەرعییەت وایان لە (بریژنێف) خۆی کرد لە کۆنگرەی حزب لە ساڵی ١٩٨١ دا بارودۆخەکە بەوە وەسف بکات: گەیشتۆتە رادەی (روخانی پێوەرەکانی رەوشت و زیادبوونی رادەی تەڵاق و زیادبوونی راهاتن لەسەر ئەلکهول بە رێژەیەکی لە رادە بەدەر و بڵاوبوونەوەی

تاوان و نەمانی گیانی هاندان لەناو کرێکاران و گوێنەدانی بیرۆکراسییانە، سەرەڕای ئەمانەش نامۆبوونی لاوان). ئیدی هەموو ئەمانە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ هەرەسی سۆڤێت تەنانەت ئەمانە بەڵگە بوون هەرلەوکاتەدا سۆڤێت بەرگەی مێژووی داهاتوو و گۆڕانکارییەکانی دادێ ناگرێ و دەکەوێتە پەڕاوێزەوە و لەنێو دەچێت، هەروەك ڕۆماننووسی گاڵتەجاڕ (جۆرج ئۆرویل) لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (باخچەی ئاژەڵان) پێش رووخانی یەکێتی سۆڤێت، پێشبینی ئەوەی کردبوو لە ماوەیەکی مێژوویدا سۆڤێت لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە.

هەروەك بینیمان دواڕۆژەکانی کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤێت هات و خەڵك بەردەبارانی ئەو مێژووەیان کرد، تەنانەت نموونەی سۆڤێت ئەوەندە خراپ بوو هەنووکەش روسەکان هەست بە ژان و ئازارەکانی دەکەن و زۆرجار دەڵێن قەدەرێکی شووم بوو بەلای کۆمۆنیزم یەخەی گرتین، بە کورتی روسەکان خۆشبەخت نەبوون بە هاتنی کۆمۆنیزم و ئەوڕۆکەش چ شانازییەك بەو ماوە مێژووییەوە ناکەن، هەرئەمەش بوو وای لە (بۆریس یەڵتسن) کرد لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩٩١ بڵێ (وڵاتەکەمان خۆشبەخت نییە، ئەزموونی مارکسی بەسەر ئێمەدا سەپێنرا، قەدەربوو بەم ئاڕاستەیەدا کێشی کردین، لە بری ئەوەی ئەم ئەزموونە لە دەوڵەتێکی وەك ئەفەریکادا جێبەجێ بکرایە بە ئێمە دەستیان پێکرد، لە کۆتاییدا توانیمان ئەوە جێکەوت بکەین جێگەی ئەم فکرە لێرە نییە، بەڵام دوای ئەوەی دووری خستینەوە لە کاروانی دەوڵەتە شارستانییەکانی جیهان).

کۆمۆنەکانی پاریس لە بەڵشەفیکەکان چاکتر و شەریفتر نەبوون، ئەوانیش بە چەندین شێوە و جۆر تیرۆریان لە دژی نەیارەکانیان پیادە کردووە و خودانی درندانەترین جۆری کوشتن و رەشەکوژکردن بوون، سەرچاوە و لاپەڕەکانی مێژوو زۆر نموونەی تیایە لە بارەی تیرۆر و کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆمۆنەی پاریس، بە جۆرێك هەندێك جۆر تیرۆرهەیە تایبەتە بەوان یان ئەوان داهێنەری

یەکەمی بوون و پێشی وان لە وجوددا نەبووە. بۆ نموونە لە ڕۆژی ١٨٧٢/٨/٢٨ بە فەرمانی دانتۆن ٣٠٠٠ زیندانی بە دڕندانەترین شێوە کوژران بەو بیانووەی گوایە دەستیان لەگەڵ دوژمن تێکەڵ کردووە!، یان ترسی ئەوەیان لێیان هەیە لە کاتی هێرشی نەیارەکانیاندا بۆ سەر پاریس ئەمانیش لە زیندانەوە هاوکاریی دوژمن بکەن!!، لیژنەی چاودێرییکردنی کۆمۆنەی پاریس لە بەیاننامەیەکدا ئاوا باسی ئەو کارەساتە دەکات (بەشێك لە پیلانگێڕە دڵڕەقەکان ئەوانەی ڕاپێچی زیندان کراون، لە زیندانەکانیاندا لەسەر دەستی گەل فەرمانی مردنیان بۆ دەرکرا، ئەمەش کارێکی دادپەروەرانەیە، ئێستا گەل بۆی ڕوونبووەوە پێویستە لە ڕێی تیرۆرەوە زاڵبین بەسەر ئەو هەزاران خیانەتکارانەی خۆیان لە پشت و ئەودیو دیوارەکانی پاریسدا حەشارداوە لە کاتێکدا ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن).

ئەمانە نموونەی خەروارێك بوون لە کاروکردەوەی سۆڤێت و کۆمۆنەی پاریس، ئەگەرکاك گۆران تێرنەبووە وپێی کەمە ئەوا دەتوانم دەیان کتێب و سەرچاوەی مێژوویی لەوبارەوە بۆپۆست بکەم تاکو بتوانن بیگەیەننە قەناعەت، بەڵام بەرلەوەی ئەم خاڵە کۆتایی پێبێنم دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم هەرگیز شایی ولۆغانم بۆ مەرگی مارکسیزم نەکردووە بە پێچەوانەوە هەرەسی سۆڤێت تەنیا مەرگی مۆدیلێکە لە مارکسیزم نەك هەمووی، شکستی یەکێتی سۆڤێت لە جەنگی سارددا شکستی مارکسیزم ناگەیەنێت بە قەدەر ئەوەی شکستە بۆ شێوە خوێندنەوەی ڕوسی بۆ مارکسییەت. د.بورهان گلیۆن بڕوای وایە (ئایدیاکان وەك چینەکانی زەوی وان ئەگەر بشبن بە ژێرەوە ئەوا لەناو ناچن). ئایدیای مارکسیزم زیندووە وەلێ پاشەکشەی کردووە، بەڵام خوێندنەوە و هەڵهێنجانەکانی مارکس نەك هەر کۆن نەبوون و لەناو نەچوون، بەڵکو زیندووترین تێز و بیرۆکەن لە دنیای ئەمڕۆماندا. وا بزانم بە درێژایی نووسینەکەم ئاماژەم بە مەرگی کۆمۆنیزم نەکردووە و شتی لەو بابەتەم نەوتووە

گەرلە شوێنێکیشدا وتبێتم مەرگی کۆمۆنیزم بە مانای مەرگی یەکێتی سۆڤێت و سەرمایەداریی دەوڵەتی هاتووە.

پێنجەم: لە خاڵی پێنجدا رەخنەی ئەوەی لێگرتووم گوایە من لایەنگری سازشکاریی و تەنازولات بووم!. لەوە نەگەیشتووە ئەوەی تۆ داوای دەکەیت و ئەوەی دەتوانی بە دەستی بهێنیت دووشتی جیاوازن. من لایەنگری سیاسەتی میانڕەوانە و دیپلۆماسیەت بووم نەك هەڵوێستی توند و سەرپێی و جەحێڵانە. سیاسەت بەوە ناکرێت وا بزانیت تەنیا خۆت هەیت لە گۆڕەپانەکەدا، دەکرێ خەڵکانی دیکەش ببینیت و حیساب بۆ پێگەی ئەوانیش بکەیت، ئەوەی کە دەڵێت من لەگەڵ رەخنەدا نەبووم لە دژی یەکێتی درۆیەکی زۆر گەورەیە چوونکە (حككع) تەسعیداتی ئیعلامی دەکرد نەك رەخنە بگرێت، دواتر من پێم ناخۆش نەبوو بەوزمانە زبرە مخاتەبەی یەکێتی دەکرا بە قەدەر ئەوەی لە چارەنووسەکەی دەترسام و پاشانیش بینیمان چی بوو؟!.

شەشەم: لە خاڵی شەشدا باس لەوە دەکات حزب ئەقڵانیانە کاری کردووە و لەو جۆرە ئەقڵانییەتە تێناگات من باسی دەکەم و دەڵێت «ئەقڵانییەت چییە و چۆنە و چۆن چۆنایی حزب دەیتوانی ئەقڵانی بێت»؟ من پرسیارێك لە کاك گۆران دەکەم: ئایا ئەو جۆرە هەڵسوڕانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەقڵانی و هۆشیارانە بوو؟ ئەگەروەڵامەکە بە (بەڵێ)یە کوا بەرهەم و ئاکامەکەی؟ ئەگەر (نەخێر)ە ئیدی بۆ سەرت سوڕماوە؟. کارل پۆپەر دەڵێت (کردەوەی سیاسیی تەنیا کاتێك ئەقڵانی دەبێت ئەگەر پێشتر ئامانجی ئەو گۆڕانکاریانەی جێگای مەبەستمانە دیاریکرابێت). کاك گۆران لە خۆت دەپرسم: کام بڕیار و هەنگاو وکام کەمپین وکام شت لە حزبی کۆمۆنیستدا بە قووڵی دیراسە کرابوو؟ کام پڕۆژە بە وردیی لێی کۆڵدرابۆوە و پەنجە خرابووە سەرلایەنە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانی؟ ئایا هیچ بەرنامە و ئینسجامێك لە شێوازی کارکردنی حزبدا هەبوو؟ ئەگەرئەمانە بوونیان نەبووە و حزب بەشێوەیەکی هەمەجی و

عەشوائیانە کاری کردووە ئیدی تەبریر هێنانەوە بۆی جگە لە خۆ ماندووکردن بەو لاوە چیترە؟ مارکس کاتی خۆی وتی (هەمیشە ئەقڵ بەکارهاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەقڵانی بەکارنەهاتووە). کتومت مەبەستم لەمە بووە، ئەو ئاوازەی ئێمە کارمان پێ دەکرد و دنیامان لێوە دەبینی ئەقڵانی نەبوو، تۆ ئەقڵت بەکاردەهێنا، بەڵام مارکس وتەنی ئەقڵانییش نەبوویت.

بۆ وەڵامی ئەوەی ئەقڵانییەت چییە و چۆنە؟ ئەمە باسێکی دوور و درێژە، بەڵام لە سادەترین مانادا وەك (هیگل) دەیڵێ (ئەوەی ئەقڵانییە واقیعییە و ئەوەشی واقیعییە ئەقڵانییە). ئەوسا پرسیارەکە دێتە سەر ئەوەی ئایا کۆمۆنیستی کرێکاریی واقیعی بوو تاکو ئەقڵانی بێت؟ ئێمە مەبەستمان لەوە بوو حزب و رابەرایەتی هۆشیار بن چوونکە هۆشیاریی بۆ تاکی سیاسیی وەك بوونی ئاو وایە بۆ ماسی، ناشێت کەسێکی سیاسیی بیت، بەڵام هۆشیارییەکی تۆکمەت نەبێت. محەمەد حەسەنین هەیکەل دەڵێت (گرنگ نییە مرۆڤێکی هۆشیار سیاسیی بێت یان نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوکەسانەی سیاسین دەبێت هۆشیار بن). کۆی رەخنەکانی ئێمە لە ئەو قۆناغەدا بۆ ئەوەبوو حزب ببێتە پارتێکی بە قودرەت و بتوانێت بەرەنگاریی نەیارەکانی بکات بەو شێوازەی بەپێی قۆناغ و هەلومەرج مەعقول و گونجاوە، ئێمەش وەك (گاندی) رووی دەممان لە حزب بوو و دەمانووت (بەربەرەکانی دوژمنەکەت بکە بەو چەکەی لێی دەترسێت نەك بەو چەکەی تۆ لێی دەترسێیت)، بەڵام بەداخەوە حزب زۆرلەوە سرك و سەرەڕۆتر بوو و تەسلیم بە ئەقڵانییەتی سیاسیی بێت بۆیە چارەنووسەکەشی گەیشت بەم رۆژە.

حەوتەم: خاڵی حەوت رەخنەیەکی بێ سەرو بەرە، خوێنەرلە کاتی خوێندنەوەیدا درك بەو ئەقڵییەتە وەستاو و کۆنەپەرستانەیەی نووسەردەکات، پێویست ناکات من هیچ لەبارەیەوە بڵێم، رەنگە ئەوە ئیزافە بکەم بۆ سەرنجی خوێنەران، ئەوان هاتوون نموونەی (مارکس و لینین)یان کردۆتە واقیعێکی

ستاندارو بەکاریدەهێنن بۆ دنیای نوێ کە سەد و هەشتا پلە جودایە لەو دنیایەی ئەوانی تێدا ژیاون و سیاسەت و کاریان کردووە. کاك گۆران هەوڵ دەدات شەرعییەتی ئەو دابەشکردنە لە کەلەپووری مارکسیزمەوە وەربگرێت، هەروەها هەوڵیش دەدات تەبریر بۆ بۆچوونی رابەرانی بێنێتەوە بە دەلیلی (ئەوەی مارکس و لینین)یش بە هەمان تۆمەت تاوانبار دەکات. ئەم پاساو و جۆرە بیرکردنەوەیە روانینێکی سەلەفییانە و کۆنەپەرستانەیە و جیاوازیەکی نییە لە تەبریر و پاساوە سەیر و سەمەرەکانی ئیسلامگەراکان و فێندەمینتالیستە ئاینییەکان. هەروەك «د.نەسر حامد ئەبوزەید» دەڵێت (هاجسی ئایدۆلۆژیی لە ئیسلامییەکاندا زاڵە بەسەر خەمی مەعریفیدا، گرنگ نییە بەلایەوە ئەوە بزانێ نایزانێت، هەموو خەمەکانی لەوەدا کۆبووەتەوە تەبریر بۆ مەعلوم و مەنقول و مەسموع بهێنێتەوە، ئەوان لە پێناوی دەق و سومبول و دروشمەکان دەژین بۆیە سەرکەوتوو نەبوون لە دروستکردنی واقیع و گۆڕینی دنیادا، ئەوان دەتوانن تەعبیئە و لەشکرداریی بکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ژیان دابمەزرێنن). هەر بەم جۆرە کۆمۆنیستەکان ژیانیان بۆتە پینەکردن و پاساو داتاشین بۆ کارنامەی مارکسیستە پێشینەکان و هەرواش بە وەهمی کۆمەڵە دروشمێکی بەدینەهاتووەوە دەژین.

هەشتەم: خاڵی هەشتەمی رەخنە و وەڵامەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ وەڵامدانەوەم لە بارەی نارۆشنبیریی و نەخوێندەواریی کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئەو خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەخوێندەواریی کێشە نییە و ئەدەب و هونەریش هیچ دەورێك ناگێڕن، ئەدەب و هونەر دنیا ناگۆڕێت بەڵکو سیاسەت دەیگۆڕێت. لە راستیدا کورتکردنەوەی رۆشنیریی و خوێندەواریی لە ئەدەب و هونەردا غەدرێکی گەورەیە و من تەنیا مەبەستم لە ئەدەب و هونەر نەبووە، وەلێ رۆڵی ئەدەب و هونەر نادیدە ناگرم و بێ بایەخ سەیری ناکەم، بەڵام من پێموابووە ناکرێ سەرکردایەتی و رابەرایەتییەکت هەبێت کڵۆڵ و هەژار بێت و بە ئاسانی لە هونەری دیپلۆماسی و گەمەی سیاسیدا بخەڵەتێت یان بە هەڵەدا

بچێت.

دەگەڕێمەوە سەرنووسین وهونەر، ساتێ گوێم لەوقسانەی ئەوهاوڕێیەمان بوو لە سووك تەماشاکردنی هونەرو نووسین تووشی شڵەژان و شۆك بووم!!، هەستم بە بەدبەختییەکی تری ئەقڵی کۆمۆنیستی کرێکاریی کرد. ستالین بەو هەموو جەللادیی و خوێنڕێژییەی خۆیەوە دەڵێت (نووسەران ئەندازیاری دەروونی مرۆڤایەتین). ستالین قارەمانی جەنگی دووەمی جیهان و خاوەنی لەشکرێکی گەورە و بەرین لە سەرباز و کۆماندۆ، خاوەنی پێشکەوتوترین چەکی ئەوکاتەی شەڕکردن و خاوەنی ئازایەتییەکی بێوێنە کە بە (پیاوە پۆڵاینەکە) ناوبانگی رۆیشتبوو لە دنیادا، بەو جۆرە نووسین بە هەند وەردەگرێت و بەو هەست و شعورە بەرزەوە پێناسەی نووسەر دەکات. کەچی برادەرێکی لاوازی پەناهەندەی ئەندامی کۆمۆنیستی کرێکاریی نووسین بێ بایەخ دەکات و بە چاوێکی زۆر سووکەوە لە نووسەران دەڕوانێت. کارل مارکس بە هەمان ئەندازە گرنگی بە رۆشنبیر و نووسەران داوە و هەوڵیداوە لە دەوری کۆمۆنیزم کۆیان بکاتەوە، تەنانەت (باکۆنین) رەخنەی لە مارکس دەگرت و دەیووت (مارکس دەیویست و هەوڵیدەدا حکومەتێك لە زانا و رۆشنبیر دابمەزرێنێت).

هونەریش هیچی کەمتر نەبووە لە نووسین و ئەدەب و لەوەتی کرێکار هەیە ئەدەب و هونەری کرێکاریش لەگەڵیدا گەشەی کردووە و هەیە، بە جۆرێك هەموو هونەرێکی ئینسانی و راستەقینە رەگێکی چەپانەی هەبووە. ئەدۆنیس وتەنی (هەموو هونەرێکی راستەقینە سەربە ماڵی چەپە). «غەسان کەنفانی»یش دەڵێت (ئەورەوتەی خاوەنی هونەرێکی راستەقینە نەبێت هەرچییەك بێت چەپ نییە). دیارە هونەرێك داکۆکی لە چەوساوەکان و بەرژەوەندییە باڵاکانی مرۆڤ بکات، هونەرێك بتوانێت ئاوێنەیەکی بێگەردی ژیانی مرۆڤەکان بێت ولە قووڵترین رەهەندداا گوزارشت لە ناخی مرۆڤ بکات، چوونکە ئەو هونەرەی بۆ مرۆڤ و ئازارەکانی مرۆڤ نەبێت هەرچییەك بێت هونەر نییە. هەروەك (چیخۆف) لە

کۆ چیرۆکی دوژمناندا دەڵێت (بەبێ مرۆڤ و دوور لە بەرژەوەندییەکانیان هیچ هونەرێك ناتوانێت لە گۆڕێدا بێت، هونەر ئاوازێکە بۆ مرۆڤایەتی دەچڕدرێت). ئێمەش داوای ئاوها هونەرێکمان کردبوو نەك ئەوەی ژیانی حزب بکەینە ژیانێکی هونەریی، ئەقڵیشمان بەوە دەشکا حزب قوتابخانەیەکی هونەریی نییە بەڵکو پارتێکی سیاسییە، بەڵام حزب هونەر و ئەدەبی رەت دەکردەوە، ئەگەر برێخت و ئۆژین پۆتیە و گۆرکی و هەمزاتۆڤ ئەندامی (حککع) بوونایە بەیاننامەیان پێ دابەش دەکردن یان دەیانکردنە پاسەوانی لیدەری حزب ئەگەر بەختیش یاوەریان بووایە کۆمەکیان پێ کۆدەکرایەوە.

کاتێکیش دەڵێت مارکس سەرسام نەبووە بە هیچ نووسەر و ئەدیبێك ئەوپەڕی بێ ئاگایی نووسەر نیشان دەدات دەنا مارکس لە ژێر کاریگەریی زۆر نووسەر و ئەدیبدا بووە بە تایبەتی بە قووڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شانۆنامەنووسی ئینگلیزیی (ولیەم شکسپیر). ژاك درێدا لە کتێبی (تارماییەکانی مارکس- أطیاف مارکس)دا دەڵێت: مارکس ئاشقی شکسپیر بووە، ئەمەش لە مانیفێستدا بە روونی دەبینرێت کاتێك لە رستەکانی یەکەمەوە دەڵێت: تارماییەك بە ئاسمانی ئەوروپادا دەگەڕێت ئەوە تارمایی کۆمۆنیزمە، دێت ئەم تارماییە وەردەگرێت و بەرامبەر بە تارمایی (پادشای کوژراو) دایدەنێت لە شانۆگەری هاملێتدا، کاتێك تارماییەکە دێت و قسە دەکات. بارنادۆ دەڵێت: لە هەمان شێوەی خۆیدایە وەك ئەو پادشایەی مرد. ژاك درێدا دەڵێت: لە پاش دیمەنی یەکەم بینەرەکانی مێژوو داوای گەڕانەوەی دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە سۆسیالیستەکانی پێش مارکس نووسین و کاری نووسەرانیان بەلاوە جێی بایەخ بووە و هەستیان بە کاریگەریی نووسین کردووە لە تێکشکاندنی بیروباوەڕی کۆن و جێخستنی بیرۆکەی نوێدا. بۆ وێنە سۆسیالیستی تۆباوی (سان سیمۆن) لە کتێبی (سیستمی پیشەسازیی، ساڵی١٨٢١)دا دەنووسێت (داوا لە رۆشنبیران دەکەم لە رووی فکری کۆندا

بوەستنەوە، هەروەها داوایان لێدەکەم وزەی فیکریی خۆیان بۆکاروباری زانست تەیار بکەن کە ئێمە پێویستیمان پێی هەیە). هەقبوو نووسەر کەمێك زانیاریی لەو بارەوە هەبووبا ئەوجا بهاتبایە بەو دڵنیاییەوە قسەی کردبا و بەو حەماسەتە گەرمەوە وەڵامی خەڵکی بدایەتەوە.

نۆیەم: رەخنەی نۆیەمی کاك گۆران دەربارەی بەشێکی وتاری منە بە ناوی (جەنگێکی دۆنکیشۆتانە دژی ئاین) برای نووسەر ئاماژە بەوە دەدات ئەوان سەرکەوتوو بوون لە شەڕکردنیان لەگەڵ ئاین و حزبە ئیسلامییەکان. ئەمە فشەیەکی گەورەیە، ئەگەر بەقسەی ئەو بێت لە کوردستان نە مزگەوت ماوە و نە حزبی ئیسلامی و نە مەلا بۆ دەرمان دەستدەکەوێت و سەد دەرسەد خەڵك بوونەتە مولحید و کۆمۆنیست. پێویست بەوە ناکات توانج لەسەر ئەمە بدەم چوونکە خەڵك بە چاوی خۆی واقیع دەبینێت و دەزانێت بارودۆخەکە چۆنە و هەروا بە سانایی ناخەڵەتێت.

دەیەم: لە خاڵی دەیەمدا نووسەر لە تووڕەبووندا شڵەژاوە و دەڵێت حزب سەرکەوتوو بووە لە مخاتەبەکردنی چینی کرێکارو خەڵك و توانیوێتی زۆر هەنگاو بنێت!!، ئەگەریش خەلەلێك هەبێت ئەوە لە ئەستۆی خودی کرێکارانە نەك حزب چوونکە ئەوە خودی کرێکارانن گێژولات وپات وگومرا وبێ ئاگان لە حزبە راستەقینەکەیان، بەڵام دروست بە پێچەوانەوە ئەوە حزب بوو نەیدەتوانی خەڵك و کرێکاران کۆ بکاتەوە ئەگەرنا خەڵك هەمیشە ئامادەبوون پێشوازیی لە ژیانێکی باشتر بکەن جا لەسەر دەستی هەرکەسێك بووە ئەوەیان گرنگ نییە. لینین دەڵێت (هەمیشە حزب لە کۆمیتەی ناوەندیی و کرێکارانیش لە حزب شۆڕشگێڕتر بوون، دەبوو حزب ئەسپێك بێت کرێکاران بە دوای خۆیدا رابکێشێت، بەڵام کرێکاران ئەسپێك بوون وگالیسکەی حزبیان بە دوای خۆیاندا بە کێش دەکرد). ئەندامانی حزب لە رابەرایەتی چالاکترو شۆڕشگێڕتر بوون و کرێکاران لە خراپترین ئاست و حاڵدا بوون کەچی هۆشیارو چالاکترو

شۆڕشگێڕتر بوون لە حزب.

کاك گۆران بەوە ناوەستێت و پێیوایە بەرنامەی حزب سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی زۆرکاری گرنگ ئەنجام بدات و دواتریش مژدەی دوارۆژ دەدات کە: حزب دەسەڵات نەك لە کوردستاندا بەڵکو لە عێراقیشدا بەدەستەوە دەگرێت و سەرکەوتنی حزبەکەی بە مومکین و حەتمیەتی مێژوو دەزانێت. هەروەکو (جۆرج پلیخانۆف) دەڵێت: (سەرکەوتنی بەرنامەی ئێمە هێندەی هەڵهاتنی خۆر لە بەرەبەیاندا حەتمییە). بەڵام جیاوازییەکە لەوێیە بەرنامەکەی پلیخانۆف سەرکەوت و شۆڕشی ئۆکتۆبەر روویدا، بەڵام ئەی کاك گۆران سەرکەوتنەکانی حزبەکەی لە چیدا دەبینێتەوە؟ بە راستی زۆرجار حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوەندە سەرسەخت و دیماگۆگییە بەشێك لە شکستەکانیشی بە سەرکەوتن لێکدەداتەوە. چوونکە کۆمۆنیستی کرێکاریی بە چەشنی شێتێك چەقۆیەکی نوك تیژی بەدەستەوە گرتبوو بڕیاریدا بوو یان ئەو چەقۆیە لە جەستەی دوژمنی دەچەقێنێت یان خودکوژیی پێ ئەنجام دەدات. وەك هیتلەر دەیانووت (یان دەبێ ببینە هێزێکی جیهانی یان هیچ) دواتر چۆن ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهاندا مایەپووچ دەرچوو و بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە وژێرخانی وڵاتەکەی کاول بوو، بە هەمان شێوە کۆمۆنیستی کرێکاریی خودی خۆی کوشت و لەو شەڕە بێ سەرئەنجامەیدا لەگەڵ حزبەکانی کوردایەتی بەدەستی بەتاڵ لێی دەرچوو.

کاك گۆران خەریکی رمڵ لێدانە و وەك جادووگەرێك داهاتوو دەبینێت و دەڵێت ئێمە سەردەکەوین و زۆربەهێزین، بەڵام حزبەکەی ئەوەندە پەراوێزبووە لە چینی یادەوەریی هیچ کەسێکدا نەماوەتەوە. هەفتەیەك لەمەوبەر بوو دوو هاورێ پێیان وتم ئەوە چییە مێشکت بەو گروپەوە خەریککردووە بۆچی ماون لە ئەرزی واقیعدا؟ من وتم ماون بەڵام چۆن مانێك؟ ئەوجا رستەیەکی (د.کوردۆ عەلی)م بەبیر هێنانەوە: تەواو لەگەڵ ئەو نووسەرە ئەڵمانەدام نووسیبووی هەرکات ئەو سروودە دەبیستم کە دەڵێت ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد

زمان، لەبەرخۆوە دەڵێم: راستە ماوە لێ ئەوە چۆن مانێکە؟. ئەوجا وتم دەزانم ئەوە مان نییە ئەوان ناویاننا‌وە هەبوون وژیان، بەڵام من دەمەوێ لەو بوونە لاوازەیان ئاگاداریان بکەمەوە.

یانزەهەم: خاڵی یانزەهەم لە نووسینەکەی کاك (گۆران)دا بە ئاراستەی ئەوەیە بڵێت مارکسیزم بزووتنەوەیەکە نەك فەلسەفە و زانست، ئەمە دەربڕینێکی سادە و گێلانەیە و دەرخەری کەم ئاستی نووسەرەکەیەتی. بۆ وەڵامدانەوەشی وتەزایەکی (د.محەمەد عابد ئەلجابری) بە نموونە دەهێنمەوە کە دەڵێت (مارکسیزم فەلسەفە و زانستە، ماتریالیزمی دیالێکتیك فەلسەفەیە و ماتریالیزمی مێژوویش زانست). ئەو باسەی مارکسیزم فەلسەفە نییە زۆرکۆنە و دەمێك ساڵە کۆمۆنیستی کرێکاریی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام لە واقیعی حاڵدا کۆمۆنیزم چی نەماوە جگە لەوەی لە ئەکادیمیا و ناوەندەکانی توێژینەوەی فەلسەفی و فیکردایە، لەبەرئەوە مارکسیزم پێش هەر شتێك بیرو فەلسەفە و زانستە ئەوجا بزووتنەوەیەکی سیاسیی.

دوانزەهەم: خاڵی دوانزەی وەڵامەکەی رەخنە نییە و هەندێك جنێو و ئیهانەیە بۆ نووسەری ئەم دێڕانە، هەروەك چۆن لە زۆربەی خاڵەکانی تریشدا کەمتەرخەمیی نەکردووە لە شاڵاوبردن بۆ سەرکەسێتی و ژیانی تایبەتیمان کە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکی باسەکەوە نییە، بەڵام من پتر وەڵامەکەم تەرخان کرد بۆ ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی نەك بۆ کەسێتی ئەو، لەبەرئەوە خۆم بە دوور دەگرم لە شەڕەجنێو و مهاتەرات چوونکە ئەوە ئەدگارو کاری من نییە و کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم لە نووسینی مهاتەراتنامە و زبڵنووسیدا.

سیانزەهەم: تووتییەکەی چەرچڵ هێشتا جنێو بە هیتلەر دەدات!. رۆژنامەی (دەیلی میرۆر) بەریتانی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوی کردەوە (چارلی) یەکێکە لە تووتییەکانی (وینستۆن چەرچڵ) ولەو ماوەیەدا ئاهەنگی ١٠٤ ساڵەی بۆ گێڕدرا، هێشتا هەروەك خاوەنەکەی فێری کردبوو جنێو بە هیتلەرو نازییەکان دەدات!.

چارلی بە کۆنترین باڵندە دادەنرێ لەووڵاتەدا تا ئێستا لە ژیاندا بێت، چەرچڵ لە ساڵی ١٩٣٧ کڕیبووی و فێری جنێودانی کردبوو بە دوژمنە سەرسەختەکانی، بە تایبەتی ڕایهێنابوو لەسەر جنێودان بە هیتلەر، چارلی تووتی حەفتا ساڵی ڕەبەقە بە بێ برانەوە و بە بێ ئاگاداریی گۆڕانکارییەکانی دنیا بەردەوامە لە جنێودان بە هیتلەر و نازیستەکان. بە داخەوە کاك گۆران حەمید دەیەوێ ڕۆڵی چارلی تووتی ببینێت، لە دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانانە لە سیاسەتی کۆمەڵگەی کوردستاندا لەسەرچی ڕاهێنراوە هەرئەوە دووبارە دەکاتەوە و خووی جنێودان بە خەڵك و ناسیۆنالیزم و ڕۆشنبیرانی تەرك نەکردووە، من زۆر بە داخەوەم تاراوگەش ئەم هاوڕێیەی لە تووتێتی ڕزگار نەکردووە، جارێکی تریش بەداخەوە.

**پەڕاوێز:**

*لە دوای بڵاوبوونەوەی زنجیرە وتارەکەم بە ناونیشانی «چەند تێزێك دەربارەی کۆمۆنیستی کریکاریی» هاوڕێیەك بەناوی خواستراوی «گۆران حەمید» وەڵامێکی ئەو تێزانەی دایەوە و وەك ئەرکێکی پیشەوەرانەش لە ڕۆژنامەکەی خۆم «نێوەند» بۆم بڵاوکردەوە، ئەمەش وەڵامی ئەو نووسینەی ئەو بەڕێزەیە لەبارەی زنجیرە وتارەکەی منەوە، بەداخیشەوە نووسینەکەی ئەوم بەردەست نەکەوتەوە ئەگەرنا بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتری خوێنەران ئەویشم لە پاشکۆدا بڵاودەکردەوە.

# پاشکۆی دووەم

## دیمانەی رۆژنامەی ئاڵا لەگەڵ ستیڤان شەمزینی دەربارەی ئەزموونی کۆمۆنیستی کرێکاریی

ستیڤان شەمزینی نووسەری چەپرەو و سەرنووسەری گۆڤاری «نێوەند»، لەم دیمانە تایبەتەی «ئاڵا»دا باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا و بە وردیی تیشك دەخاتە سەر سیاسەتەکانی ئەو حزبە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو ئەو کاتەی ئەو لەو حزبەدا ئەندام بووە لە ناوەوەی وڵات، کە هاوکاتە لەگەڵ لێدانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەلایەن «یەکێتی»یەوە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٠. شەمزینی لەم دیمانەیەدا باس لەهەڵەو کەموکورییەکان و دیوی واقیعیی و ناوەوەی ژیانی سیاسیی حزبەکەی خۆی دەکا و بە راشکاوانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی «ئاڵا» دەداتەوە.

**ئاڵا: سەرەتا دەمەوێت بڵێم ئەگەر ئامادەیت دەمانەوێت گفتوگۆیەکی راشکاوانە بکەین دوور لە زمانی فیکرولوغزی سیاسیی؟ دووبارە دەپرسم ئایا تۆ ئامادەیت راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئامادەم، بێگومان بە راشکاویی وەڵامت دەدەمەوە، من پێشتر رەخنە سیاسیی و فیکرییەکانم بڵاوکردەوە کە هەنووکە ئامادەیە بۆ چاپ وەك کتێب، بۆیە ناخوازم جارێکی دی دووبارەیان بکەمەوە، وەك خۆت دەتەوێت بە زمانی منداڵێك لە راشکاوییدا هەموو چیرۆکەکانت بۆ دەگێڕمەوە.

**ئاڵا: چۆن سەیری پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەکەیت کە بەم دوایيانە راگەیەندرا، ئایا ئومێد دەکرێت ئەم حزبە نوێیە مەدی کۆمۆنیزم لە کوردستان هەستێنێتەوە سەرپێ؟.**

ستیڤان شەمزینی: زۆر دەمێکە چەپەکان لە خودی بیرۆکەی کۆمۆنیزمی

کرێکاریی بێ ئومێدبوون جا نەخاسمە لە پارتێکی چکۆلەی وەك ئەوەی ئێستا رادەگەیەنرێت، کێشەکە بە بڕوای من لەوێ نییە ئەم حزبە عێراقییە یان کوردستانی (هەرچەندە ئەمەشیان بە نۆرەی خۆی رۆڵی هەیە)، کێشەی هەرە سترۆکتۆریی لەوەدایە بیرکردنەوە و روانگەی سیاسیی و ئیدۆلۆژیی رەوتەکە وشك بووەتەوە و لە جێگەی خۆی راوەستاوە، بیرۆکەکە رووی لە خەزانە و توانای نەماوە ئامادەبوونی لە جەرگەی واقیعدا درێژە پێبدات، بیرۆکەکە خۆی هێزی نەماوە هەتا وەڵامدەرەوەی واقیعی نوێی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگەکەمان بێت، وەهام بە بیردا دێت لەم قوڕە خەستەی حیکمەتیزم هیچ تۆزێك هەڵناستێت، سەرەنجام روون و دیارە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان رووی لە شکستە! چوونکە چەپ لە قەیرانێکدایە ئەم حزبە نەك ناتوانێ دەربازی بکات بەڵکو خودی حزبەکە بەشێکە لە هۆکاری قووڵکردنەوەی قەیرانەکە، پێکهێنانی ئەم پارتییە خنجیلانەیە دیسان خولانەوەیە لەناو بازنەدا، دیسان دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شکستخواردووی دورودرێژی بزووتنەوەی چەپە لە کوردستان، کە دەکرێت شکستی شوراکانی ساڵی ١٩٩١ بە شکستی مەرگ سەیر بکەین یان بە دوا شکستی چەپ، چون لەو رێکەوتە بە دواوە چەپ هێز و جەماوەری لە دەستدا و هاتە پەراوێزی پرسی سیاسەتەوە.

**ئاڵا: گەندەڵی رووخساری هەموو پارتە کوردییەکانە، ئایا لە حزبی کۆمۆنیستدا هەمان شت هەبوو؟ ئەو بودجەیەی وەرتان دەگرت لە یەکێتییەوە چی لێدەهات؟.**

ستیڤان شەمزینی: هەمان شت بوو، لەوانەیە بڵێم ئەگەر خراپتر نەبووبێت بێگومان باشتر نەبووە، زۆر چیرۆکم لەلایە بەڵام رەنگبێ بوارمان نەبێت بۆ باسکردنیان. سەرکردایەتی ئەم پارتە لەو رۆژە رەشانەی زۆرینەی خەڵك بۆ تیکەیەك نان موحتاج بوون، لەسەر سفرەیەکی بۆرژوازییانە تا بەیانی خەریکی

ویسکی خواردنەوە و ماسی برژاندن بوون، بڕی تێچوونی ئەم سفرەیە زۆر زیاتر بوو لە بڕی تێچوونی سەدان سفرەی ماڵە هەژارەکانی شارکە بە ناوی ئەوانەوە دەدوان و بە حیساب خەباتیان بۆ دەکردن، هەندێکجار رەخنەیان لێدەگیرا بۆچی ئەوان لەوژیانە شاهانە و رەفاهدا دەژین؟ بە تووڕەییەکی زۆرەوە دەیانووت: خودی ئا ئەمە دەستتێوەردانە لە مافی تاکێتی و شەخسیمان، جارێك لە بێزاریدا وتم سەرمایەداریی چییە؟ بریتییە لە موڵکایەتی تایبەت. ئەی کەواتە هەقمان چییە بەسەر بۆرژواکانەوە؟ خۆ ئەوانیش وەك سەرکردەکانی ئێمە بیر دەکەنەوە و هەرچی هەیانە شتی شەخسییە.

رۆژێك یەکێك لە ئەندامان بە نامەیەك داوای بڕی (٥٠) دیناری کردبوو لە کۆمیتەی رابەری. (تاهیر حەسەن) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بانگی ئەو ئەندامەی کرد و وتی: عەیبە بڕۆ کار بکە، ژیانی خۆت دابین بکە!!. ئەو ئەندامە لە وەڵامدا وتبووی: شەو و رۆژ کار بۆ حزب دەکەم لە کوێ پارە پەیدا بکەم ئەگەر ئێوە نەمدەنێ؟ پاشان وتبووی: ئەی بۆ خۆتان ئەو هەموو پارەیەتان هەیە و کەس لێتان ناپرسێتەوە؟!!، تۆ رۆژی بایی ئەو پەنجا دینارەی داوام کردووە جگەرە دەکڕیت و دوو قاتی ئەوە دەدەیت بە بیرە و وێسکی. تاهیر بە تووڕەییەوە ئەندامەکەی کردبووە دەرێ!. ئەو ئەندامە ناچار کاتژمێرەکەی دەستی خۆی فرۆشت و چەند سەموونێك و دوو کیلۆ تەماتەی پێ کڕی بۆ ماڵەوەیان. سەبارەت بە بودجەکە وەك پارەی میرات لە نێوان رابەرایەتی حزبدا دابەش دەکرا و کەسیش مافی نەبوو پرسیار لە بارەیەوە بکات! دێتەوە یادم جارێك (هۆشیار عارف) کە کادرێکی سەربازیی و خەمخۆر بوو هاتە بارەگای کۆمیتەی رابەری و داوای پارەی کرد بە مەبەستی کڕینی داودەرمان بۆ دوو چەکداری نەخۆش، پێیانووت پارە نییە!! بەڵام لەولاوە فەردەیەك پارە دانرابوو کە بودجەکە بوو!! هۆشیار وتی: ئەی ئەو پارەیە چییە؟ وتیان ئەوە هی خەڵکە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەڵك!! هۆشیار شەقێکی لە فەردە پارەکە هەڵدا و وتی ئەی کە وانییە. هۆشیار

راستی دەكرد چوونكە دەیزانی لەنێوان سێ چوارێكی سەرەوەدا دابەش دەكرێ. ئەمە حاڵی بودجەكە بوو، گەندەڵیش هەروەك حزبەكانی تربوو، سەركردایەتی ئەو حزبەش وەك دەریالوش وابوون هەرچی بهاتبایەتە بەردەستیان لوولیان دەدا، بێگومان راستیی ئەوەیە من پێتی دەڵێم.

**ئاڵا: زۆرجار ئەندامانی ئەو حزبە كۆمەكی داراییان كۆدەكردەوە تەنانەت لە ماڵ و دوكانەكانیش، پارەی ئەم كۆمەكە چی لێدەهات و چ جێگەیەكی دەگرت لە ژیانی حزبەكەتاندا؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەم پرسیارە وەهام لێدەكات بۆ ماوەیەكی زۆر پێبكەنم، چوونكە سەركردایەتی ئەوپارتەم وەك ئەوباوكە فێڵبازانە دێتە پێش چاوسواڵ بە منداڵەكانیان دەكەن ولەورێگەیەوە پارەیەكی باش بەدەست دەهێنن، وەك خۆم بەشداربووم لە تیمەكانی كۆمەك كۆكردنەوەدا، بەڵام غرورو عیززەتی نەفسم تەنیا دووجاررێگەی پێدام بەشداریی ئەوكارە بكەم، تەنانەت جارێكیان لە پارەی كۆمەكەكە هەریەكێكمان دوو لەفە «گەس»مان خواردبوو، كە هاتینەوە لێمان تووڕە بوون لەوەی «گەس»مان خواردووە چوونكە دەبوو فەلافلمان بخواردبایە یان دەیانووت قەینا گەستان خواردووە بەڵام بۆ دوو دانە؟ سەیرە لێپرسینەوەیان لەگەڵ گەدەش دەكرد!. ئازیزم ئەم كۆمەك كۆكردنەوەیە بۆ بەشێك یان بۆ هەموو رابەرایەتی حزب جۆرێ لە كاسبی بوو تەنانەت هیچی لە پارەی بودجەكە كەمتر نەبوو، هەندێك لە ئەندامانیشمان بە ئیجار كۆمەكیان گرتبوو لە هەندێ لە «رابەرەكانمان»! بۆ وێنە دوو گەنج هەبوون رۆژانە لە بەیانی تا ئێوارە سێ چواردەفتەركۆمەكیان بەدەستەوە بوو كۆمەكیان كۆدەكردەوە، ئێوارە دەهاتنەوە هەموویان دەخستە دەستی خانمێكەوە بە ناوی (شارا عەزیز) ئەویش سەخی بوو لەبەرئەوەی پارەی شروب وحەبەكانی ئەو رۆژەی پێدەدان، چوونكە ئەو دوو گەنجە لەسەر دەرمان و شروب خواردن راهاتبوون!!. هەرئەو خانمە رۆژێك بە هاوڕێیەكی خۆمی وتبوو

بۆچی بێ پارەیت؟ فەرموو ئەوە دوو سێ دەفتەری کۆمەك کۆکردنەوە برۆ کۆمەك کۆکەرەوە بۆ هەردووکمان نیوەی بۆ تۆ و نیوەکەی تری بۆ من!!.

بڕوام پێبکە هاوڕێیەکم لە لەندەن هاتەوە وتی (خەسرەو سایە) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێی وتووم: ڕۆژی چەند پارە پەیدا دەکەیت؟ منیش وتم پەنجا پاوەن!! وتی بڕۆ کۆمەك بۆ من کۆبکەرەوە ڕۆژی ٧٥ پاوەن پارەت دەدەمێ!!. لەلایەکی ترەوە کەس ئەو کۆمەکەی نەدەبینی لە دەرەوەی وڵات کۆ دەکرایەوە، جاری وابووە لە ڕۆژنامەی بۆپێشەوە و ئۆکتۆبەر بڕی کۆمەکەکانی دەرەوەم دەقەبڵاند مانگ نەبووە لە ١٠٠٠٠ دۆلار کەمتر بووبێ، کەچی هەموو ئەو پارانە توونی بابا دەچوون!! هەموو جارێکیش ئەندام یان کادرێك لە دەرەوە دەهاتەوە ڕابەرایەتی حزب دەوریان دەدا و نەیاندەهێشت یارمەتی ماددیی هاوڕێکانی بدات بەڵکو بۆ خۆیانیان لێدەسەند! لە کاتێکدا لەو بارودۆخە گرانیی و نەهاتییەدا زۆربەی ئەندامان دەستکورت و هەژار بوون، بەڵام ئەوە بزانە تەنیا ڕابەرانی حزب بوون بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ دارایی حزب دەکرد، ئەگینا ئەندامان زۆر دڵسۆز بوون، تەنانەت لە سەرەتای بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بڕە خواردنی خۆمان دەهێنا بۆ بارەگا و لەوێ بە دەستەجەمعی دەمانخوارد، هاوڕێ گیان ئەمە بوو چیرۆکی کۆمەك کۆکردنەوەی ئەوێ ڕۆژێمان.

**ئاڵا: بۆچی زیاد لە حزبە دەسەڵاتدارەکان و زۆرتر لەوەی پێویستە دژایەتی گروپە ئیسلامییەکانتان دەکرد؟.**

ستیڤان شەمزینی: لەبەریەك هۆ، بۆ ئەوەی کەیسێکی چاك ئامادە بکەین و بەو هۆیەوە بڕۆین بۆ ئەوروپا و مافی پەنابەرێتی سیاسیی بە مسۆگەریی بەدەست بهێنین، ڕاستە ئیسلامییەکان ڕەوتگەلێکی توندڕەو و ڕادیکاڵ بوون بەڵام کۆمۆنیستەکان هەرهەمان شت بوون، زۆربە کورتی دژایەتیکردنی ئیسلامییەکان بلیتێکی خۆڕایی بوو بۆ سەفەری ڕێی هەندەران.

**ئاڵا: زۆر جار دەوترا کۆمۆنیستەکان بۆیە وا توندو زبرن دەیانەوێت بەو**

**هۆیەوە کەیس دروست بکەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: بێگومان راستە، هەموو دەیانەویست پێش هەر شتێك کەیسێکی بەهێزبۆ خۆیان دروست بکەن و هەرکات سەفەرهاتە پێشەوە دەستیان بەتاڵ نەبێت و دەرزەنێك کەیسیان بە ئامادەکراویی پێ بێت. لە ساڵی ١٩٩٩ منداڵێکی ١٠ ساڵان بە ناوی (ئازاد) بە سەربڕدراویی تەرمەکەی لە نزیك گۆڕستانێك دۆزرایەوە، ئەم رووداوە ناخی هەموو هاووڵاتیانی سلێمانی هەژاند، برادەرانی رابەریی حزبی ئێمە زیاد لە ٩ بەیاننامەیان لە دژی ئەورووداوە دەرکرد، هەر بەیاننامەیەك وێنەیەکی نووسەری بەیاننامەکەی پێوە بوو نەك منداڵە سەربڕدراوەکە، یەکێك لەو بەیاننامانە لەلایەن (سامان ئەحمەد) ئەندامی کۆمیتەی رابەری دەرکرابوو، هەمان رۆژ لەگەڵ هاوڕێیەکم سەردانی مامۆستا (بەهادین نوری)مان کرد، کە ئەوکات سکرتێری دیموکراتیخوازان بوو، مامۆستا زۆر بە تەوسەوە وتی ئەوە چییە کاك سامان سەربڕدراوە یان منداڵێك؟!! وتیشی برۆن بە برادەرانی خۆتان بڵێن دەزانین بۆ کەیس کاردەکەن بەڵام توخوا با تۆزێك بە ئەدەب و مانا بێت نەك بەو جۆرەی سامان.

نموونەیەکی تر، لە رۆژی ١٨\٤\١٩٩٨ هاوڕێیان (شاپور- قابیل) کە یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و دووەمیان ئەندامی کۆمیتەی رابەری بوو لە هەولێر تیرۆرکران، هەر بە هەفتەیەك دوای ئەم تیرۆرە هەرچی ئەندام و لایەنگری ناو هەولێرهەبوو پەنایان بردە بەرUNHCR لە تورکیا بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی وەرگرن بە تایبەتی هەندێکیان وێنەیەکیان لەگەڵ ئەو دوو شەهیدە دەکردە بیانووی راکردنیان، بەڵام لە راستیدا هیچ کام لەوانە لە بن هەڕەشە و مەترسی نەبوون، وای لێهات هەولێر چۆڵ بوو لێرەوە لە سلێمانییەوە خەڵکمان بۆ دەنارد، من خۆم چەندان جار چووم بۆ ئەوێ چوونکە کەسمان نەمابوو، ئەم کردەیە دیسان دووبارە بووەوە لە کاتی تیرۆرکردنی ئەندامێك بە ناوی (ئەردەڵان) لە ساڵی ١٩٩٩ و تیرۆری (کامەران ئەسعەد) لە چەمچەماڵ

لە رۆژی ٢٠\١٢\٢٠٠٠. کەواتە زۆر راستە ئامانجی زۆرێك لە سەرکردایەتی و بنکردایەتی ئەو حزبە کەیس دروستکردن بوو، ئێستا بیر دەکەمەوە حزبێکی چەند سەیرمان هەبوو لەبری ئەندامەکانی چاو ببڕنە پاشەڕۆژی پارتەکەیان لە وڵاتدا هەموو هەوڵێکیان کورت ببووە بۆ هەڵهاتن لە وڵات و سەفەری بەهەشتی بۆرژوازییەت (ئەوروپا).

**ئاڵا: ئیسلامییەکان هەمیشە ئێوەیان تۆمەتبار دەکرد بە بەدڕەوشتی، ئێوە چ کاردانەوەیەکتان هەبوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئاشکرایە ئیسلامییەکان رەوشتیان بەستبووەوە بەنێوان هەردوو رانی مرۆڤەوە، ئێمەش هیچ گوێمان بەمە نەدەدا، هەندێك دەنگۆ هەبوون لە بارەی پرۆسەی سێکسەوە لەلای ئێمە (ئەوەی ئیسلامییەکان بە بەدرەوشتی سەیریان دەکرد) راست بوون، بەڵام بەشەکەی تریان زیادەڕۆیی و ناڕاست بوون.

**ئاڵا: عادل باخەوان کاتی خۆی کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (نامەیەکی کراوە لە ئافرەتێکی کۆمۆنیستەوە بۆ عادل باخەوان) لەوێدا باسی بەدڕەوشتی و لیبرالیزمی سێکس دەکات لەلای کۆمۆنیستی کرێکاریی، ئایا ئەمە دیاعایاتی ئیسلامییە دژەکانتان بوو یان لە راستیدا بوونی هەبوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەو چیرۆکەی (عادل باخەوان) چیرۆکێکی واقیعیی نییە و زادەی خەیاڵی نووسەر خۆیەتی، بەڵام بەدیوێکی تردا هەندێك راستیی تێدایە، ئەمەش دوو جەمسەری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە سێکس پرۆسەیەکی ئازاد بوو لە کۆمۆنیستی کرێکارییدا، ئەویتریان ئەوەبوو ئەو ئازادییە سێکسییە مەودا و سنووری خۆی تێپەڕاندبوو بۆ لیبرالیزمی سێکسیی تەنانەت لادانی سێکسیی. من ئەو راستییە بۆ مێژوو دەڵێم سێکس سنووری مرۆڤانەی تێپەڕاند بوو، بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەم نموونەی ئەو ئافرەتانە دەهێنمەوە لە شێڵتەری سەنتەری پارێزگاریی ژنانی ئەوکات ژیانیان دەبردە سەر، هەموو ئەم ئافرەتانە

لەلایەن ئەندامی حزب و رابەرایەتییەوە لاقە دەکران، هەندێکیان لەشفرۆش بوون بە هەمان شێوەی بازاڕی لەشفرۆشیی پێشوویان لێیان دەخوڕی و کێیان دەست بکەوتبایە سێکسیان لەگەڵدا دەکرد، من لەنزیکەوە بینیومە دوو کادری باوەڕپێکراوی حزب لەگەڵ یەکێك لەو ئافرەتانە سێکسیان دەکرد، رابەرانی حزب بەوکارەیان زانی بەڵام نەك هەرلێپرسینەوەیان نەکرد لەگەڵیاندا بەڵکوزیاترخۆشەویست بوون. زۆرجاردەهزرێم وئەودەمانە بەراورد دەکەم بە کۆشکی هارونە رەشید کە هەردووکیان لێوانلێو بوون لە سێکس و زیاد لە هەر شتێك سێکسیان تێدا ئەنجام دەدرا. بەڵام شتێك هەیە نامەوێ بەسەرماندا تێپەڕێت: من لایەنگری سێکسی ئازادم و دژی هەر بەربەستێکم لە بەرامبەر مارەسەری ئازادانەی مرۆڤەکان، من لەو لایەنەوە لۆمەی حزبی کۆمۆنیست ناکەم، ئەوەی جێگەی گلەییمە ئەوە بوو لەوێش ئافرەت دەچەوسایەوە بە تایبەت ئەوانەی ناو شێڵتەری سەنتەری پارێزگاریی، چوونکە ئەو ژنانە راستە دەپارێزران لە کوشتن و توندوتیژیی جەستەیی بەڵام توندوتیژیی سێکسییان دەرهەق دەکرا.

**ئاڵا: ئافرەت عونسورێکی بەهێزی حزبەکەتان بوو، ئایا قەت بیرتان لەوە دەکردەوە ئەم ئافرەتانە وەك کاڵایەك بۆ کەسبی خەڵك بۆ هاتنیان بۆ نێو ریزەکانی حزبەکەتان بەکاربهێنن؟.**

ستیڤان شەمزینی: نا پلانی وەهامان نەبووە لە رێی ئافرەتانەوە خەڵك لە دەوری حزب کۆبکەینەوە، بەڵام گەنجی زۆرهەبوون بەودیاردەیە (کە بۆئەوکاتە تا رادەیەك نوێ بوو) سەرسام دەبوون و دەهاتنە نێو حزبەوە، یان هەبوون بیریان لە شەوێکی سوور دەکردەوە و دەهاتن، هەستمان دەکرد ئەندامی لەو جۆرەمان زۆرە کە هیچ لە بیری مارکسیزم و کۆمۆنیزم نازانن و هاتوونەتە ریزەکانی حزبەوە، دەمانووت ئاساییە ئەم ئەندامانە بێنە نێوریزی حزبەوە بەڵام نائاساییە هەتا سەروەها بمێننەوە و چی شتێك لە بارەی کۆمۆنیزمەوە فێرنەبن.

هەر ئەوەندە دەتوانم وەڵام بدەمەوە، هیوادارم توانیبێتم وەڵامێكی دروستت بدەمەوە.

**ئاڵا: قەت بووە بیر لەوە بكەنەوە تەهدیدی مەلا و خەڵكانی ئیسلامی بكەن؟ قەت بیرتان لەوە دەكردەوە پەلاماری مزگەوت یان كتێبخانەی ئیسلامییەكان بدەن؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئەگەر هێز و دەسەڵاتمان هەبوایە زۆر لە ئیسلامییەكان رەق و توندتر بەگژ نەیارەكانماندا دەچووینەوە! ئەی تۆ ناپرسیت بۆچی دەمانویست چەكداربین و هێزی چەكداریی دروست بكەین؟ بێگومان بۆ ئەوكارانە بوو تۆ پرسیاریان لەبارەوە دەكەیت. بەڵێ نەك جارێك دەیان جار ئەندامانی حزب هەڕەشەیان لە مەلای مزگەوت كردووە، بۆ وێنە كادرێكمان بە ناوی (سروود خالید) لە كۆتایی ساڵی ١٩٩٨ تەهدیدی مەلایەكی كرد لە گەڕەكی بەختیاری شاری سلێمانی و مەلاكە پێیزانی ناوبراو تەهدیدی كردووە وكێشەكە كەوتە پۆلیس، لێ ئەوكارەی ئەو ئەندامە بە هاندانی حزب بوو كەچی حزب هیچ پشتیوانییەكی لە ئەندامەكەی نەكرد. لەوە گاڵتەجاڕتر لە مانگی رەمەزاندا تیمێكی ١٠-١٢ كەسیان دروست دەكرد، كاری ئەم تیمە ئەوە بوو پارشێو لە خەو هەستن و بە شەقامەكاندا بگەڕێن ئەگەر كەسێكیان بەرچاو كەوت تەپڵی پارشێو دەكوتێت بكەونە لێدانی و تەپەڵەكەشی بشكێنن، ئەمە توندوتیژیی و تیرۆرنەبێت چیترە؟ یان زۆرجار داوا لە ئەندامان دەكرا بە تەلەفۆن هەڕەشە لە بارەگای حزبە ئیسلامییەكان بكەن بە تایبەتی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان.

لە یادمە شەوێك لە ماڵی كادرێك بووم تەنیا لە ماوەی یەك سەعاتدا تەهدیدی سێ بارەگای حزبە ئیسلامییەكانی كرد، وتیشی پێش ئەوەی تۆ بێیت چەند جارێك هەڕەشەم لە بارەگای تەلەفزیۆنی یەكگرتوو كردووە و جنێوم پێداون، ئەم رووداوەی باسی دەكەم دەوروبەری كۆتایی مانگی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٩٨ بوو. جگە لەوە زۆرجار هەبووە ئەندامانی حزب پەلاماری مەلای

مزگەوتەکانیان داوە، ئەمە لە ساڵی ١٩٩٩ دوو جار لە گەڕەکی شێخ محێدینی شاری سلێمانی روویدا، من خۆم لەوەدا بووم و پەلاماری مەلایەك و دوو گەنجی هەرزەکاری مزگەوتەکەمان دا لە پای ئەوەی مەلاکان لە مینبەری مزگەوتەکانەوە کۆمۆنیستەکانیان بە بێ رەوشت لە قەڵەم دەدا، لە گەڕەکی خەبات و زەرگەتە و بەختیاری هەمان شت دووبارە بوونەوە، ئەمە لە کاتێکدا زۆر لاواز بووین ئەوها پەلاماری نەیارەکانیان دەدا خۆ ئەگەر بەهێزبوونایە وەك ئیسلامییەکان بە ئاشکرا نەیارەکانیان تیرۆردەکرد. بۆ مەسەلەی کتێبخانە هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان نەبوو، بەڵام زۆرجار بیریان لەوە دەکردەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەندێ کتێبخانەی ئیسلامی لە شاری سلێمانی ئاگر تێبەربدەن، بەڵام بە جۆرێك بێت نەزانرێت ئەوە حزبی کۆمۆنیستە لە پشتی ئەو کارەوە. هاوڕێی ئازیز سەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق زیاتر لاسایی (ستالین و کاسترۆ و پۆلپۆت و تیتۆ و ماوتسی تۆنگ)یان دەکردەوە نەك بیرمەندە میانڕەوەکانی وەك ئەلتۆسێر و گرامشی و جۆرج لۆکاچ و ئەوانی تر.. ئەندامانیشیان هەروا گۆش و پەروەردە دەکرد.

**ئاڵا: بارگرژیی نێوان ئێوە و پەکەکە بە تایبەتی لە پێش ساڵی ٢٠٠٠ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆچی ئێوە کەسوکاری منداڵانی ناو پەکەکەتان کۆکردەوە و دواییش بێدەنگەتان لەو مەسەلەیە کرد و وەلاتان نا؟.**

ستیڤان شەمزینی: هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٨ دەنگۆیەك بڵاوبووەوە کە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی نوێنەری پەکەکە لە باشووری کوردستان منداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ دەفڕێنن و دەیاننێرنە شاخ تا پەروەردە بکرێن و ئامادە بکرێن بۆئەوەی ببنە گەریلا، حزبی کۆمۆنیست خۆی لەم مەسەلەیە هەڵقورتاند و دەستیکرد بە کۆکردنەوەی کەسوکاری ئەو منداڵانە تا گوشار بخەنە سەر پەکەکە بە مەبەستی رادەستکردنەوەی منداڵەکانیان، من وەك خۆم زۆر

کاتم بە فیڕۆدا لەو مەسەلەیەدا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ ڕێپێوانێکی گەورەمان سازدا لە شاری سلێمانی کە سەدان کەس لە کەسوکاری ئەو منداڵانە تێیدا ئامادە بوون، من یەکێك لە سەرپەرشتیارانی ڕێپێوانەکە بووم سەرەتا ئاسایش ڕووبەڕوومان بووەوە و هەریەك لە هاوڕێیانمان (ئاسۆی پەیامنێر– جەباری وێنەگر– کاڵێ عومەر) دەستگیرکران و چەند ڕۆژێك لە زیندانی ئاسایش مانەوە، ئاڕاستەی ڕێپێوان بەرەو بارەگای یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی ئاپۆرای ڕێپێوانەکە بۆ بەردەم بارەگاکە چەکدارانی ناو بارەگاکە دەستیان کرد بە تەقەکردن لێمان، بڕوا بکە لە نێوان من وژیاندا تەنیا یەك سەنتیمەتر هەبوو چوونکە ئەگەروا نەبوایە بە دەرزەنێك فیشەك دەپێکرام، ئیتربەم جۆرە ڕێپێوان کۆتایی پێهات، بەڵام کەسوکاری منداڵان تا دوو مانگی دواتریش هەربەدەم ڕێوە بوون ولە هیلاکەتدا بوون و هیچیشیان بۆ نەکرا وکێشەکە فەرامۆشکرا. دواترلێڵییەکە بە تەواوەتی روون بووەوە سەرانی حزب ڕێککەوتوون لەگەڵ پەکەکە بە بڕێك پارە لە بەرامبەر دەست هەڵگرتنی حزب لە مەسەلەی ئەومنداڵانە، ئیترئەم کەیسە فرۆشراولەبەرامبەرهەندێك پارە وبەهەردوولایان دیزە بەدەرخۆنەیان کرد. ئەم یارییەی سەرانی حزب بۆ ئەو کات یەکەمجاروتازە نەبوو بەڵکو چەند بارە ببووەوە، بە تایبەت لەگەڵ یەکێتی چەندان جار دووبارە بووە، چوونکە هەمیشە لەڕێی دروستکردنی فشارێکەوە یەکێتی وحکومەتی هەرێمیان ناچاردەکرد هەندێ ویستی حزب ڕەچاوبکەن یان بودجەکە زیاد بکەن، هەرلە ڕێی ئەم یارییەوە حزب توانی لە ماوەی ساڵێکدا بودجە لە ٥٠ هەزاردینارەوە بگەیەنێتە ٢٠٠ هەزاردینار.

**ئالا: ئێرانییەکان و عەرەبە عێراقییەکان چییان دەکرد لە حزبەکەتاندا و ڕۆڵ وئەرکیان چی بوو؟.**

ستیڤان شەمزینی: ئێرانییەکان جگە لەوەی لەسەر حیسابی ئێمە دەژیان و دەپارێزران، هەمیشە هەموو بڕیارێك لە کۆتادا لای ئەوان بوو، ئێرانییەکان

سەرەڕای ئەوەی خۆیان بەسەر حزبدا سەپاندبوو هەرگیز رێزیان لە خانە خۆیەکەیان نەدەگرت و دەیانووت: عێراقییەکان بێ فەرهەنگن، ئەوان داوایان دەکرد ئێمە خەباتێکی نێونەتەوەیی بکەین کەچی خۆیان ئێرانچێتیيان دەکرد، ئێرانییەکان سەرەتانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوون، ئەگەر ئەوان نەبوونایە هیچ کات حزبەکەمان ئەوها گەندەڵ و پەڕاوێز نەدەبوو، هەرچی عەرەبەکانە دووبەش بوون: یەکەمیان بەشێکی کەم بوون لە ئاستی سەرکردایەتی حزبدا بوون هەروەك ئەندامانی رابەری کورد بیریان دەکردەوە و مامەڵەیان دەکرد، بەڵام بەشی دووەمیان کە زۆرینە بوون ئەو عەرەبە لێقەوماو و بێ جێگە و رێگایانە بوون روویان لە کوردستان کردبوو، زۆربەی زۆریان حزبیان کردبوو بە ئوتێل بەلاش، ئەگینا یەك زەرە باوەڕیان بە مارکسیزم نەبوو، هەندێکیان دەچوون بۆ حوسەینییە و لەوێ شینی حەسەن و حوسەینیان دەکرد و دوایی دەهاتنەوە لە بارەگا پاسەوانییان لە سەرکردەکانی حزب دەکرد!!.

نوکتەیەکم بیر دەکەوێتەوە جارێك لەگەڵ هاوڕێیەکم چووینە ژوورێکی چەکدارەکانەوە لە کۆمیتەی سلێمانی هەموو ئەو چەکدارانەی لەوێ بوون عەرەبەکان بوون، گوێمان لێبوو پێدەکەنین، وتمان چییە خێر، بەچی پێدەکەنن؟ وتیان بە گریندایزەر پێدەکەنین! دوایی تێگەیشتم بە مارکس دەڵێن گریندایزەر، چوونکە لەو ژوورەی ئەوانی تێدابوون وێنەیەکی گەورەی کارل مارکس هەڵواسرابوو. لە هەموو روویەکەوە عەرەبەکان گوناه بوون چوونکە زیاتر لە کۆیلە دەچوون، برسێتی و بێکاریی وەهای لێکردبوون هەموو شتێك قبووڵ بکەن، بەڵام دوای ئەوەی یەکێك لە ئەندامە کوردەکان بە ناوی (هێمن) پەلاماری چەند ئەندامێکی دا و لە نێویاندا یەکێك لە عەرەبەکانی بە ناوی (عەمار) کوشت و چەند ئەندامێکی تریشی بریندار کرد کە لەسەر مەسەلەی خۆشەویستی و کچێکی ئەندامی حزب بوو، ئیدی عەرەبەکان هەستیان کرد مانگی هەنگوینیان تەواو بووە، بۆیە لێشاوی هاتنی عەرەبەکان بۆ نێو ریزەکانی

حزب رووی لە کزیی کرد و کۆتایی پێهات.

**ئاڵا: دەڵێن کاتی خۆی هویهاتان لە ژنان دەکرد یان ژنانی نیوە رووتتان دەنارد بۆ بازاڕەکان تا هویهایان لێبکەن و دوایی بیخەنە ئەستۆی ئیسلامییەکانەوە ، ئایا ئەمە راستە یان نا؟.**

ستیڤان شەمزینی: زۆرراستە و درۆیەکی تیا نییە، زۆرجارهەبووە ئافرەتانمان ناردووە بۆ بازاڕتا هویهایان لێ بکەن و دوایی ئێمەش بە رادیۆ و بەیاننامە و راگەیاندن ئیسلامییەکان دابگرینەوە وەك تاوانباری ئەو کردەیە، من یەك نموونەت بۆ دەهێنمەوە: لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن کۆمیتەی محەلی سلێمانی پلانێك دانرا تا چەند ئەندامێکی خۆمان بە جلوبەرگێکی تەسك و رووتەوە بنێرینە بازاڕتا هویهایان لێبکەن، خۆ ئەگەرکەس نەبوو خۆمان هویهایان لێبکەین، ئەم پلانە لەلایەن (بەهنام محەمەد- ئەکرەم مەخفی) سەرپەرشتی دەکرا و منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی بەشداربووم لەو پلانە، بۆ ئەو کارە رۆژی ١٩٩٩\٨\٣١ هەڵبژێردرا، دروست لە پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژەدا دوو کچە ئەندامی خۆمان بە ناوەکانی (دیمەن عەلی– کەژاڵ) بە جلوبەرگێکی تەسك و رووتەوە ناردە ناو بازاڕ. سەرەتای ئەم نمایشە لە بازاڕی ئەسحابەسپی شاری سلێمانی دەستیپێکرد، بەڵام تا گەیشتنە شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ جگە لە سەیرکردنیان کەسێك نەبوو هویهایان لێبکات، ئێمەش وەك چاودێر بە پەرش و بڵاویی بەدوایانەوە بووین، وابزانم ١٢-١٥ کەس بووین، ناچار چوونکە هیچ کەس نەبوو توانجیان لێبدات برادەرێکی خۆمان بەناوی (ئاوارە مەجید) دەستیکرد بە هویهاکردن و هەر خۆیشی پەلاماری گەنجێکی ریشداری دا و بە شەق و بۆکز وەك ئەوەی لە فیلمەکانی هۆلیۆددا دەبینرێت کەوتە وێزەی ئەو گەنجە قوڕ بەسەرە بەبێ ئەوەی بزانێت چی بووە و لەبەرچی وەها تێیبەربووە، چوونکە لەو ناوە هەندێ کتێبخانەی ئیسلامی هەبوو بەردەوام گەنجی ئیسلامی لەو دەوروبەرە هەبوون، ئەوەبوو پەلاماری سێ چوار گەنجی ترماندا بە شەڕە

دەست بەرەنگاریان بووینەوە، بیرم چوو ئەوەش بڵێم ئەوتیمەی ئێمە پێکهاتبوو لەوانەی وەرزشەوان یان بەهێزو ئازابوون لە شەڕکردندا، دوای ئەوە پۆلیس هاتن و رۆژنامەی کوردستانی نوێ دوای کەمێك هاتنە ئەوێ، هەموو شتەکان لە دژی ئێمەبوون چوونکە چۆنێتی پرۆسەکە سەلماندی ئەوکردەیە عەفەویی نییە بەڵکو پلان بۆ دانراوە.

ئەمە تەنیا نموونەیەکە و نموونەی تریش زۆرە، رەنگێ بوارمان نەبێت بۆ باسکردنیان، ئەگەر دەپرسی ئەم کارەتان بۆ دەکرد؟ لە بەرسڤدا دەڵێم: بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان: ناشرینکردنی رووی ئیسلامییەکان چوونکە ئەوان لەپێشتردا کاری وەهایان کردبوو، ئێمە ویستمان بە بەڵگەوە نیشانی بدەین ئەوە ئیسلامییەکانن بەوکاری هویها وتوانج گرتن وگەلەکۆمەکییە هەڵدەستن بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی جلی ناباو وتەسك و نیوە رووت دەپۆشن. دووەمیان: بۆ دروستکردنی کەیس بۆ هەندێك لە ئەندامان، هەم بۆ ئەوانەی هویهایان لێدەکرا و هەم ئەوانەی بەشداربوون لە پرۆسە پلان بۆ دانراوەکەدا، چون نابێت لە بیری بکەیت ئێمە ئەوکارانەمان دەکرد بە زەجە هەم لە رۆژنامەکانمان هەم لە رادیۆی سەرتاسەریی حزب، بۆیە زۆرلە ئەندامان کە دەچوونە تورکیا تا خۆیان رادەستی یوئێن بکەن چەند کاسێتێکی رادیۆ و چەند ژمارەیەکی رۆژنامەکانیان هاوپێچ دەکرد وەك بەڵگەی راستی و دروستی کەیسەکەیان. ماوەتەوە بڵێم دوای ئەو رووداوە جگە لە من هەموو ئەوانەی لەو پلانەدا بوون بەوکەیسەوە چوونە دەرەوەی وڵات وتوانیان مافی پەنابەرێتی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئوستراليا و کەنەدا بەدەستبهێنن.

**ئالا: ئایا بەرپرسانی حزبی کۆمۆنیست وەك کادرەکان دەژیان، یان ئەوانیش دەسەڵات و پلەوپایەی خۆیانیان بەکاردەهێنا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی شەخسیی؟.**

ستیڤان شەمزینی: لە پێشتردا کەمێك لەوبارەوە دواین ووەڵامی ئەم

پرسیارەمان داوە، بەڵام ئەوەی دەکرێت لە دێڕێکدا بێژین، بەڵێ سەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیست هەموو دەستکەوتێکیان بۆ خۆیان قۆرخ دەکرد، ئەندامان لە هەموو روویەکەوە شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە بوون، کەچی سەرکردەکانی حزب دوای ئەوەی لەسەر سفرەیەکی شاهانە دەیانخوارد و دەیانخواردەوە دەهاتنە ژێرزەمینەکەی بارەگای کۆمیتەی رابەری بە سەعات خەریکی بلیارد بوون، هەندێکیان کە لە دەرەوەی وڵات گەڕابوونەوە بە ئەندامانیان دەوت ژیان جوانە بڕۆن دڵداریی بکەن و بخۆن و بخۆنەوە، گیتار بژەنن، نابێت وا بێنە بەرچاو وەك ئەوەی خۆڵ و دۆ کرابێت بە سەرتاندا، بەڵام ئەگەر ئەندامێك بیوتبا دە فەرموو با حزب یارمەتیمان بدات، دەیانووت بڕۆن لە شوێنێکی تر لە کەسوکارتان پەیدای بکەن، حزب فەقیرە، راستیان دەکرد حزب تا بڵێی هەژار بوو چوونکە ئەوان دایاندۆشیبوو.

جگە لەمە پێم خۆشە بڵێم سەرکردایەتی هیچ حزبێکم نەبینیوە وەك سەرکردایەتی ئەو حزبە کڵۆڵ و داماوبێ لە یاری سیاسیی و ئیدارە و کارکردندا، یەك دۆڕان بەس بوو بیانگەڕێنێتەوە سەر پلێتە ئەسڵییەکەی خۆیان، بۆ وێنە کەسێکی وەك (خالید ئەمین) ئەندامی کۆمیتەی رابەری و بەرپرسی عەسکەریی بوو، لە ناکاو ماوەیەك دیار نەما، ئیدی ئەو کاتەی من سەفەری دەرەوەی وڵاتم کرد بینیم ئەم رابەرە مەزنە بوو بە قاچاخچی رێگەی یۆنان– ئیتالیا!. مەهزەلەکانی سەرکردایەتی ئەم حزبە زۆرن بەڵام نووسینەوەی مەجالێکی زۆری دەوێت، خۆ ئەگەر بەخت یاوەر بوو تەمەنم گەیشتە هەشتا ساڵ و یادەوەرییەکانی خۆمم نووسییەوە بەر رووداو و بەسەرهاتی وا دەکەویت، لە هۆشی خۆت دەچیت لە پێکەنیندا. نەخۆشییەکی تری ئەو سەرکردایەتییە رۆحی زەعامەت و لووتبەرزیی بوو، هەمانبوو چەند پاسەوانێکی دووی خۆی خستبوو، بە ئەندامانی دەوت من رابەرم، رۆژێك ئەو هاوڕێیە بە بەردەممدا هات و چوار پاسەوانی لەگەڵ بوو، منیش لەبەرخۆمەوە وتم ئەوە ستالین هات چوونکە بە سمێڵ و رەفتار

لاسایی ستالینی دەکردەوە، برای ئەم رابەرە بە تووڕەییەوە وتی: ئەوە رابەری تۆیە چۆن وا دەڵێیت؟ وتم ئەزیزم رابەری تۆ و براکەی تر و دوو خوشکەکەتە، ئەم بنەماڵەیە هەموو خەونیان بە رابەرییەوە دەبینی.

ئەندامان نوکتەیەکیان لەسەر دروست کردبوون دەیانووت ئەگەر کەسیان دەست نەکەوێت ئاوێنەیەك بەرامبەر خۆیان دادەنێن و سوخرانی دەکەن، چوونکە ئەم بنەماڵەیە لە ماڵەوە برایەکیان دیمانەیەکی لەگەڵ برا گەورەکەیدا دەکرد و سبەینێ لە رادیۆ دادەبەزی!، ئەم برا گەورەیە جارێك بە منی وت تۆ رێزی من ناگریت، بەڵام من مادام بەرپرسی محەلی سلێمانیم وەك ئەوە وایە پارێزگاری شاربم، من ئەم لێکرد بە هەڵا و تا ئێستاش پێی دەڵێن محافیز دیارە بە تەوسەوە وای پێدەڵێن. زۆر حەز دەکەم باسی (سامان ئەحمەد)ی ئەندامی کۆمیتە رابەری بکەم جارێك لە بەردەم ٤٠-٥٠ ئەندامی تازە و گەنجدا وتی: من رابەری کرێکاریم، یەکسەر قسەکەیم پێ بڕی و وتم ئەگەر چوار کرێکار بناسیت ئەوە دەڵێم راست دەکەیت ئەگەرنا یەك جاری تر قبووڵی ناکەم گوێم لە قسەی وا بێت. بڕوا بکە سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هەموو شتێکدا لاسایی سەرانی یەکێتی و پارتی و حزبەکانی دیکەیان دەکردەوە و ئیزافەی خراپی خۆشیان دەختە سەری، هەریەکێکیان ستالینێکی چکۆلانە بوو لە جێی خۆیەوە.

**ئاڵا: چەپەکان لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان دەکرد. بەڵام لە نەوەدەکان بە دواوە بەرەو پوکانەوە چوون، چی هۆیەك هەبوو بۆ ئەم گەشەکردنە خێرا و پوکانەوە خێرایە؟.**

ستیڤان شەمزینی: کۆمەڵێك هۆکار هەبوون لە پشت گەشەکردنی چەپەکانەوە، من پێموایە ئەو گەشەکردنە وەك ئەوە نییە تۆ دەستنیشانت کردووە، بەڵکو گەشەکردنی سیحراسای چەپەکان بۆ دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، گرنگترین فاکتۆر بۆ فراوانبوونی

ئەو شەپۆلە سۆسیالیستییە دەگەڕێتەوە لە سۆڤێتەوە سەراپای ناوچەکەی داپۆشیبوو، دەبینین لەپەنجا و شەستەکان و دواتر بەهۆی فەزای کراوەتری سەردەمی کۆماری یەکەم ١٩٥٨-١٩٦٣ حزبی شیوعی عێراق گەشەیەکی خێرا و سەرسوڕهێنەری کرد، تەنانەت تاکو پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول حزبی شیوعی بەهێزترین حزب بوو لە سەراسەری کوردستاندا، دواتر بەهۆی ئەم کاریگەرییە و جۆشدانی شۆڕشی دووەمی کورد (ساڵی١٩٧٥) لەلایەن چەپەکانەوە دیسان چەپ بوژانەوەیەکی باشی بەخۆوە بینی، راستە ماویستەکان لە سەرەتادا زاڵبوون، بەڵام لەگەڵ وەرگەڕانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بە رێبەریی سەرکردەی مەزن و نەمر (کاک ئارام)بەرەو مارکسیزم- لێنینیزم چەپی کوردیی توانی خۆ بگرێت هەرچەندە بە بەراوورد بەپێشان کاریگەرو بەهێز نەبوو، بەڵام لەگەڵ شکستی سۆڤێت و دەست هەڵگرتنی میراتگرانی کۆمەڵە و بچووکبوونەوەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، چەپ رووی لە شکست کرد.

بە مانایەکی تر شکستی سۆڤێت لە هەمان کاتدا شکستی چەپ بوو لە زۆربەی شوێنەکانی تری دنیادا، بەڵام لەگەڵ دەیەی نەوەدەکان و دەسەڵات وەدەستهێنانی پارتە راستڕەوەکانی کورد لە باشووری کوردستان دیسان چەپ رۆڵی بەرەو پوکانەوە چوو، هەرچەندە شوراکانی ١٩٩١ جێگەی ئومێد بوو، بەڵام جگە لە نالەباریی دۆخی سیاسیی و عەینی و بابەتی هەڵەی سەرانی شوراکان کە هەنووکە بەشێکیان سەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارین رۆڵی خۆی هەبوو لە شکستی زیاتری چەپ، بەڵام هەڵە زەق و دیارەکانی هەردوو حزبی شیوعی و کۆمۆنیستی کرێکاریی زیاتر لەوە کاریان کردە سەر لاوازکردنی پێگەی چەپ، چوونکە جیا لەوەی بێ توانابوون لە ئامادەبوونێکی سیاسیی و فیکریی جیددی نەیانتوانی خوێندنەوەی نوێ بۆ دۆخی نوێ پێشکەش بکەن هەروەك چۆن نەیانتوانی ریزی پەرش وبڵاویی خۆیان رێکبخەن، بەپێچەوانەوە مێژووی دوای راپەڕینی چەپ مێژووی لەتبوون و پەرتەوازەبوون و پێکهێنانی مەحفەلە

بچووکەکانە، ئێستا چەپ شکستی هێناوە و لە ئاسۆشدا هیچ تروسکاییەك نابینین ئەو راستییە بسەلمێنێت داهاتوویەکی گەش لەبەردەمدایە بۆ رەوتی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان.

**ئاڵا: ئێستا ماوەیەکی زۆر نییە وازت لە حزبی کۆمۆنیست هێناوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بڕوات بە فەلسەفەی کۆمۆنیزم و مارکسیزم ماوە؟ ئایا چۆن سەیری بیری مارکسییەت دەکەیت؟.**

ستیڤان شەمزینی: راستە من وازم لە حزبی کۆمۆنیست هێناوە و بگرە لەسەریشم نووسیوون، بەڵام ئەو کردارە ئەوە ناگەیەنێت دەستبەرداری بیری کۆمۆنیزم بووبم، بەڵکو ئێستا لە جاران یان لەو کاتانەی لەناو حزبی کۆمۆنیستدا بووم زیاتر باوەڕم بە گەوهەری فەلسەفەی مارکسیزم هەیە و هەمیشەش ئامادەم بۆ ئەوەی لەهەر هەلێکی لەباردا کار بۆ بیروباوەڕە چەپە شۆڕشگێڕە سۆسیالیستییەکەم بکەم، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیی و واقیعی نەك لەسەر بنچینەی سۆز و دڵسۆزیی کوێرانە. مارکسیزم قوتابخانەیەك بوو تێیدا فێری زۆر شت بووم، گەوهەری مارکسیزم رەخنەگرتن و دژایەتیکردنی سیستمی کۆن و داڕزیوە، من لە کۆمۆنیزمەوە فێربووم هەمیشە وەك رەخنەگر و ناڕازی بەرامبەر بەسیستمی باو بمێنمەوە، لە کۆمۆنیزمەوە فێربووم هەمیشە لە تێکۆشین و خەباتدا بم و وراەستی هیچ قەدەرێك نەبم، لە بیری کۆمۆنیزمەوە فێربووم سەرچڵ و یاخی بم، دەتوانم بڵێم هەتا نابەرابەریی و ستەم و هەڵاواردن هەبێت من لە دژیم، هەمیشە لە بەرامبەر هەموو راستێکی باڵادەست هیچ نیم جگە لە چەپێکی شێلگیر.

من وا سەیری مارکسیزم یان کۆمۆنیزم دەکەم فەلسەفەیەکی زانستیی و بیرۆکەیەکی سیاسیی پێشڕەوە، مارکسیزم راستە وەك مۆدیلی سیاسیی یان حکومڕانی شکستی هێناوە، بەڵام بێ دوودڵی هەڵهێنجانە زانستی و فەلسەفییەکانی مارکس نەمرن و هەمیشە بە نەمریی دەمێننەوە. دواجار دەڵێم

وەك ئاینێك سەیری کۆمۆنیزم ناکەم، نە بڕوام بە مۆدیلی کۆمۆنیزمی روسی و ستالین و ماوو کاسترۆ و گیڤارایی و چافێزیی هەیە، نە بڕوا بە تێزەکانی فۆکۆیاما و هاوبیرانی دەکەم، چوونکە هەردوولایان لە رەهاگەرییدا وەك یەکن، یەکەمیان بە ناوی کۆمۆنیزم و حەتمییەتە مێژوویەکەیەوە زۆرترین کارەساتی مرۆیی خولقاند، ئەویتریان بە رەهایی مەرگی بیری کۆمۆنیزم دووپات دەکاتەوە و بە ناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە کۆیلایەتییەکی بێ ئابڕووانە دەباتە پێشەوە. وەك خۆم لەژێر چاویلکەکەی لۆی ئەڵتۆسێرەوە سەیری کۆمۆنیزم دەکەم.

تێبینی: ئەم دیمانەیە لە ژمارە «٦٩»رۆژنامەی «ئاڵا» لە رۆژی ١٨-٧-٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

ئامادەکاری دیمانە: بەرزان عەلی مەجید. سەرنوسەری رۆژنامەی ئاڵا

## پاشکۆی سێیەم
## ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ کورد و شۆڤێنیزم شانازییە بۆ عەرەب

### هەوڵدان بۆ قسەکردن لەمەڕبیرورا ناتەندروستەکانی(حککع)*

ڕەنگە خوێنەر بەم تایتڵەی سەرەوە تووشی شڵەژانێك بێت و پێیوابێت ئەمەی سەرەوە لە واقیعدا تێڕوانینی خودی نووسەر خۆیەتی!. بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ وتارەکەمان هەوڵدانە بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوتێکی ناسیاسیی توندڕەو لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەویش ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە. ئەم هاوڕێیانە هەرلە سەرەتای دروستکردنی حزبە کارتۆنییەکەیانەوە هەتا ئێستا بەشێوەیەکی زۆر چەواشەکارانە کاری سیاسی دەکەن و هەرلە سەرەتاوە دروشمی (ناسیۆنالیزم\ کوردایەتی شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت)یان بەرزکردەوە و بەوپەڕی جیددییەتەوە هەوڵیانداوە بڵێن شتێکی زۆر عەیبە کورد نیشتمانی بێت و خاك و وڵاتی خۆی خۆشبوێت، نەتەوە و (نەتەوەچێتی) کارێکی پڕوپووچە و دەبێت مرۆڤ حیسابی لەبۆ نەکات. ئەمەش ژەهراویترین بیروباوەڕێکە دوژمنانی کورد و کوردستان لەوەتی کورد هەیە هەوڵدەدەن بیکەنە قەناعەتی گشتیی و هزری ئێمەی کوردی پێ چەواشە بکەن.

ئەو ڕەوتە بەبەردەوامیی لە هەوڵێکی پلان بۆ داڕێژراودایە تاوەکو بتوانێت هزر و ئەقڵی نەوەی نوێ بەو باوەڕە بئاخنێت پێڵاوەکانیان بە نیشتمانەکەیانەوە بیانبەستێتەوە، نەوەك ئینتمایەکی قووڵی نیشتمانیی و ڕۆحی دروست بکەن لەگەڵ وڵاتەکەیاندا، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی نەوەیەکی پاسیف و دەستەمۆ بێتە بوون ژێردەستە بێت و هەموو چەوساندنەوە و زۆردارییەکی نەتەوە

سەردەستەکان قەبووڵ بکات و گاڵتەی بە چارەنووسی نەتەوەکەی بێت. ئەم هاوڕێیانە بە رادەیەکی وەها ترسناك دژی کێشەی کورد و کولتووری نەتەوەیی کوردن نەك هەر گاڵتەیان بە مەسەلەی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی مێژوویی سەر ئەم نەتەوەیە دێت، بەڵکو خۆشیان لەوە دەپارێزن ناوی کورد وەك نەتەوەیەك بهێنن، بۆیە بە (کوردزمان) ناوی کورد دەهێنن و بەوپەڕی ئیفتزازەوە دەڕواننە کولتووری رەسەنی کوردەواریی، هەربۆیە ئەگەر بە هاوڕێیەکیان بڵێیت کورتەك و شەرواڵی کوردیی لەبەربکە بەوپەڕی تووڕەییەوە چاوت لێ سوور دەکاتەوە و پێتدەڵێت: کاکی ناسیۆنالیست ئەوەندە کۆنەپەرست نیم ئەو جلکانە لەبەربکەم، من کەسێکی پێشکەوتووخوازم و مۆدێلی پۆشاکی ئەورووپی لەبەردەکەم (تەقەدوم و جلی کوردییان نەوتووە).

کاتێك لە دوای وتارەکەی (مەنسور حیکمەت)ەوە بە ناوی (داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی کوردستان) ئەم هاوڕێیانە بانگەشەی (ریفراندۆم)یان کرد کە کورد لە رێگەی ئەم پرۆسەیەوە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات، خەریکبوو باوەڕبەوە بهێنم لە کەری شەیتان هاتوونەتە خوارەوە و بەهۆش خۆیاندا هاتوونەتەوە، بگرە دەیانەوێت کوردستان لەم دۆخە ناهەموارە دەربازی ببێت. کەچی هەر دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و لە ناوچوونی دەسەڵاتی بەعس (لە نۆی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣) لە عێراقدا و هاتنە مەیدانی بزووتنەوەی بەرەو (ریفراندۆم\ راپرسی) زۆر خراپ بایاندایەوە و سەد و هەشتا پلە بە پێچەوانەوە نەك هەر پشتگیریی و پشتیوانی ئەم پرۆسەیەیان نەکرد بەڵکو بەوپەڕی قین لە دڵییەوە لە بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی کورد وەستانەوە و تەنانەت (سەرکردە) کانیان دژی فیدراڵییەتیش وەستانەوە و شیعاری یەکپارچەیی عێراق بووەتە وێردی سەرزمانیان (عێراقچییەکی فاشیلن و فەرەنجی دوای باران لەبەر دەکەن). ئاخر ئەم برادەرانە ببوورن هاوڕێیانە دەیانووت هەتا سۆسیالیزم لە عێراقدا بەرقەرار و پراکتیزە نەکرێت کێشەی کورد چارەسەر نابێت بۆیە (تەنیا

ڕێگاچارە جیابوونەوەی كوردستانە لە عێراق)، ئەی ئێستا نەك سەربەخۆیی بۆچی فیدراڵییەتیش بە كورد ڕەوا نابینن؟ تۆبڵێی ئەوهاوڕێیانە لە شاری بەغداد دەوڵەتی (سۆسیالیستی)یان ڕاگەیاندبێ و ئێمە ئاگامان لێی نەبێت؟ یان تۆبڵێی سیستانی و (كۆنەپەرستانی ئۆپۆزیسیۆن)ی پێشووی عێراقییان لێ نەبووبێت بە لینین و پلیخانۆف و دەسەڵاتەكەشیان لێ نەگۆڕابێت بە شۆڕشی ئۆكتۆبەریان كۆمۆنەی پاریس؟.

ئەگەر ئەوان لەو كاتەدا بۆ تێكدانی باری ئاسایش و ڕێگەكردنەوە بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتە هەرێمییەكان و لە باربردنی ئەزموونی كوردستان ئەو پڕۆژەیەیان تەرح نەكردبێت، ئیدی بۆچی ئێستا نایەنە پشتی تەرحێكی لەو جۆرەوە؟ خۆ هێشتا كورد هەر لە چوارچێوەی عێراقدایە، ئەو عێراقەی ئەوان دەیانووت هەتا (كۆماری سۆسیالیستی) تێدا ڕانەگەیەنرێت كێشەی نەتەوەیی كوردی تێدا چارەسەرنابێت، خۆ هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە برا عەرەبە دۆستەكانی دوێنێ ببنە دوژمنی سەرسەختی سبەینێمان! سەرەڕای ئەمانەش بەوپەڕی بێ شەرمییەوە كەوتوونەتە داكۆكی لە تاقمی (مجاهیدینی خەڵق)ی كوردكوژ و عەرەبە تەعریبچییەكانی ناو شاری كەركوك و دژی گەڕانەوەیان بۆ شوێنە ڕەسەنەكانیان دەوەستن، ئەم سیاسەتە گڵاوەشیان لەژێرناوی هەستی مرۆڤدۆستییدا پینە دەكەن!، ئاخر ئەمە ویژدانی مرۆڤێكی هیومانیستە بڵێی ئەوەی ماڵی لێ داگیركراوە نابێت بێتەوە سەرماڵ و حاڵی چوونكە دژی مرۆڤدۆستیی و پێشێلی جاڕنامەی گەردوونیی مافەكانی مرۆڤە؟! تۆبڵێی تەرحیلی كوردەكانی شاری كەركووك و نیشتەجێكردنی عەرەب لە جێگەیان مرۆڤدۆستیی تێدا بووبێت؟ ئایا تەرحیل و دەركردنی كورد دژی مافەكانی مرۆڤە یان گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەكان بۆ زێدی خۆیان؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە وەڵامەكەی بۆ ئەوان بەجێدەهێڵم.

ئەم سیاسەتە ساویلەكەیەی ڕەوتی كۆمۆنیزمی كرێكاریی لە عێراق ماستاو

ساردکردنەوە بۆ عەرەبە کۆنە بەعسییەکان و ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکانی عەرەب و کۆکردنەوەیان لە ژێر ناوی جۆراوجۆر و ڕێکخراوی جۆر بە جۆردا بۆ تێکدانی ڕەوشی ئارامیی لە عێراق، هەوڵدانیشە بۆ رازیکردنی ئاغا فارسەکانیان لە(لەندەن- پاریس-ستۆکهۆڵم) کە دوور نییە چەندین ڕێککەوتنی ژێراوژێر و نهێنییان لەگەڵ دەوڵەتانی دوژمنی نەتەوەی کورد هەبێت و ببێت (بۆ نابێت؟). لەسەرێکی ترەوە ئەم ڕەوتە لە هەموو شتێك زیاتر باسی مرۆڤ دەکات (بە وتەی خۆیان ئینسان) سەری زمان و بنی زمانیان هەرباسی مافی مرۆڤە و بنەڕەت بۆ ئەوان مرۆڤە (ئینسان ئەسڵە)، ئێ خۆ کوردیش مرۆڤە و دەبێت بە چاوی هەر ئەو مرۆڤەوە سەیری بکەن لە هەرولاتێکی ترە، ئەگەر هێشتا کوردیان نەخستۆتە ڕیزی مرۆڤەوە با بەراشکاویی بەیانی بکەن (وەك مەسعودی مێژوونووسی عەرەب بڵێن کورد جندۆکە ونەوەی ئەژدیها ودێوودرنجە). لەلایەکی ترەوە ئەم ڕەوتە مرۆڤدۆستە لە بەرامبەر عەرەب و عەرەبچێتی نقەیان لێوە نایەت، ئەگەر سەیری بڵاوکراوە و مەلزەمەکانیان بکەین کە ناویانناوە ڕۆژنامە دەبینین بەشێوەیەکی بەردەوام و دوژمنکارانە هێرش دەکەنە سەرتەواوی پارتە (ناسیۆنالیستە) کوردییەکان و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە مێژوودا، کەچی چاویان نوقاندووە لەوەی عەرەب بە درێژایی مێژوو جینۆساید و قڕکردنی کوردی پیادە کردووە، لەولایشەوە دەیان گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزرانەوە لە کاتێکدا ئەم هاوڕێیانە فرمێسکی تیمساحانە دەڕێژن بۆ مافەکانی مرۆڤ، دوو وشەیان لەو بارەیەوە نەگووت.

سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەم حزبە کارتۆنییە خاوەنی قاموسێکی ئێجگار خەنی و دەوڵەمەندن لە جنێودان و جنێو بەخشینەوە و داتاشینی زاراوەی بێمانادا بۆ دوژمنایەتیکردن لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە جۆرێك هێرش دەهێننە سەر کورد وەك ئەوەی کورد پیاوخۆر بێت و هێشتا گۆشتی مرۆڤ و مردوو بخوات و هەموو ئیتنیك و کەمایەتییەکانی نێو

کوردستانی هاڕبێت و لەناو بردبێت، لە کاتێکدا هەرگیز کورد ستەمی لە کەس نەکردووە و تەنانەت زۆردارترین بەرپرسی سیاسیی کورد ئەگەر گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە هاووڵاتییانی کورد ئەنجام دابێت، هەرگیز بچووکترین مافی تاکێکی ئاشووری یان تورکمانی نەخواردووە (هەرچەندە ئەمە دەرخەری بێگانەپەرستیی کوردیشە) بە پێچەوانەوە ڕێزی زۆریان لێگیراوە. ئاخر لەماوەی ١٣ ساڵی دوای راپەڕینەوە لە کوردستان کێ ستەمی ئەوەی لێکراوە تورکمانە، عەرەبە یان ئاشوورییە؟ تاوەکو ئەم تاقمە سەرلێشێواوە وەك خێو و دڕندە باسی کورد بکەن!!.

ئەگەر راست دەکەن مرۆڤدۆستن بۆچی ناچن بە دەوڵەتی تورکیا بڵێن (ئینسانی) بە و مافی نزیکەی بیست ملیۆن کورد پێشێل مەکە؟ گوندەکان مەڕوخێنە، لەیلا زانا و هاوەڵەکانی لە زیندان ئازاد بکە، ئۆجەلان لە زیندانی تاکە کەسی دوورگەی ئیمراڵی دەربهێنە، رێگە بدە بیست ملیۆن کەس بە زمانی دایکیان بئاخڤن لەگەڵ یەکتردا. بۆچی ناچن بە کۆماری ئیسلامی ئێران بڵێن ئیتر بەسە هەزاران ساڵە کوردستانتان داگیر کردووە و سامانەکەی دەخۆن و پاکتاوی گەلەکەی دەکەن؟ یان بۆچی (قاسملۆ وشەرەفکەندی)تان لە جەرگەی ئەوروپا و ساتەوەختی گفتوگۆدا تیرۆر کرد؟ بۆچی ناچن بە دەوڵەتی سوریا و بەعسەکەی بڵێن کوردەکانی وڵاتەکەتان مرۆڤن و دەیانەوێت وەك مرۆڤێکی هاوچەرخ بژین و مافی نەتەوەیی و کولتووریی خۆیانیان هەیە؟ یان ئێوە (کۆمۆنیزمی کرێکاریی) وەك میکرۆب دەتانەوێت جەستەی ئەم نەتەوە ژێردەستەیە کرمێ بکەن و نەیەڵن بەرەو ئاواتی سەربەخۆیی یەکجارەکی هەنگاو بنێت؟.

هەرچەندە من ناپاڕێمەوە بۆ پارتە کوردییەکان (بەڵکو وەك چەپێکی نیشتمانی بەوپەڕی بوێرییەوە رەخنەم لێگرتوون) بەڵام بۆچی ئێوە هەموویان رەت دەکەنەوە و دەتانەوێت هەموویان لەناوبەرن و پاکتاویان بکەن؟ بۆچی

پرۆژەیەکی گونجاوناخەنە سەرخەرمانی پرۆژەکانی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستاندا؟. بۆچی پێتانوایە ناسیۆنالیزم و بەرگرییکردن لە شوناس و بوون و کولتووری خۆ بۆ کورد شەرمەزارییە و شۆڤێنیزم و گۆڕی بە کۆمەڵ و جینۆساید و کیمیایی بارانکردن بۆ عەرەب شانازییە؟ تکایە بۆمان روون بکەنەوە!! والسلام على من اتبع الهدى.

٢٠٠٤\٣\١

*(حککع) کورتکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارە (١٢)ی رۆژنامەی (زادگە) لە رۆژی ٢٠٠٤\٣\٧ بڵاوبووەتەوە.